# بەدرخان پردی رووناکبیری و رۆژنامەوانی نێوان گەلانی جیهانە




هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی
گشتیی ئازادە
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
"بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٤٣) سێ شەممە،
حوزەیرانی ٢٠١٠/٦/٢٢ زایینی
بەرانبەر بە پووشپەڕی ٢٧١٠ی کوردی
ساڵی دەیەم

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com

بەدرخان
Bedirxan
بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش



## لە قەڵای دێرینەوە بۆ پەیکەری ئازادی

**بەدرخان لە واشنتۆنە**

بەرنامەی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن لە ل٢ بخوێنەوە



د. نیگار حەسیب قەرەداغی لابۆری شانۆی لالشی گەیاندە هەولێر و سلێمانی

## لە لابۆری شانۆی لالشدا دەنگ بەشێوەیەکی زۆر گرنگ و سەرەکی سەرچاوەیە بۆ خولقاندنی جووڵە جەستەییەکان

دوای ئەوەی لەسەر بانگهێشتی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر، خانمە شانۆکاری کورد "نیگار حەسیب قەرەداغی" بە مەبەستی سازکردنی ووٚرک شۆپێکی هونەری دەربارەی لابۆری شانۆی لالش گەڕایەوە کوردستان و بۆ ماوەی ٤ رۆژ لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی دوو ووٚرک شۆپی بۆ خوێندکارانی بەشی شانۆ و هونەرمەندان کردەوە، لە دیدارێکی بەدرخاندا باس لە خاسیەتەکانی لابۆرەکەیان و گرنگی ئەو سەردانەی دەکا...

ل١٠

فەرەح ئەنوەر پاندیس
نوێنەری تایبەت بۆ
کۆمەڵگا موسڵمانانەکان

## موسڵمانان زۆر خۆشحاڵن بەرامبەر سیاسەتی نوێی ئەمریکا دەربارەی کۆمەڵگای ئیسلامی

ل ٨



# کەرکووک و دەوروبەرەکەی، حوکمی مێژوو و ویژدان

## توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەیە لە بارەی دۆزی کورد لە عێراقدا

نووسینی د. کەمال مەزهەر
و: ستار باقی کەریم
پێداچوونەوە: عەبدولڕەحمان مەعروف

شێخ مەحمود، هەروەها سەرکردەکانی هەمەوەند خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بە دوورخستنەوەی عوسمانییەکان لە کەرکووک و بەم بۆنەشەوە نامەی تایبەتیان بۆ ولسن نارد. شێخ مەحمود لە نامەکەیدا وتی:"ئەم سەرکەوتنە خەڵکی کوردستانی خۆسحاڵ کرد" و "بە هاوکاری بەریتانییەکان بەرەو گەشەسەندن دەچن" " وەک ئەوەی شان بەشانی عێراق گەشەی کرد"،شێخ نامەکەی بەم داوایە کۆتایی پێهێنا، " دڵنیاییمان پێبدرێت لەوەی کە جارێکی دیکە لە هەر بارودۆخێک دابێت، ڕێگە نەدرێت دەسەڵاتی تورکی بۆ کوردستان بگەڕێتەوە " (٢٦١).

لەبەر بارودۆخی تایبەتی ئابووری، ڕۆژی ٢٤ی ئایاری ١٩١٨ بەریتانییەکان ناچار بوون لە کەرکووک بکشێنەوە و دەم و دەست عوسمانییەکان گەڕانەوە ناوی. ئەوەشیان کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر بەریتانییەکان لە تەواوی باشووری کوردستان. لەم بارەوە ولسن دەڵێ : "گەر بهاتایە ژەنەراڵ مارشاڵ لە سەرکردەی سوپای بەریتانی "سوپاکەی لە دوزخورماتوو بهێشتبوایەوە یاخود لە کەرکووک مۆڵی بدابوونایە، ئەوە بارودۆخی باشووری کوردستان لەماوەی دوو ساڵی داهاتوو تەواو دەگۆڕا "(٢٦٢).

کاتێ لۆنگریک باس لە هەمان بابەت دەکات، تەواو هاوڕای ولسن دەبێت :"پێشڕەوی کردنی سوپای بەریتانیا لە بەهاری ساڵی ١٩١٨ هیوای ئینگلیزەکانی لە پەیوەندیکردن لەگەڵ باشوری کودستان بەهێز کرد، پێشوازیکردنیش لە سوپاکەی ئینگلیز بۆ کەرکووک بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆی خەڵکەکە و خێڵی هەمەوەندی کوردەوە بوو، بەڵام دەستبەرداربوونی بەریتانییەکان بۆ کەرکووک بووە هۆی ڕوودانی مەرگەسات "(٢٦٣) هەر ڕاستەوخۆ بەر لە کشانەوەشیان لە کەرکووک، ولسن نامەیەک بۆ شێخ ڕەوانە دەکات و تیایدا بارودۆخەکە روون دەکاتەوە و داواشی لێدەکات، کە جڵەوی فەرمانڕەوایەتی لە ناوچەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی، هەر بۆ ئەم مەبەستەش پڕۆژەی خۆی ئامادەکردبوو، بەڵام هەروەکو خۆی جەختی لێدەکاتەوە، زوو گەڕانەوەی عوسمانییەکان بۆ ناوچەکە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی پێنەدا. هەر لەگەڵ گەڕانەوە و داگیرکردنەوەیان بۆ کەرکووک، عوسمانییەکان دەستەیەکیان ڕەوانەی سلێمانی کردو شێخ مەحمودیان دەستگیرکرد (٢٦٤).

بەریتانییەکان جارێکی دیکە و لە ڕۆژی ٢٦ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ کەرکووکیان داگیرکردەوە، بەڵام ئەوجارە لە دوای مێجەر، کابتن نۆئێلیان کردە فەرمانڕەوای سیاسی کەرکووک و دەوروبەری و، ڕۆژی یەکی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ دەستی بەکارەکەی کرد. ئەوەشی کە تایبەت بێت بە نوئێل، لە هەموو بەریتانییەکان پتر هۆگری کورد و کێشە نەتەوەییەکەی بوو، تەنانەت خەریک بوو بەتەواوی ببێتە "لۆرانسی کورد"، ئەم کارەشی بە ئاشکرا لەو ڕاپۆرتە نهێنیانەیدا خۆیان دەردەخست، کە لەم قۆناغەدا بۆ پلە باڵاکانی ئەوکاتەی بەریتانیای بەرزدەکردەوە(٢٦٥).

لە بۆچوونێکیدا سەبارەت بە دامەزراندنی نۆئێڵ، ولسن دەڵێت: من بەمشێوەی خوارەوە ڕێنماییم کرد و پێیم وت: لە ڕۆژی یەکی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ وەک حاکمێکی سیاسی لە ناوچەی کەرکووک دامەزرایت، ئەم ناوچەیەش لە زێی بچووک تا دیالە و، لە باکووری ڕۆژهەڵاتیش تاوەکو سنووری تورکی-ئێرانی درێژ دەبێتەوە(٢٦٦)، بە دڵنیاییەوە ئەوەش مانای ئەوە دەدات، کە کەرکووک و سلێمانی و بەشێکی زۆری هەولێر و دەوروبەری، وەکو یەک یەکەی کارگێڕی ئەژمارکراون، کارێکی لەمشێوەش، پێویست بە جەخت لێکردنەوە ناکات لەوەی، بەریتانییەکان هەرەمەکیانە بڕیارێکی لەمجۆرەیان نەداوە.

لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی، وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، بایەخێکی ڕاستەوخۆ و گرنگیدا بە پرسی کارگێڕی "باشووری کوردستان". کاتژمێر چوار و نیوی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی حەڤدەی نیسانی ساڵی ١٩١٩، لەبارەگای وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە لەندەن، کۆنگرەیەکی بچووکی تایبەت، بە سەرۆکایەتی خودی وەزیری دەرەوە لۆرد کیرزن، ئەنجامدرا، لەم کۆنگرەیەشدا ژمارەیەک لە گەورە بەرپرسانی تایبەت بە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە وەزارەتەکانی دەرەوە، جەنگ، دارایی و هیند ئامادەی بوون، سەرەڕای ئامادەبوونی بریکاری حاکمی مەدەنی بەریتانیا ئارنۆڵد ولسن. لەو ڕاپۆرتە نهێنییە حەوت لاپەڕە گەورەی، کە تایبەت بە کارەکانی ئەم کۆنگرەیە ئامادەکرابوون، زانیاری گرنگی لەبارەی "دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ" تێدابوو، لەو بابەتە گرنگانەش، کە لەم ڕاپۆرتەدا هاتبوون بریتین لە:

"دانیشتوانی ویلایەتی موسڵی کۆن، کە تائێستا هیچ پێشنیازێکی کارگێڕی لەبارەی ئەوانەی لەدەرەوەی (مەبەستی کوردەکانی تورکیایە) ئەم ناوچەیە نیشتەجێن پێشکەش نەکراوە، بە سروشتی خۆیان لە سێ بەش پێکدێن: بەشی یەکەمیان بریتییە لە کوردی ڕەسەنی تەریب لەگەڵ سنوری وڵاتانی فارس و ژمارەیان بە ١٥٠هەزار کەس دەخەمڵێندرێت. کوردانی ئەم ناوچەیەش جیاواز نین لەگەڵ کوردانی وڵاتی فارس، ئەوەی دەکەوێتە ئەمدیو سنوورەوە. بەشی دووەمیان بریتییە لەو لایەنەی بە کفری و کەرکووک و ئاڵتوون کۆپری و هەولێر ڕەتدەبێ، ژمارەشیان لەنێوان ٢٥٠تاوەکو ٣٠٠هەزار کەسێک دەبێت، زۆرینەی دانیشتوانی کوردی ئێرە سەقامگیرن و جگە لە زمانەکەیان نەبێ، ئەگینا لە زۆر دابونەریتیان لە هاوسێکانیان ناچن. بەڵام بەشی سێیەم ئەو دانیشتوانەن، کە لەویلایەتی موسڵ ماونەتەوە و ژمارەشیان لە ١٠٠هەزار کەس تێپەڕناکات،زۆرینەشیان لەعەرەبن، ژمارەی زۆری ئەو (عەرەب)انەش لەوانەن کە بە عەرەب کراون. ژمارەیەکی زۆر کەمی عەرەبە کۆچەرییەکان پشتگوێخران، لە ڕوانگەی سیاسییەوە سێ بەشی ژمارەی دانیشتوانی موسڵ خۆیان لە عەرەب دەبیننەوە، ئەو چارەگەش کە دەمێنێتەوە تێکەڵێکە لە کورد و مەسیحی و ئیدیکە، لەو شارەش چینێکی باڵادەست نییە،لەهەمانکاتدا ژمارەیەکی کەمی خانەوادەی کوردی جێبەجێکار هەن. دەکرا لە کوردستان خودموختاری بێتەکایەوە و موسڵیش بکرێتە پایتەختی. ئەوەیان هەڵوێستی کورد ڕازی دەکات، ڕەنگە ببێتەهۆی پێکهێنانی دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆ و بەهێز، تیایدا کورد لە ڕووی ژمارەوە لە عەرەب پتربن. بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە ئەوەیان لەگەڵ دانیشتوانی موسڵ خۆیان ناگونجێت، کە لەوباوەڕەدابوون بەڕێوەبردنێکی عەرەبی بێتەکایەوە نەوەکو کوردی، ئەوەشیان لەوکاتەوە بەدیار دەکەوێت کە داوایان کرد موسڵ ویلایەتێکی سەربەخۆ بێت (٢٦٧).

لەهەمان ئەو کۆبوونەوەدا، مێژەر نۆئێل لەمیانی ڕاپۆرتەکەیدا ئەو پێشنیازەی خستەڕوو، کە تیایدا داوای کردبوو سلێمانی بکرێتە ناوەندێک بۆئەوەی ویلایەتەکانی "نەهری و ڕەواندوز، ڕەنگە ئاکرێ و هەولێر و کەرکووک و کفری و خانەقین"یشی لە خۆگرتبێت (٢٦٨).

لەدوای کابتن لۆنگریک (٢٦٩)، نۆئێڵ کرایە شوێنگرەوەی فەرمانڕەوای سیاسی لە کەرکووک و دەوروبەری، بۆیە ئەرکی دامەزراندنی دەزگا نوێکانی بەڕێوەبردنی لەم ناوچانە کەوتە ئەستۆ. واقیعی نەتەوەیی کەرکووک خۆی خۆی سەپاندە سەر هەموو ئەو هەنگاوانەی لۆنگریک لەبواری بەڕێوەبردن لەم قۆناغە هەستیارە دەیگرتەبەر، یەکەمین و لەهەموو هەنگاوەکانی گرنگتریش بریتی بوون لە دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی کارگێڕی، کە ئەرکی بریتی بوو لە "یارمەتیدانی فەرمانڕەوای سیاسی بەریتانی ئەم ناوچەیە". ئەم ئەنجوومەنەش لە دوانزە ئەندام پێکدەهاتن، کە بەمشێوەی خوارەوە دابەشکرابوون:

**١- ئەندامێکی مەسیحی. ٢-ئەندامێکی یەهودی.**
**٣-ئەندامێکی عەرەبی. ٤- سێ ئەندام کە نوێنەری تورکمان بوون. ٥-شەش ئەندام کە نوێنەرایەتی کوردیان دەکرد.**

ڕاپۆرتە بەریتانییەکان، درێژەی هەموو ئەو شتانەیان نووسی، کە پەیوەندیدارە بە هەر یەک لەو ئەندامانەی ئەنجومەنی کەرکووک، کە باسکران و بۆ ئەو مەبەستەش بەڵگەنامەیەکی بۆ تەرخانکردن، ئەوەی خوارەوەش پاچڤەکەیەتی:

ئەوەی پێویستە لێرەدا بوترێت ئەوەیە، کە حوسێن ئەلعلی، یەکێکە لەسەرۆک عەشیرەتەبەناوبانگەکانی عوبێد، خۆی و نەوەکانی دوای ئەویش، کە جڵەوی عەشیرەتەکەیان کەوتەدەست، پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵ کوردانی دەڤەرەکە و سەرکردەکانی کوردیش هەبوو، بەتایبەت شێخ مەحمود، کە لەگەڵیدا لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدابوون (٢٧٢).

لەمیانی قۆناغی داگیرکاری بەریتانی، دەتوانین بڵێین کورد و تورکمان تەواوی وەزیفەکانی بەڕێوەبردنی کەرکووک و دەوروبەریان لە ئەستۆدابوو، هەروەکو ئەوەی لەسەردەمی عوسمانییەکان باوبوو، زۆر ڕاپۆرت و بەڵگەنامەی تایبەتی بەریتانی، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە، ڕاشکاوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن. بۆ نموونە لەفەرمانگەکانی شارەوانیدا، بەریتانییەکان زۆر فەرمانبەری کورد و تورکمانی سەردەمی عوسمانییەکانیان خستەکارەوە، فەرمانگەی تایبەتیشیان بە داهاتەکانی کەرکووک و دەوروبەری دامەزراند، ئەو فەرمانگەیەش لەلایەن " فەرمانڕەوای سیاسی لەکەرکووک و جێگرەکەی، لەتەواوی بەشەکانی دیکەوە سەرپەرشتی دەکران، کە ژمارەیەک فەرمانبەری کورد هاوکارییان دەکردن (٢٧٣). ئەوەش لە ڕاپۆرتێکی کارگێڕی بەریتانیدا هاتووە، کە واژۆی ٢٠ ئابی ساڵی ١٩١٩ بەسەرەوە بوو (٢٧٤).

| ژ | ناو | شوێنی دانیشتن | نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی کێ دەکات و...(پیشە) | ناسنامەی کەسی: ڕەگەز | ناسنامەی کەسی: ئایین |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەحمەد خانەقا | کرکوک و گوندی عەلی غایر | پیاوی ئاینی و کشتیارێکی گەورەیە | کورد | سوونە |
| ٢ | ئەحمەد حەمدی فەندی | کەرکووک | پیاوی ئایینی-دادوەر | کورد | سوونە |
| ٣ | مەجید ئەفەندی(٢٧٠) | کەرکووک | لەسەردەمی عوسمانیەکان سەرۆکی شارەوانی بوو، فەرمانبەر و موڵکدار. | کورد | سوونە |
| ٤ | حوسێن بەگ نەوتچی | کەرکووک و گوندی تۆپزاوە | بەرژەوەندیدارێکی ناوخۆییە، بەتایبەت لە "بیرە نەوتییەکان"، مەڵاکێکی بازرگانە و کشتیارە و نوێنەرایەتی ڕۆشنبیران دەکات | تورکمان | سوونە |
| ٥ | حاجی جەمیل بەگ | کەرکووک | بازرگان و کشتیارەو نوێنەرایەتی ڕۆشنبیران دەکات | تورکمان | سوونە |
| ٦ | حسقیل ئەفەندی | کەرکووک | بازرگانە و نوێنەرایەتی تایەفەی یەهودی دەکات | یەهودی | یەهودی |
| ٧ | قستەنتین ئەفەندی | کەرکووک | بازرگان وکشتیارە و نوێنەرایەتی تایەفەی مەسیحییەکان دەکات | کلدانی | مەسیحی |
| ٨ | جەمیل بەگ بابان | کنگربان- کفری | ئەرستۆکراتێکی لۆکاڵییە | کورد | سوونە |
| ٩ | عومەر ئاغا | کفری | مەلاک-کشتیار | کورد | سوونە |
| ١٠ | شێخ حەمید تاڵەبانی | گیل | عەشیرەتی تاڵەبانی، مەڵاکێکی عەشایەرە | کورد | سوونە |
| ١١ | حوسێن ئەلعلی | بیابان | عەرەبێکی نیمچە بەدووە و کشتیاری ناکات | عەرەبی | سوونە |
| ١٢ | ڕەزا بەگ | کەلار، سەر زێی دیالە | کشتیارێکی سەقامگیری جافەکانە | کورد | سوونە (٢٧١) |

**بەشی حەڤدەهەم**



دکتۆر کەمال مەزهەر کاتێ لەناو شۆڕش بەقەڵەمەکەی خەبات دەکات












"کەرکوک و دەوروبەرەکەی، حوکمی مێژوو و ویژدان" بە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی و کوردی

## سوپاس و پێزانین

**لە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو فوئاد عارفەوە بۆ :**

**سەروەری بەڕێز، جەنابی مام جەلال**

بەشداریی دڵسۆزانەو پڕ پەرۆشی پرسەی خوالێخۆشبووی باوکمان بە بروسکە و ناردنی نوێنەری تایبەتیت هاوکاری و خەمخۆری بەردەوامتان بۆی لەسەراپای ژیانیدا، مایەی شانازی و سەبووری و ئارامی ئێمەی نەوە و بنەماڵەی ئەو پیاوەیە، کە هەموو تەمەنی لە خزمەتی نەتەوەو دۆزە ڕەواکەیدا بوو....!

لەخوای گەورە داواکارین ئێوە تەمەندرێژو تەندروست و سەرکەوتوو بکات بۆ هێنانەدی هەموو ئامانجەکانی گەل و نەتەوەکەمان..

**گەورەو بەڕێز، جەنابی کاک مەسعود بارزانی:**

هاوخەمی و بەشداریکردنی دڵسۆزانەتان لە پرسەی خوالێخۆشبووی باوکماندا، بە ناردنی نوێنەرتان و کۆمەک و پشتگیری هەمیشەییتان بۆی لەسەراپای ژیانیدا، کەهەمووی بۆ خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی و بەرگری لە مافە ڕەواکانیدا بوو، مایەی شکۆو سەربەرزی و ئارامی و پێزانینی نەبڕاوەمانە، خوای گەورە ئێوە تەمەندرێژو تەندروست و سەرکەوتوو بکات بۆ هێنانەدی هەموو ئامانجەکانی گەلەکەمان.

**بۆ بەڕێزان: کاک کۆسرەت، د. بەرهەم، کاک نەوشیروان**

پەژارەو بەشداریی خەمخۆرانەتان لە ناشتن و ناردنی پرسەنامەی پڕ سۆزەکانتان لە پرسەی باوکماندا، جێی پێزانین و سوپاسی زۆرمانەو ئارامی و ئاسوودەیی بەخشی بە دڵ و دەروونمان، خوا وێنەتان زۆربکات و تەمەندرێژ و تەندروست و سەرکەوتوو بن لە بەجێهێنانی ئەرکەکانتاندا بۆ هێنانەدی هەموو ئامانجەکانی گەل و نیشتمان.. و سوپاستان دەکەین.

**بۆ بەڕێز د. مەلکۆ محەمەد شوکری**

بە پێویستی و ئەمەکداری و ئەرکی سەرشانمان دەزانین کە سوپاس و پێزانینی بنەماڵەکەمان ئاراستەی بەڕێزتان بکەین سەبارەت بە لەنزیکەوە چاودێری تەندروستی چەند ساڵەی باوکمانەوە، خوا تەمەنتان درێژ بکات.

**بۆ هەموو ئەو حزب و لایەنانەی کە بەشداری پرسەی خوالێخۆشبوویان کرد**

بە پێویستی و ئەمەکداری و ئەرکی سەرشانمان دەزانین کە سوپاس و پێزانینی نەبڕاوەمان بۆ یەکە بەیەکەی هەموو بەرپرسانی حیزب و حکومەت و هەموو کۆمەڵانی خەڵکی بەشەرەفی کوردستان بەگشتی و شاری شکۆداری سلێمانی بەتایبەتی دەرببڕین، کە بەشدارییەکی گەرموگوڕ و بەهیواخوازی و پڕ پەرۆشی فریاکەوتن و چاودێری و سەردان و دیدەنی و بەخاکسپاردن و پرسەی خوالێخۆشبووی باوکمان بوون، داواکارین لە خوای گەورە پاداشتی چاکەو جوامێرییان بداتەوە و لەهەموو کێشەو گرفتێکی ژیان بیانپارێزێت...

**ئیسماعیل و شێرزاد فوئاد عارف**
**لە جیاتی بنەماڵە**
**٢٠١٠/٦/١٦**

# خاڵە سەید کاکە چیایەکی خۆڕاگر و سەرکردەیەکی مەیدانی و نیو سەدە پێشمەرگاتی



## رزگار سەید کاکەڕەش

**دوێنێ کە پێشمەرگە بووم**
**بەگژ هەورە.. تریشقە و بەفر و ڕەهێڵەدا دەچووم**
**هیچ باکم نەبوو...**
**لە شەوی ئەنگوستە چاوا**
**تەل و تەلیسمی دوژمنم شەق دەکرد**
**بەرگەی سەد سەرما و برسیەتی و تفت و تاڵیم دەگرت..!**
**هیچ باکم نەبوو...**
**بەڵێ ! وەکو چیا و کێو خۆم ڕادەگرت**
**هەمیشە وەکو ڕەوەندێکی بێوار**
**بۆ ژوانگەی شوێن و هەتاوێکی نێو قەدی شاخ**
**هەر ڕام دەکرد...**
**نە ڕۆژێ خەیاڵ و ئۆف، نە ساتێ دڵەڕاوکێم دەکرد...؟!**

بە داوای لێ بووردن بۆ خاوەنی ئەم شیعرە کە کەمێک دەستکاریم تیا کردووە...!

زۆرن ئەوانەی هەردەم لە پێناوی ئازادی گەل و نیشتماندا خۆیان دەدەنە دەستی قەدەر و پێشبڕکێ لەگەڵ مەرگ و ژیاندا دەکەن چەندانیان دەبنە قوربانی ڕزگاری گەل و وڵات..... ! شۆڕشگێرانی گەلی کورد لە فیداکاری و جوامێری هەردەم پێشەنگ بوون، لە تێکۆشانێکی بەردەوام تا وەدیهاتنی ئامانجەکان، بۆیە مەیدانەکانی شەڕ و بەرگری لە نیشتیمان شاهیدی چاونەترسی و قارەمانیەتیانن.

منیش بەو ئومێدەم بمتوانیایە لەو چەند دێرە نووسینەیەمدا، هەموو ئەو سیفەتە بەرز و ئەخلاقە شۆڕشگێڕانەی لە خاڵە سەید کاکەوە بە دی دەکرێ بە شانازییەوە بێنمە بەر چاوی خوێنەرانی بەڕێز، کە دەریایەک بیرەوەری لەو مێژووە زیندووەی گەل و حیزبەکان، خاوەنی خەبات و قوربانییەکی زۆرن... بۆیە تەمەنی کەسانێکی نێو شۆڕش پڕە لە ڕووداو و بیرەوەری هەرکامەیان بەشێکن لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان.

دیارە هەموو کەسێک خۆی لە قەرەی ژیاننامە و بیرەوەری و نووسین نادا، بەڵکو خوێنەر زیاتر گەڕان بە دوای کەسایەتییە شۆڕشگێڕ، نەتەوەیی، مێژوویی، سەرکردەی دامەزرێنەر، هەڵکەوت و ناوادار دەکەن ! بۆ گەڕان و سەرچاوە مێژووییەکان زیاتر چێژ لەم جۆرە بیرەوەرییانە وەردەگرێت، بێگومان ئەوەی بیرەوەری و یاداشتی خۆی دەنووسێتەوە هەمیشە هەڵکەوت و شۆڕەسوارە، دەکرێت خوێنەر ژیاننامە و بیرەوەری هەموو کەسێک بخوێنێتەوە، ئەوانەی جەوانن بیرەوەری و یاداشت نووسین هیچ مانایەکیان پێنابەخشێ...!

لە هەر هەرێم و کەنارێکی کوردستانی دابەشکراودا کۆمەڵە مرۆڤێکی خەباتگێر و شۆڕشگێڕ هەن، ئیمڕۆ بە داخەوە لای میدیا و ڕۆژنامە کوردییەکان فەرامۆش کراون، دیارە بە ئەرکی خۆیان نازانن تا بەنەوەی نوێی گەلەکەمان ئاشنابن، هاوکات ئەو مرۆڤانە هەر کامیان خاوەن ڕابردوویەکی خەباتگێڕانەن و دەریایەک بیرەوەری و داستان و زانیاریان لایە و یاخود لە سینگیاندا هەڵگرتووە، بێت و بیاندوێنین و لێیان نزیکبینەوە ئینجا دەتوانین بەدەیان پەرتووک و نووسراویان لە سەر بنووسرێ.

گەر لاپەڕەکانی مێژووی پڕ شکۆی، شۆڕش و خەباتی بزووتنەوەی گەلی کورد هەڵدەینەوە، پڕە لە داستان و سەروەری، تێکۆشان و خەبات، لە سەرەتای شۆڕشەکانەوە تا ئێستاش، ناوی چەندان کەڵە پیاوی قارەمان، مێرخاس و مەردمان دێتە بەر گوێ، بێ ئەوەی خوێندبێتیان، یا دەرچووی هیچ کۆلێژێکی سەربازی و ئەکادیمی بن، لەهەمانکاتدا نەخوێندەواریش بوون. بە بوێری و لێهاتوویی خۆیان لە بەرەنگاربوونەوە و مەیدانەکانی شەڕ سەرکەوتوبوون، هەر بۆیەش بوونەتە پێشەنگ و سیمبوڵ لە کوردستان و شۆڕشەکاندا.

یەکێک لەو کەڵە شۆڕشگێڕانە خاڵە سەید کاکەیە لە ساڵی ١٩٦٠ دا وەک پێشمەرگە و سەرکردەیەکی مەیدانی لە خەباتا بەردەوام بووە و لە ئەرکی فەرماندەیی بەتالیۆن، هێز و سەرلەشکریدا بە سەدان جار سەرپەرشتکاری سەنگەری پێشمەرگە و داستان و شەڕەکانی کردووە، قارەمانانە وەستاوە و هەر بۆیە دوژمن لە پلانی سەربازی حسابێکی وردی بۆ دەکرد، تەنانەت جاش و سیخورەکانیش زۆر کەم خۆیان لە قەراغ شەڕی ئەم قارەمان و سەرکردەیە دەدا، سەید کاکە خۆی لە خۆیدا پشت و پەنا و سەنگ بوو بۆ پێشمەرگە، ئەو هەمیشە بە هیمەتێک خەباتی دەکرد کە هێزێکی گەورە و حەماسێکی جەوهەرانەی دەبەخشی بە هەڤاڵانی وەک ئاوێتە بوونێک لەگەڵ نێوی پێشمەرگە و شۆڕش، ئەتوانین بڵێین :

کەسایەتی وەک ئەمسالی ئەو لەنێو شۆڕش بە چاوێکی پیرۆز و ڕەوا دەخوێندرایەوە ، هەم لە نێو جەماوەر، هەم لە ڕیزی شۆڕشدا، بۆئەوەی نەوەی داهاتوو بزانن چۆن شۆڕشکراوە و چەند قارەمان و تێکۆشەر بۆتە قوربانی گڕو بڵێسەی شۆڕش لە پێناوی نیشتمان و هێنانەدی ئەو دەسکەوتانەی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان.

بەڵام جێی داخە ! بۆ ئەوانەی ئەمڕۆ لە ئاست و شوێنی دەسەڵاتان زۆر بەزەقی بۆ ویستو بەرژەوەندی خۆیان... ئینجا مەحسوبیەتی خزم خزمانێ و دوایش بۆ کوتلەو هێلە تایبەتییەکانی نێو حزب کار دەکەن، ڕۆژانە هەستی هەزاران گەنج، هەژار و منداڵە شەهید، یان پێشمەرگەکانی خاوەن خەبات، زیندانییە سیاسی و خەڵکێکی ستەم لێکراو بریندار دەکرێ، بێ گوێپێدان و لە بەرچاوگرتنی ڕابردووی، لەگەڵ ئەمانەش هەمیشە نێوی پێشمەرگە بۆتە پێناسەو کارنامەی ژیانی کەسانێک. ناکرێ بوێری خاڵە سەید کاکە و خەباتەکەی ون بکرێ و نیو سەدەیە وەک پێشمەرگەو سەرکردەیەک لە سەنگەرەکان بەوپەڕی لە خۆبردوییەوە خەباتی کردووە، دەریایەک بیرەوەری تاڵ و شیرینی هەیە، ئەو شاهیدی دواساتەکانی ژیان و وتەکانی دەیان پێشمەرگەیە لە سەرە مەرگدا، هەر کات باسی شەڕێک دەگێرتەوە بۆمان، باسی قارەمانەتی پێشمەرگەو هەڤاڵانی دەکات، وێنەی زۆر لە شەهیدانی لە بەر چاوە، شوێنی گۆڕ و مەزاری سەدانیانیان دەزانێ لە شاخە بەرزەکان و دێهاتەکانی کوردستان نێژراون، دۆست و هاوڕێی هەرە نیزیکی سەرکردە شەهید سەعدی گچکە، د. خالید، عەلی عەسکەری وخوالێخۆشبوو فارس باوە و عەریف عوسمان... هتدا.

من بەبێ پیا هەڵگوتن دەڵێم : خاڵە سەید کاکە لەو ڕۆژەی دەستی داوەتە چەکی پێشمەرگایەتی لە شۆڕشی ئەیلول و دواییش یەکێک بووە لە مەفرەزە سەرەتایەکانی شۆڕشی نوێ بەحەق پارتیزانێک بوو بە هەموو مانایەک، خاوەن مێژوویەکی پاک و خەباتێکی بێ پسانەوە لە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگایەتیدا، لە هەر دەڤەر و ناوچەیەکی کوردستان کارتی پێناسەی پێشمەرگە بووە، هەم ساڵانێکی دوور و درێژ سەرکردەیەکی ناسراو، هەم چەندین ساڵ لەتەمەنی گەنجی کەسایەتییەکی عەسکەری ناسراو خاون ئەزموون بوو، لە زۆربەی داستان و شەڕە بەناوبانگەکانی دەشتی هەولێر، ناوچەکانی خۆشناوەتی، بەری مەرگە و باڵەکایەتی سەرپەرشتی کردووە و تاکتیک و نەخشەی دیاری هەبووە. بۆیە ناوبانگی سەید کاکە لە شەڕەکان کاریگەرەو ورەبەخشی پێشمەرگەکانی بووە، لە هەمانکاتدا ناوهێنانی ترسێکی گەورەی دەخستە دەروونی چەکدارەکانی ڕژێم و نەیارەکانی کورد. جاران کە سەید کاکە لە سەرکردایەتییەوە دەگەڕاوە ناوچەکانی دەوروبەری دەشتی هەولێر لە زۆر لاوە دەنگۆی ئەوە دەهاتە بەر گوێی کۆمەڵانی خەڵک و پیاوانی ڕژێم بە حسابێکی ورد و ترسێکی گەورە باسیان دەکرد... هەندێک دەیان وت: هەزار هەندێکی تر دەیان وت: سەدان پێشمەرگەی لەگەڵە....هتد!

بۆیە لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دوای داستانی دەشتێو داستانی سماقولی گرتک و سەروچاوە، ڕژێم بە جدی لە دەزگا سەرکوتکەرەکانی ( موخابەراتی عەسکەری و هەواڵگری ئەمنی ) کاری بۆ لەناوبردنی سەید کاکە دەکرد، یا ئەوەتە بەهەر جۆرێک بێت کاریگەری بخاتە سەر خاڵە سەیدکاکە بگەڕێتەوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٧ دا لە گوندی (دووسەرە ) باوک و دایکی خاڵە سەیدکاکەی گرت، بە هەر شێوەیەک بێت نامەیەکیان بە ناوی باوکی نووسی ، تا بڕوات بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام دوای ساڵێک باوکی لە زیندانی بەڕێوبەرایەتی ئەمنی کەرکووک کۆچی کرد، لەوکات خوالێخۆشبوو سەید ئیسماعیل لە سەروی تەمەنی ٩٠ ساڵیدا بوو، لە دوای بیست ڕۆژیش دایکی لەتەمەنی ٨٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، دواتر مامۆستا سەید مەحمودی برای لە زیندانەکاندا تەمەنی بەڕێ دەکرد، دوای ئەوە ڕژێم نەوەستا گەڕانێک بە نێو دۆست و هەڤاڵانی لە شۆڕشی ئەیلول، بۆیە دوانامەی بە مام غەفە ( غەفور ئەحمەد ) نارد لە مانگی ٣/ ١٩٧٧ لە گوندی (مەلەکان) ڕادەستی خاڵە سەید کرا، ئەم هەولانە بێ هودە بوو، بۆیە چەند جارێک بە پیلانی ورد و داڕێژراو خەڵکی بەکرێگیراو ڕەوانی ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی و دەوروبەری دەکرد بە هەر نرخێک بێت تیرۆری بکەن... کەچی لەبەر خۆشەویستی خاڵە سەید کاکە لە نێو پێشمەرگەکان و جەماوەر پیلانەکان سەری نەدەگرت و ئاشکرا دەبوو... بۆیە لێرەدا قسەیەکی فەیلەسوف میکاڤیلی مان بیردێتەوە، دوای زیاتر لە ٤٥٠ ساڵ بەسەر مردنی کە دەڵێت : "گرینگ نییە سەرکردە تا چ ئاستێک خۆشەویستە لای خەڵک، بەڵام گرینگ ئەوەیە دوژمن سڵی لێبکاتەوە و نەتوانێ زەفەری پێ بەرێ و لە ناوی ببات ".

زۆر جار خاڵە سەید کاکە دەیوت : " ڕێکەوتنە سێ قۆڵییەکەی جەزائیر ئەو بەردە گەورەیە بوو کە کێشایان بە سەر جەستەی کورد و شۆڕشەکەی نەک هەر بزمارێک بە تاپوتی کوردا داکوترا، بەڵکو ڕێگا خۆشکردن و پشگیرییەک بوو بۆ ڕژێمی بەعسی لەناوچوو کیمیاباران و زیندەبەچاڵیشی بەدواوە بوو، جەستەی کورد بە پیر و جەوانەوە بە ژن و منداڵەوە لاشەی سور دەکراو دەهاڕدرا". بۆیە کوردبون لەم هەرێمە بە ترسناکترین کارەسات ناو دەبردرا و ڕووبەڕووی دە بۆوە، مەرگ یەکسان بوو بە جەستەی کورد. ئێمە لەگەڵ ئەو مەینەتیەو نەهامەتیانەدا گڵمان دەخوارد، کەچی میللەتان دنیاش لە ژێر چەتری خۆشییەکانی ژیانابوون.

نابێت ئەوەش لە یاد کەین و نەڵێین !کارەساتە خوێناوییەکەی ١ شوباتی ٢٠٠٤ شاری هەولێر، بوو بە هۆکاری مەرگی سەدان ئازیزی ئەم شارە، یەکێک لەم ئازیزانە کاکە شوانی جوانەمەرگ، واتە کوڕە گەورەکەی خاڵە سەید کاکە، کارە تیرۆریستییەکەی لقی دوو و مەڵبەندی سێی هەولێر، لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات ویژدانی هەموو مرۆڤێکی هەژاند و دوور بوو لە هەموو بەهاکانی مرۆڤایەتی و پەیامە ئاسمانییەکان، ڕووڕەشی و شەرمەزاریش بۆ ئەو زۆڵە کوردە نەفس نزمانەی لە هەموو سەردەمێک لە خزمەت شۆڤینزمی عەرەبیدان، دەبن بەهۆکاری چاوساغی و ئاسانکاری بۆ پیپەتییەکانی دورگەی عەرەب، کە دوورن لە ئاین و شارستانییەتێکی مرۆڤایەتی.

بیرەوەری پێشمەرگەیەک، ناوی ئەم پەرتوکەیە کە ژیان و خەباتی سەید کاکە لەخۆدەگرێ ساڵی ١٩٨٩ و لە ٣٣٩ لاپەرە نووسراوە هاتووە، ساڵی ١٩٩٧ چاپی یەکەم کراوە.

هەر بە بڵاوبونەوەی ئەم کتێبە، لە لایەن بەڕێزان کاک قادر عزیز و کاک مەلا بەختیار، کات و نوسینیان بۆ تەرخان کرد، لە ئۆرگانە حزبییەکان وەڵامیان داوە.

خاڵە سەید لە بیرەوەرییەکەی دەڵێ: " لە سەر داوای بەڕێز مام جەلال لە هاوینی ١٩٧٧ بۆ هەشت مانگ مەلا بەختیار لەگەڵ من و شەهید سەعدی گچکە بوو، لە گوندەکانی ناوچەی کۆیێ، ناوی خۆی گۆڕی کردی بە حاجی عەبدوڵڵا....! "

دواتر دەڵێ !"لەو ڕۆژەی قادر عەزیز بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، ئیتر کاری ئەو ژێر کارییەکی ڕێکخستنێکی تایبەت بە خۆی بوو، کادیرە ڕادیکاڵە گەنجەکانی خستبووە ژێر کاریگەری، تاوای لێهات لە زۆر ناوچە و بارەگاکان بە یەکەوە لەگەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگە نەدەگونجان زیاتر بە دژایەتی یەکتر خەریک بوون، تا بڕیاری جیابوونەوەیاندا، ئەمەش بە زەری هەردوولا هاتە ژمار.

**کاک قادر عزیز** : لە ڕۆژنامەی ئالای ئازادی بە لاپەرەیەکی تەواو وەڵامی بیرەوەرییەکەی خاڵە سەید کاکەی نووسی، گوایە وەک پێویست تیرەکانی لە شوێنی خۆی نەداوە.

بەڵام ناکرێ ئەوەش نەڵێین : کاک قادر عزیز بە چاوێکی پڕ لە ڕێز و برا گەورە سەیری خاڵە سەید کاکە دەکات.

**کاکە حەمەی حاجی مەحمود**: لە بەرگی یەکەمی ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک لە لاپەرە ٩٩ دەڵێ : "لە سەرەتای مانگی ٦ ی ساڵی ١٩٧٨ لە داستانی هەکاری بۆ کۆبوونەوە بانگیان کردم، تا ئەو کاتە سەیدکاکەم نەدەناسی، لەو کاتەش سەید کاکە ووتی ! من لەگەڵ ئەوەم دەبێت شەڕ بکەین، کە لەهەموولایەک ئاگر و گوللەباران بوو، بە ڕاستی ئەم هەڵوێستەی خاڵە سەید کاکە پڕ بوو لە ئازایەتی و شەهامەت لەو کاتەدا، لە ناو گۆڵە مەرەزەکانی گوندی ( بازی ) دا بووین کاتێ لە سەر چیاکانەوە بانگیان دەکرد کاک تاهیر و سەید کاکە وەرن تەسلیم بن بە دوای عەلی عەسکەری و د. خالید مەکەون".

سەید کاکە زۆر جار لە دانیشتن وتەکانی دەڵێ !کورد جوانی گوتوە:{ ئەگەر باس و قسەکردن حیکمەت بێ بۆ کەسێک کە مەلایە، بۆ نەزان نەکردنی حیکمەتی بەلایە } هەروەها دەڵێ ! " فارس باوە پیاوێکی شۆڕشگێر و بە حەق پارتیزانێکی قارەمان بوو، جێی داخ و پرسیارە لای هەندێک لەوانەی خاوەن شەهادەن و سیاسەت بۆتە پیشەیان گوایە خەمخۆری گەل و شۆڕشن بەسەردان و دەعوەت لە سەر یەک سفرە نان دەخۆن، دواییش لە نێو ماڵەکەی هاوڕێیانیان دەکوژن، هەندێکیان ئەوەندە دڵ ڕەق و بەقینن لە ڕاستی ڕادەکەن بە زاریان نایێ باسی بنەماڵەی شۆڕشگێڕ فارس باوەی خوالێخۆشبوو بکەن، کە خاوەنی ١٠ شەهیدن و سێ براو مامێک جگە لە دوا شەهیدی شێرە ژن خەجە باوەی خوشکی لە ڕۆژی ڕاپەڕین لە نزیک ئەمنی هەولێر شەهید بوو، ئێستا لە هەولێر قوتانخانەیەکی سەرەتایی بەناوە.. " پاشان دەڵێ ! دوو هۆکار بۆ ئێمە بوو بە زەنگی شەڕی براکوژی، شەهیدکردنی سەرکردە شێرکۆی شێخ عەلی و ئەوی تر بە دیل گرتن و ڕمیکردنی فەرماندە عەولا سوور، ئەو پیاوەی بەڕاوەستان شەڕی دەکرد و دەیوت گوللەی بەعس من نابڕێ.....! هەروەها دەڵێ : بۆیە لای نەوشیروان فرسەت بوو، هەندێک لە ولاشەکانی خۆی لە سلێمانی بێنێ بۆ ناوچەکانی دەشتی هەولێر، لە ١٥ ئەیلول ساڵی١٩٨١ کاغەزێکی بۆ عەولا سووری فەرماندەی هەرێمی ١٤ و جێگرەکەی موحسین بایز بوو، ناردیە و دەڵێ ! " دڵنیابن ئێمە شەڕی هیچ لایەن و کەسێک ناکەین، تەنیا شەڕی سەید کاکە نەبێ ".

**کاک نەوشیروان**: لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ لە لاپەرە ٣٥٣ لە نووسینەکەی دەڵێ : "سەید کاکە پیاوێکی قسە خۆشە و فێڵباز و زیرەک و نەخوێندەوارە.......؟! "

دووبارە نەوشیروان لە بیرەوەی پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، لە لاپەرە ٢١٤ تاکو ٢٢١ زۆر بە چڕی هەڵوەستە لەسەر ناوی سەید کاکە دەکا و دەڵێ : " هەموو فەرماندە ناسراوەکانی یەکێتی دەناسێ، لەگەڵ هەندێکیان دۆست و ناسیاوی بوون، بە هوکی توکی قسەی لەگەڵ هەندێکیان دەکرد، جنێوی پی دەدان و گەفی لێ دەکردن، هیچ کەس لە فەرماندەکانی پێشمەرگە بە ئەندازەی ئەو لە فرو فێڵ و خۆ دەربازکردندا زیرەک نەبوو، لەشکر کێشییەکەی سەید کاکە، لە خۆشناوەتییەوە تاکو گوندی شارستێنی دۆڵی جافەتی لەوێوەش نامەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسی خۆیانی نارد بوو، کە هێزێک بنێرە سەر مامەندە بۆ ئەوەی ئێمە لە شێنێ، زەڵی، ناوزەنگ، توژەلە.. دەربکەن. وتمان (ئەگەر وابڕوا ئەبێ کوردستانی بۆ بەجێ بهێڵین) لە دواییدا نەوشیروان دەڵێ ! نامەیەکم نارد بۆ محەمەدی حاجی عەبدوڵڵا فەرماندی پێشمەرگەکانی بنکەی قەلاتووەکان بوو، ئاگادارم کرد سەیدکاکە لەو ڕێگایەوە دەگەڕێتەوە بۆسەیەکی باشی بۆ بنێنەوە، زۆر بە چاکی بۆیان دامەزرابوون، بەڵام کە سەید کاکە گەیشت بووە نزیکی، بە هەندێ قسە فریوی دابوون، ڕێگەی پێ دابوون بە سەلامەتی تێ بپەڕن".

**مام یاسین گەلاڵی**: خەڵکی گوندی کەردز، جێگری سەید کاکە لە فەرماندەی بەتالیۆنی ١ ی دەشتی هەولێر لە شۆڕشی ئەیلول، لەو لاوەش مامی شەهیدی سەرکردە کاردۆ گەلاڵییە و دەڵێ " کاک سەیدکاکە، پیاوێکی گەورە و شۆڕشگێڕ و قارەمان و مەردە، تابلێی خاوەن ڕابردووەکی پاکە، دواتر یەکێکە لەو شۆڕشگێڕانەی کورد تەواوی تەمەنی گەنجی لە کوردایەتی پێشمەرگاتی بردۆتەسەر، بە حەق پیاوێکی دەست و داوێن پاک و ماندوونەناسە، دۆستایەتی و هاوڕێیەتی من لەگەڵ ئەو بۆ مێژوویەکی کۆن دەگەڕێتەوە و ئەو کاتەی بەیەکەوە پێشمەرگە بووین، بەیەک چاو سەیری گشت پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی دەکرد، لە هەر کێشەیەک نێوان دوو پێشمەرگەش بەردەوام لایەنی حەقی دەگرت و هیچ جیاوازییەک لە نێو سەید و خزمان و کەسێکی تر نەبوو لە ڕۆیشتنمان بۆ شەڕ، خواردن، جلو بەرگ.....هتد ! "

**ئیسماعیل تەها نعێمی**: قائد فەیلەقی یەک لە سەر شەڕی دەشتێو لە نامیلکەکەی ( ئەزموون لە سەرکردایەتیدا) دەڵێ : "سەید کاکە، خەڵکی ناوچەی هەولێرە، دەڵێن : بەرەگەز سەیدە... کە واتە عەرەبە، بەڵام یەکێکە لەسەرکردە شەڕەنگێزەکانی پێشمەرگە، لەڕابردوو ئێستاش زیانێکی زۆری لە دەوڵەت داوە، بەو ئومێدە بووم دەستگیریکەم، بەڵام دواکەتنی فرقەی دووی پارێزگای سلێمانی بوو بە هۆکاری دەرباز بوونی خۆیی و کەمێک لە پاسەوانەکانی لە گۆرەپانی شەڕەکە ی گوندی دەشتێوی ناوچەی قەڵادزێ ". نعێمی بەهاوڕێیەتی عەمید ڕوکن ( حازم برهاوی) سەرکردەی فرقەی کەرتی موسڵ بەیانییەکەی زوو بەکۆپتەر هاتە شارۆچکەی دوکان و لەوێ بەهاوڕێیەتی (ئەرشەد زێباری) پارێزگاری ئەوسای سلێمانی بە کۆپتەر هاتوونەتە قەڵادزێ و ڕاستەوخۆ لەگەڵ عەمید ڕوکن (لوتفی دەباغ ) سەرکردەی فرقەی دوو، سەرپەرشتی شەڕەکە و ڕووبە ڕووبونەوە کە بوون، دواییش ئامادەبون تا بە خاک سپاردنی تەرمی پێشمەرگەکان.

**هەڵۆ بەرزنجی نووسەر** : لەم کورتە نووسینەدا باس لە کەسایەتییەک دەکرێ بە پانتایی نیو سەدە لە مەیدانی تێکۆشانی کوردایەتی هەوراز و نشێوی بست بە بستی کوردستان بەسەر دەکاتەوە... چەند لایەنێک لە ژیانی ڕۆڵە و سەرکردەیەکمان دەخاتە بەرچاو، کە مێژووی قارەمانێتی تۆمارکراوی جێی شانازی کوردایەتییە... سەید کاکە واتە ژیان و بەرگری و کوردایەتی پاک و بێگەرد و سەربازێکی وناوی ڕێی خەباتی سەختی بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد.. سەیدکاکە نە بە وشە و نە بەپیاداهەڵدان و نە بە سروود چڕین گەورە دەبێت، ئێمە دەبێت ڕۆژانی سەختی خەباتی ٥٠ ساڵی ڕابردووی کوردستانی داگیرکراو و مێژووی تاڵی سەردەمی شەڕی کوردکوژی و چرکاساتەکانی تەبایی و ئاشتی ڕۆژ بە ڕۆژی کوردستان بهێنینەوە بەرچاوی خۆمان، ئەوجا لە پیرۆزی تێکۆشانی سەید کاکە بە دروستی دەگەین. خاڵە سەید کاکە بەهەموو پێناسەکانی فەرهەنگی خەباتی و کوردایەتی شۆڕشگێڕێکی بێنیازی دڵسۆز و فیداکاری مەسەلەی ڕەوای نەتەوایەتی، لەو ساتەوەختەی چەکی شەرەفی کوردایەتی دەکاتە شانی وەک پێشمەرگە و سەرکردەیەک بێ پسان و یەکبینە خۆشترین ساتەکانی ژیانی تەرخانی خزمەت بە کورد دەکات و بەچەندین شەهید بەردەبازی ڕێی سەربەخۆیی دەنەخشێنێت... ئەو پەیکەرەی بۆ سەبازی ون لە کوردستاندا دەکرێت دەبێت چەند سیما و خەسڵەتی سەید کاکە لە خۆیدا نەخش بکات...... !

**خالید ئەحمەد ئاسنگەر**: یەکێکە لە نووسەر و ڕووناکبیرەکانی قەڵادزی، ئێستا لە وڵاتی هۆڵەندایە، دەڵێ : " داستانی دەشتێو پاڵەوانەکانی زۆر دیار و مەزنن، لای خەڵکی دەڤەری پشدەر سەید کاکە خاوەن ڕیز و خۆشەویستییەکی زۆرە، لە ڕۆژی شەڕەکە خەڵکی قەڵادزێ لە هەموو سوچێکەوە سەیری شەڕە کە یان دەکرد کزە یان لە جگەرەوە دەهات، منیش لە مزگەوتی خانە قاوە بە رامبە ر بە شەڕی دەشتێو هەنیسکم دەخواردە و سە یری تە یارە شە ڕکەرەکانی ڕژێمم دە کرد، چۆن چوار چوارو پێنج پێنج شە ڕیان لە گە ڵ ئە و قارە مانانە دەکرد. هە ندێک لە کۆپتەرەکان بارهەڵگربوون بریندار و کوژراوی بۆ کەرکوک و خەستەخانە سەربازییەکان دەگوازتەوە، خاڵە سە ید کاکە یەکێک بوو خۆی لە فەرماندەی پێشمەرگەکان لە شەڕەکەدا بە موعجیزە دەرباز بوو، دواتر تە رمی شە هیدەکان لە سە ر گۆڕستانی قەڵادزێ نێژران."

مایتەوە بڵێین : ئێستە خاڵە سەید کاکە وەک ئەندام پەرلەمان لە خولی دووەم خانەنشین کراوە، دوورە لە گشت کارێکی سیاسی و حزبی بە هیوای ساغ و سەلامەتی و تەندروستییەکی باش بۆ خاڵە سەید کاکە و بنەماڵە بەڕێزەکەی، کە هەمووەدەم لە تەواوی ساڵە سەختەکاندا فەرماندە و سەرکردەی جێی شانازی پێشمەرگە بووە.



یاسین گەلاڵی و خاڵە سەید کاکە



## مرۆ (١٢٩)

**حەمید بەدرخان**

# بەدرخان لە واشنتۆن DC

لە بەرنامەی کاری حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان نووسراوە کە لە ٢٩-٢٠١٠/٦/٣٠ بە دروشمی "لە کوردستانەوە بۆ ئەمریکا.. دروستکردنی پردی ڕووناکبیری لە نێوان کوردو ئەمریکییەکان" لە واشنتۆن دی سی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان سازدەکات.

هەموو جارو هەموو ساڵ و لە هەموو بۆنەکاندا گوتوومانە مەبەست لە سازدانی ئەو فێستیڤاڵانە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان تەنیاو تەنیا وەکو پردێکی ڕووناکبیری و کلتووری نێوان دوو گەلە، بەتایبەتی گەلێک کە ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاتر لە (٤٠) ملیۆن کەس دەبێ.

لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تاکۆ ئەمڕۆ بەهەموو جۆرێک و ئامرازێک لەنێوبراوەو بەهەموو جۆرە چەکێک تاقیکراوەتەوەو بەهەموو سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی بە (گازی کیمیایی، ئەنفال...) لەنێوببرێت و جینۆساید بکرێت.

کاتێ ئێمەی نووسەران و ڕووناکبیران و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان، کە دەبینین گەلی کورد ئەو هەموو زوڵمەی دەرهەق کراوە، ئاخۆ دەبێ ئێمەی ڕووناکبیران و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان بێ دەنگ بین لە بەرامبەر ئەو جەبەڕووتە زۆرەی ناحەزان و دوژمنانی کورد، کە هەرچەندە بێهێزبن، بەڵام بۆ گیانی میللەتی کوردی ژیاندۆست کە هەردەم ئاشتی هەڵبژاردووە بەهێزن.

بۆیە ئەمجارەیان وەکو جارانی پێشتر پەیامی ئێمە پەیامی ڕاستگۆیانەیەو دوور لە موزایەدەکردن بە شتە پیرۆزەکان، پەیامێکە هەروەکو گوتوویانە (ئاشتی هیوای گەلانە) ئەمەیان ناونیشانی پێشانگای خۆشنووسانی کوردستانە لە حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن.

ناکرێ ماندووبوونی د. کەمال مەزهەرو سینەم خان بەدرخان و د. سەروەر عەبدوڵلاو د. ئازاد حەمە شەریف و د. ئیسماعیل قەرەداغی لەبیربکرێ، کە هەردەم ویستویانە فێستیڤاڵەکانی بەدرخان باڵا ببێ و لەگەڵ ئەو هەموو موعاناتانەی کە دەزگای بەدرخان هەیەتی سەبارەت بە مینحەی مانگانەکەی کە تەنیا ٢ ملیۆن دینارەو مانگانەکانی (ئادارو نیسان و ئایارو حوزەیرانی ٢٠١٠)ی وەرنەگرتووە.

ئەمساڵ جیا لە ساڵان، بە بەرنامەیەکی تۆکمەی دەزگای بەدرخان و بەهاوبەشی و هاوکاری میوانان بەشداری لەو یادە دەکەن.

ناکرێ ڕۆڵ و ماندووبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبیر بکرێ بەتایبەتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم کە زۆر کارئاسانییان بۆ وەفدەکە کردو لە خەمی پلیت بڕینیان بێ خەم کردین.

لێرەداو هەر لە مینبەری بەدرخاندا، دەمەوێ سوپاسی قوباد تاڵەبانی و فەلاح مستەفاو سەفیرو قونسوڵی ئەمریکی بکەین سەبارەت بە کارئاسانییان بۆ دابینکردنی ڤیزا بۆ میوانەکان.

ناشکرێ ڕۆڵی جوامێرانەی کاک نەجاتی عەبدوڵلا لە بەشی ڕووناکبیری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن لەبیر بکەین، کە هەردەم لەخەمی سازدانی ئەم فێستیڤاڵەدابوو.

فێستیڤاڵی پیرۆز خەرمان بەرەکەت، پاش فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن بڕیارە هەشتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە پاریس ئەنجام بدرێت.

## کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی

# مێژوویێک لە خەباتی نەتەوەیی و چیایەک لە خۆڕاگری



**لوقمان بەرزنجی - ئەڵمانیا**
lokman57@hotmail.de

ماوەیەکە خەڵکانێکی ترسنۆک لە پەنای کەسانێکی سێبەر. قەڵەمی بێ وێژدانیان داتاشیوە دوور لە هەموو ئادابێکی گشتی و نەریتی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی شۆڕشگێڕانە کەوتوونەتە نووسینی جۆراوجۆرو بوختان هەڵبەستن بۆ ئەم و ئەو. لە هەمووخەڵکێک دەدوێن بەس ناوی مامۆستاکانی خۆیان ناهێنن. ئەوانەی لە سێبەردا وەک ڕۆبۆت دەیان جولێنن و هێندێک جاریش خودی تاکەکانی سێبەریش خۆیان لە ژێر ناوی خوازراو هێندێک هەواڵی بێ بنەما دەهۆننەوە، بۆئەوەی یاری بە عەقڵی خەڵکە سادەکان بکەن کەبەدەهۆڵی نووسینەکانیان لە ماڵپەڕە جیاجیاکاندا هەڵخەڵەتاون وەکو(گۆدۆ) چاوەڕوانیان دەکەن، ئەوەندەش کاڵفامن نازانن بەر لەوان ساڵانێکە خەڵکانێک چاوەڕوانی مەهدی مونتەزەر دەکەن، کەچی بە ملیۆنان چوونە ژێرگڵ و مەهدی هەرنەهات، ئێمە دەزانین لە هەموو سەردەم و زەمانێک خەڵک دەخەڵەتێ بە قسەو وشەی بریقەدار، بەڵام سەیرە خەڵکانێک هەر لەو عەقڵیەتەدان، کە ئەوەی لە مامۆستاکانیانەوە دەردەچێ بێشک هەمووی یەقینە و شکی تێدا نییە، ئەوەش هۆکاربووە کە تاوەکو ئێستاش ئەو جۆرە کاڵفامانە بە قسەی بێ بنەماو دوور لە ڕاستی باوەڕبکەن و گوناهی دەستەکانی سێبەریش ئەوەیە چاک دەزانن بەو کارەیان چەندجار خزمەتی دوژمنانی گەلەکەمان دەکەن و تاچەند خەڵک لە بزاڤ و بیری لەنەتەوایەتی دوور دەخەنەوەو هەستی شۆڕشگێڕیان دەخەسێنن بەتایبەتی لەو قۆناغە چارەنووسسازەی ئەمڕۆی نەتەوەکەمان. ماوەی پتر لە مانگێکە هەڵمەتێکی ڕاگەیاندنی بێ بنەماو ترسنۆکانەی ناحەزانی یەکێتی بەگشتی و سەرکردایەتی یەکێتی بەتایبەتی و لە نێو سەرکردایەتیشدا کەسایەتی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بووەتە ئامانجی بەشێک لەو هەڵمەتە ڕاگەیاندنە پڕوپووچ و بێ بنەمایە. ئامانجیش لەو هەڵمەتەدا دیارە و زانراویشە کە لە کوێوە سەرچاوەدەگرێ و کێ لە پشت ئەو هەڵمەتە ترسنۆکانەیە. ئەو قەڵەمە لەرزۆکە ترسنۆکانە دەبزوێنێ. لە کاتێکدا ئەو قسانەیان بەرگەی پفی یەک سپڕای ڕاستی ناگرن، ئەوانەی خاوەنی ئەو جۆرە نووسینە لەرزۆکانەن، خۆیان جورئەتی ئەوەناکەن یەک وشە بەناوی ڕاستی خۆیان بنووسن. کەسێک سڵ لە نووسینی ناوی خۆی بکاتەوە، دەبێت جوامێری ئازایەتی ئەو کەسە لە کوێدابێت. وەک وەڵامێکی وێژدانی و موخاتەبەکردنی عەقڵی ئەو کاڵفامانەی، کە بەو درۆو دەلەسانە خەڵەتاون، لێرەدا دەمەوێ پرۆفایلێکی خێرا لە مێژووی کەسایەتی کاک کۆسرەت بخەمە ڕوو وەک وەڵامێک و وەک وەفایەک کەدوێنێ ئەو بەخوێنی خۆی و بەچەک دیفاعی لە کەرامەتی ئێمە دەکرد و منیش وەک کەسێک کە ماوەی پتر لە ٤٥ ساڵە ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەو زاتە هەیە، وەک وەفایەکیش منیش بە قەڵەم بەرپەرچی ناحەزان و درۆو دەلەسەکانیان دەدەمەوە، کە بووختان و ناحەقی بەو جوامێرەی گەلەکەمان دەکەن. وەڵامێک بۆ ئەو هەموو موسەیلەمەو خەواریجانەی ماڵپەڕەکانی ئەنتەرنێتیان کردۆتە مینبەری درۆکردن. وەڵامێک بۆ ئەوەی کەمێک بە وێژدانیان دابچنەوەو وازلەو ئەتوارە ناشیرینە بهێنن و چاوێک بە فەسلەجەی عەقڵی مرۆڤایەتی خۆیاندابخشێننەوە و وردبوونەوەیەک لەسەر ڕاستییەکان بکەن. بەوڕاستیانەش ناحەزانی ئەو کەڵە مێردە ڕیسوا ببن. هەرچەندە هوشیاری و هەستکردن بوونێکی ئەوتۆی نییە لە ڕووی مادییەوە بەقەد ئەوەی ئەو لایەنە عەقڵییە شتێکە زیاتر بەئیحساسەوە پەیوەستە، لەبەر ئەوە هیچ هێزێک نییە بتوانێ بەئاسانی لە نهێنییەکانی ئەو فەلسەفەیە تێبگات لەوانەیە



کاک کۆسرەت لەکاتی پێشمەرگایەتیدا

تاڕادەیەکی کەم بتوانرێ شیکارێکی سەرەتایی لەو مەسەلەیە بکرێ، بەڵام هەرگیز ناکرێ تێگەیشتنی سەد لە سەدی بۆ بکرێ، عەقڵ و هوشیاری و هەستکردن بە پێی تەمەنی مرۆڤ لە قۆناغە جیاجیاکاندا گۆڕانکاری بەسەردادێت و بەشێوەیەکی حسی درک بە بەهرەو تواناکانی مرۆڤ دەکرێ. سەرچاوە زانیارییەکان لەو بوارەدا ئاماژە بەوەدەکەن، کە کەسایەتییە بەهرەدارەکان لە تەمەنێکی زوو جۆرێک لە کاریزما بۆخۆیان دروست دەکەن و ئەو کاریزمایەش دەبێتەمایەی ئەوەی ئەو جۆرەکەسایەتیانە جۆرێک لە خۆشەویستی و ڕێزی خەڵک بۆ خۆیان ڕابکێشن، زۆر جاریش ئەو ڕێزو خۆشەویستیەی ئەو کەسە کارێزمایانە لای کەسانێکی ناحەزو دووڕوو دەبێتە مایەی حەسادەت، مێژوو شایەدحاڵی دەیان کەسایەتی لەو جۆرەیە، لە دیرۆکی کوردانیش کەسانی زۆرمان هەن لەو تەرحە کەسایەتیانەی دەکرێ بەشانازییەوە باسیان بکەین، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بەڵگەیەکی زیندووی ئەو ڕاستییەیە، ئەوانەی لە نزیکەوە ئەو کەسایەتییە وڵاتپارێزەیان ناسیوە، زۆر چاک لە ناوەڕۆکی ئەو نووسینە دەگەن، لە کۆتایی ساڵانی شەستەکانەوە "کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی"م لە نزیکەوە ناسیوە بەپێی تەمەن و قۆناغەکانی ئەو ناسینەم هەمیشە وەک کەسایەتییەکی خۆشەویست و بەڕێز و نەتەوەپەرست ناسیومە، هەمیشە لەگەڵ چوارینە جوانەکەی مرۆڤایەتی عەقیدە + فیکر + بیری نەتەوەیی + ڕاستگۆ بووە لە ئادای ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان. ئەم کەسە جوامێرە لەتەمەنێکی زوو بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕووی کردە شارو لەماوەیەکی زۆر کەم لە ژیانی شار ئاشنایەتی لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی شاری هەولێر پەیداکرد، وەک کەسێکی خۆشەویست لەلایەن کۆمەڵی هەولێر ڕێزێکی تایبەتی لێگیرا، لەتەک ئەو کاریزمایەی کە لەشار لەو ماوە کورتەدا پەیدایکرد لەتەمەنێکی زۆر هەرزەکار خزایە نێو کۆڕی خەبات و لە ماوەیەکی زۆر کورت توانی ببێتە یەکێک لەسەرکردە ناسراوەکانی بزاڤی خوێندکاران و ئەندامێکی کاراو لێهاتوو لە خەباتی لاوان و خوێندکاران لە کۆتایی شەستەکان. لەبەر لێهاتوویی شیاوی خۆی لەسەرەتای حەفتاکان وەک کادیرێکی لێهاتوو و خوێندکارێکی بەتوانا بە بڕیاری سەرکردایەتی کورد ڕەوانەی ئەورووپاکرا و لەوێ درێژەی بەخوێندن دا لەو ساتانەی کە لەدەرەوەش بوو دڵی هەر لەکوردستان و لای هەڤاڵانی بوو، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە لەدوای کۆتایی هێنانی بەو ماوە خوێندنەی لەدەرەوە، بە پەلە گەیشتەوە کوردستان و جارێکی دیکە گەرم و گوورتر گەڕایەوە نێو کۆڕی خەبات و بۆ وەبیرخستنەوە، بەشێک لەو کەسانەی لەگەڵ کاک کۆسرەت ڕەوانەی دەرەوە کران نەگەڕانەوە تاوەکو ئێستاش هەر لە ئەورووپا ژیان دەکەن، بەڵام ئەو مرۆڤە باوەڕ بەخۆو خاوەن مەبدەئە لەو باوەڕەدابوو ئەو توانایەی لەگەنج دایە دەبێت بە هەموو شێوەیەک هەوڵبدرێ ئەوتوانایە وەک بورکان بتەقێندرێتەوە، هەر لەو ڕاونگەیەشەوە بینمان ئەو کەڵە مێردە لەدوای نسکۆ چ ڕۆڵێکی جوامێرانەی بینی لە خەباتی نەتەوەییمان و لە شۆڕشی تازەی گەلەکەمان. پیاوێک ئازا، جەستەیەک پڕ لە عەقڵی سیاسی و شۆڕشگێڕی، قارەمانێکی مەیدانی لەهەردوو گۆڕەپانی شارو شاخ، چیایەک لە خۆڕاگری لە ڕۆژە هەرە سەختەکان لە کۆتایی حەفتاکان کاک کۆسرەت هەموو هەوڵەکانی لەگەڵ خەڵکی ڕووناکبیرو هونەرمەندو خەڵکی خوێندەوار ئەوەبوو، کە دەبێت ئەو چین و توێژانە ڕۆڵی خۆیان ببینن لە هوشیارکردنەوەی خەڵک بۆ پتەوکردنی ئەو پەیوەندییانە، ئەو جوامێرە بەشداری خۆشی و ناخۆشی هەموو چین توێژەکانی خەڵکی هەولێرو دەوروبەری دەکرد، وەک کەسێکی خۆشەویست ڕێزی لێدەگیرا. دەبێت ئەوەش بڵێین کە خۆشەویستی کاک کۆسرەت وای لە بەشێک لە خەڵکی خوداپێداو و دەوڵەمەندەکانی هەولێرکردبوو، کە لە ڕۆژە سەختەکان کۆمەک بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن. لە ماوەی خەباتی شار کاک کۆسرەت دووچاری گرتن و ئەشکەنجەدان هات، بەڵام زۆر خۆڕاگرانە توانی زۆر بوێرانە ڕووبەڕووی جەلادەکانی ببێتەوە. لە ژیانی کۆمەلایەتیش کاک کۆسرەت پیاوێکی تابلێی جێگەی متمانەی خەڵک بووە لەتەمەنێکی زۆر کورت پیاوی مەسرەتی بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمڕۆش لە نێوەندە کۆمەڵایەتییەکان جێگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە. لەدوای ڕاپەڕین بارەگای تایبەت و مەڵبەندی ٣ و ماڵەکەی و تاوەکو ئەمڕۆش بەردەوام وەک باوەشێکی گەرم شوێنی هاووڵاتیانە بۆ چارەرسەرکردنی کێشەکانیان.جاران ئەگەر قەوارەی کارو ناسیاوی تەنیا لە سنووری هەولێرو دەوروبەربوو ئەمڕۆ سەدلەسەد زێدەبووە و لەسەرتاسەری کوردستان لە هەر چوارپارچەی کوردستان و عێراق وەک سەرکردەیەک و کاریزمایەک و سیمبۆلێکی شۆڕشگێڕی تەماشا دەکرێ. هەڵبەت خەباتی شاخیش بۆ خەڵکی بەویژدان دەهێڵمەوە، کە بە وێژدانەوە جوانییەکانی ئەو مرۆڤە ئەرشیف بکەن لە ڕووی عەسکەری و سیاسی و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و دەست و زمان و داوێن پاکی و ئەو جگەرگۆشانەی ئەو پیاوە جوامێرە، کە لە تەمەنێکی منداڵییەوە بوونە قوربانی گەلەکەمان.



کاک کۆسرەت لەناو پێشمەرگەکانیدا

# مەدالیای ئیفتیخار و شۆڕەسوارانی هەولێر



**بزەی هاتێ گووتی،**
**روونـاکە ئاسـۆم**
**وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم**
**ئەوە پەت نییە "مێدالی ئیفتیخارە"**
**کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم**
**کەتۆ تۆرای لە چاوان وەک خەوی من**
**لەبسکت رەشترە مانگە شەوی من**
**برۆمەجنوون بەلەیلاکەی خۆت مەنازە**
**کەناوبانگی پتر رۆی ئەوی من**

**ئا: عەبدولوەهاب شێخانی**

مەقسود باداوەیی: بە ئەسڵ خەڵکی گوندی باداوەی نزیک هەولێرە، کە ئێستا گەڕەکێکە لەشاری هەولێر هەر لە گەنجایەتیش ناحەقی و ناڕەوایی قبوڵ نەدەکرد، هەردەم دژی ناحەقی بووەو بەگژ چەوسێنەران داهاتۆتەوە، بۆیە لە ساڵی "١٩٦٣" پەیوەندی یە شۆڕشەوە دەکات، بەڵام پێش ئەوەی بچێتە ناو شۆڕش لەگەڵ برادەرەکانی لەناو شار چالاکی پێشمەرگایەتی ئەنجام دەدا بەشەو دەهاتنەوە ماڵەوە لە باداوەی، بۆ بەیانیش دەچوونە سەرکاری خۆیان بەبێ ئەوەی کەس بزانێ، کە چالاکییان ئەنجام داوە. بەبێ ئەوەی کەس پێیان بڵێ و هەر خۆیان ناحەقیان قبوڵ نەکردووە. لەلایەکی تر کە ناوی دەشتی هەولێرو هێزی دەشتی هەولێر بهێنین نابێ ناوی مەقسود باداوەیی و کاکل باداوەیی باس نەکرێ، چونکە رۆڵی کاریگەریان لەناوچەکەدا هەبووە هەروەها ئەوانەی کە لەگەڵ مەقسود باداوەیی چالاکیان لەناوشار ئەنجام دەدا ئەو گیان لەسەر دەستانەبوون: کاکل باداوەیی ئامۆزای، کە لە ساڵی ١٩٦٥ لە شەڕی سەفین شەهید بوو. هەروەها "عەبدولرەزاق خاتووناوەیی" حەسەن قازی و عەوڵا قازی و ئەو بەڕێزانە بەبێ ئەوەی پێشمەرگە بن دەچوونە چالاکی.

هەروەها "سابیر نەبی" زۆر ئازاو بەجەرگ بوو فارس باوە ساڵی "١٩٦٣" چووە دەرەوە لەگەڵ "کاکل باداوەیی" لە کۆتایی ساڵی"١٩٦٣"هاوڕێی مام مەقسود چووە دەرەوە.

ساڵی ١٩٦٣ "فارس باوە" لە دەشتی هەولێر پەلێکی هەبوو، "مەحمود عەدۆ" ئەوکاتی جێگری فارس باوە بوو، کاکل باداوەیی سەرپەرشتی جەماعەتەکەی خۆی دەکرد ئەوانەی لەگەڵی بوون: ١- مەقسود باداوەیی ٢- ئەبوزێد برایم باداوەیی ٣- مام جەبار تەها باداوەیی ٤- ونس برای مام فارس باوەی ٥- فاریق برای فارس باوەی ٦- قاسم باوە برای فارس باوەی ٧- کەریم سەعید ٨- رەسوول حەمەدعەلی. بوون، دوای ئەوەی کە "کاکل باداوەیی" لە شەڕی سەفین شەهید بوو، بووە مشت و مڕ بۆ بوونە سەرپەل، ئەوکات "سەرپەلی" پەلەکە خۆیان سەرپەلیان بۆ خۆیان هەڵدەبژارد. سەرکردایەتی دیاری نەدەکرد. دوای ئەوەی هاتنەوە دۆڵە دەمانچەی گوتمانە مام مەقسود، کە دەبێ تۆ ببیە سەرپەلمان، بەڵام مام مەقسود قبوڵی نەدەکرد دەیگوت چۆن من دەچمە جێگای شەهید کاکل ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تر بەشێک لە پەلەکەی ئێمە حەزیان دەکرد لەوان یەکێک ببێتە سەرپەل، گوتمان باشە دەیکەینە دەنگدان کامە لامان دەنگمان زیاتر هێنا با ئەو ببێتە سەرپەل. دەنگمان دا "١٢" بە "١٢" دەرچووین واتە بەرامبەر یەک دەرچووین. دوای ئەوە گوتیان پێشمەرگەیەک ماوە ناوی "عەزە شەلە" با ئەویش بێ دەنگی خۆی بدات هێنایان و دەنگی دا بەرامبەرەکەمان کاک عەریف ئەبوزێد بوو بە سەرپەل و ئێمە لێی کشاینەوە جەماعەتەکەی "مام مەقسود" مام مەقسود یان کردە سەرپەل. هاتینە گوندی "بیرەجنە" لە نزیک بیستانە. لە "بیرەجنە" مام فارس هاتەلامان لەگەڵ "عەلی تەکتریۆف" بوو، پێمان راگەیاند کە لەوانەیە دوژمن هێرشی بێنێتە سەرتان تکایە ئاگاداربن ئێستا کە باس دەکەین ساڵی "١٩٦٥" ئەوکاتی ئێمە چەکی پێشکەوتوومان نەبوو. ئەو چەکانەی هەمانبوو بریتی بوون لە "١- ئینگلیزی ٢- جانبێزار ٣- کەنەدی ٤- تاک تاک برنۆ".



مام مەقسوود باداوەیی

مام فارس باوە "١٥" دیناری وەک یارمەتی داینێ عەلی حوسێن "تەکتریۆف" گووتی رەشاشەکی برێنی رەقەم سێمان هەیە دەتاندەمێ. بارگینەکمان هەبوو بۆ کاری پێویست بەکارمان دەهێنا.

دوای ئەوە دوژمن هێرشی هێنا بۆ سەر گوندی "هەرەجە" ئێمە هەریەکە دوو خەریتە فیشەک زیاترمان پێ نەبوو. کات بەهارەو چووینە سەرگەرووی "گیرە رەشی" کەوتۆتە نێوان دەشتی کۆیێ و دەشتی هەولێرێ. کاتێک گوێمان لە گرەگرِی دەبابە بوو، پێخەفمان لوول داو شۆڕمان کردەوە لەسەرگردی، چونکە عەیب بوو پێخەف و شتومەکی بارەگا بگیرێ، هێشتا شەو مابوو دوژمن هێرشی کردە سەرمان، دەبابەیەک سەرگرد و سەرگرد دەهات بەرەو رووی ئێمە، لەو کات و ساتەی "واحید قازیفە" هات، کە قازیفەی هەڵدەگرت، بۆیە نازناوی واحید قازیفە بوو، قازیفەی پێ بوو قازیفە لە شێوەی تۆپ بوو، لوولەکی درێژی هەبوو سێ گوللەی پێ بوو. بەڕاستی ئێمە بە دیتنی واحید قازیفە گەشاینەوە، چونکە قازیفە دەوری هەبوو، مام واحید گوتی: دەبێ ئەو دەبابەی بشکێنم چوو هەتا نزیک بۆوە لە دەبابەکەی، قازیفەکی لە دەبابەکە گرت، دەبابەکە هەڵات. دوو قازیفەی بە دەبابەکانی تر وەنا، ئەوانیش هەڵاتن. لەو شەڕەدا دوژمن شکاو هەڵات.لە شەڕی دووەم، کە لە "٩" قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر "بایزاغاو سماقە" لەو شەڕەدا مام مەقسود باداوەیی رۆڵی سەرەکی هەبوو، خۆی و خزمەکانی هەر لە پێشەوە بوو.

دوژمن هەموو مانگ یەک دوو هێرشی دەهێنایە سەرمان، لە هەموو شەڕەکان رژێم بەسەری شکاو دەگەڕایەوە و خەراپ دەشکا، مام مەقسود جگە لەوەی پێشمەرگەیەکی ئازاو نەترس بوو زۆر ئیداری و سیاسیش بوو.

لە ساڵی ١٩٦٧ هێزی دەشتی هەولێر دامەزرا، کە فارس باوە ئامر هێز بوو ئەو هێزە چوار بەتالیۆنی هەبوو، بەتالیۆنەک سەید کاکە سەرپەرشتی دەکرد، بەتالیۆنی دووەم عەریف عوسمان ئامر بەتالیۆن بوو، بەتالیۆنی سێیەم ئەحمەد حاجی عەلی سەرپەرشتی دەکرد، بەتالیۆنی چوارەم سمکۆ عەلی سەرپەرشتی دەکرد.

هەروەها سەرلقەکان مام مەقسود باداوەیی سەر بە لقی بارەگای هێز بوو، سەر بە فارس باوە بوو. لقەکەی ئێمە چوار پەل بوو، عومەر بەکر و رەفیق باداوەیی و عزەدین بیرەباتی و عەباس هادی بوون، نزیکەی "٨٠" پێشمەرگە دەبووین. بارەگامان لە شەرەبۆت بوو، ساڵی "١٩٦٩" لە شەرەبۆت ئێوارەیەک دوو چەکدار لێمان پەیدابوون، دەلینگ فرەیان لەبەر دابوو، گووتمان ئێوە کێن؟ گووتیان: ئێمە جەماعەتی ئەسعەد فەتاحینە کیهان مەقسود باداوەییە، ئێمەش گووتمان ئەو پیاوە هەوە، بە مام مەقسودیان گووت: ئەسعەدی فەتاحی سەڵامت لێ دەکات، سبەینێ حکومەت هێرش دەکاتە سەرتان، بۆ ئاگاداریتان "٢" سندوق فیشەکمان لە فڵانکە شوێن بۆتان بەجێ هێشتووە. ئەوەندی گوتمان نانی بخۆن، گووتیان: دەڕۆین و رۆیشتن.

بۆ بەیانی هەموو سەرگردەکانمان گرت، تەق و تۆق دەستی پێکرد، جەماعەتی ئەسعەدی و ماڵی بایزاغای گەردی بوون، زوو گەڕانەوەوشوێنەکەیان بەجێهێشت، مام مەقسود بە دەست و تفەنگی خۆی گەلێک ئازا بوو، لە شەڕی پیرەری هەموویان هەڵاتن، تەنها لقەکەی ئێمە مابوو هەتا پشتمان لێ گیرابوو، هەر لە شوێنی خۆمان بووین. مام مەقسود زۆر زوو زوو دەهاتە ناوشاری بۆ چالاکی ئەنجامدان، رۆژێک لە شەرەبۆت هاتینە ناو شاری لە نزیک "٦٠"م لای وەزارەتی رۆشنبیری دامەزراین، دیتمان "٣" پێشمەرگە لەناو شار تەنگاو کرابوون.

بە رۆخ ئێمەدا هاتن، مام مەقسود گووتی: دەنگیان مەدەن، چونکە تەقەمان لێ دەکەن، رۆیشتن دیسان گەڕانەوە، لێمان بووە تەقە، یەکێکیان لە ئێمە بریندار کرد و بانگمان کردن و لێک ئاشکرابووین، هەر لە سەری خۆیان دەدا دەیان گووت: ماڵی خۆمان کاول کرد. خەڵکی هەولێرو خەڵکی سەیداوە و سێتاقان زۆر دەوریان هەبوو لە یارمەتیدانی ئێمە، زانیاریان بۆ دەهێنایین بەتایبەتی دۆمەکان.

لەکاتی گەڕانەوەمان لەناوشار لە سێتاقان گازمان دەکرد، لۆبیای گەرم، بۆ ئەوەی خەڵک بێتە دەرەوەو بمان بینێ، دەنا لۆبیای چی و حاڵی چی، بەڵێ خوێنەری خۆشەویستئەمەش بەسەرهاتێکی تری تێکۆشەرێکی هەولێری بوو، کە مەدالیایی رێزو ئیفتیخاری لە گەردەنی بەرزی خۆی و هاوڕێیانی و خزمانی دەکەین کە ئەوانەی لەگەڵی بوون لە شۆڕش و کوردایەتی.

---

ئەحمەد مەحمود باس لە خەباتی شاخ و ژیانی رۆژانی سەختی خەبات دەکا

# ئەحمەد مەحمود: بە سۆزی حزبایەتی چووینەوە باڵی مەکتەبی سیاسی لای مام جەلال

**پێشمەرگەی دێرین و خەباتگێڕی رۆژانی سەختی شاخ، ئەحمەد مەحمود لە دیدارێکی چەند بەشەی بەدرخاندا، باس لە ژیانی پێشمەرگایەتی و شەڕە سەختەکان و رۆژانی زیندان دەکا...**

**ئەحمەد مەحمود لەدایکبووی ساڵی ١٩٤١ی شاری هەولێرەو لە تەمەنی حەڤدەساڵیەوە چۆتە ریزی پارتی.**

**ئا: بەدرخان**

*** هۆکاری چی بوو دوای گەڕانەوەت لە شاخ لەناو شار دەستگیر کرای؟**

- یەکێک کوژرابوو ئێمەیان تۆمەتبار کرد، هەرچەندە ئاگام لێ نەبوو، لەو ماوەیەدا مفاوەزاتی ١٩٦٣ دەستی پێکرد، نزیکەی ٥-٦ مانگ لە بەندیخانە مامەوە.

*** لەو بەندینخانەیە کێت لەگەڵ بوو؟**

- لە بەندینخانەی سەرای هەولێر بووین، ئێمە هەرسێ برا بووین، پێشمەرگەی دیکەشمان لەگەڵ بوو یەکیان یاسین و کێخوا مەحمود و زۆر کەسی دیکەمان لەگەڵ بوو، چونکە لە سەیداوەش خەڵک زۆر دەستگیرکرا.

*** ئێش و ئازارەکانی ناو بەندینخانە چی بوو؟**

- هەرچەندی بڵێی ناو بەندینخانە ناخۆش بوو، جارێکیان جەژن بوو گۆشتیان داینێ هەرهەموومان ئیسحال بووین، لەگەڵ ئەو نەخۆشیەش پێڕانەدەگەیشتین بچینە ئاودەستخانە، بەتانیان دەگرتەوەو تێیان دەکرد، چونکە بۆ ئاودەست و شتی وا ئیزنیان نەدەدای، نازانم لەوە پیستر و ناخۆشتر چی هەیە.

*** ئەی ئەوکات پەیوەندیتان لەگەڵ حزب چی بەسەرهاتبوو؟**

- ئەوکات حزب دەیتوانی هاوکاریمان بکات لەرێگای هەندێک لێدان و شتی وا، لە پاشان بە هەوڵ و هیمەتی حزب ئازادکراین و دیسان چوومەوە شاخ و لای جەماعەتەکەی خۆم لە بێتواتە، بەڵام لە مەسەلە تەنزیمییەکەی گۆڕانکاری بەسەر هاتبوو، محەمەد سدیق بەرپرسی پەلەکەمان بوو، دوایی مەلا حەسەن بنیدیان بووە بەرپرسی پەلەکە، دوایی چووینە هەیبەت سوڵتان، لە هەیبەت سوڵتان سەرباز هات و ئێمە شەڕێکی درێژخایەنمان ئەنجامدا، کە ناسراوە بە شەڕی "هەیبەت سوڵتان" لەوێ حەمید مەولوی قارەمان بە قارەمانیەتی خۆی شەهید کرا، یانی شەهیدێکی زۆرمان دا، بەڵام بەرگرییەکی زۆریشمان کرد، لەوانە ئامرهێزی باڵەک بریندار بوو، جاش و سەربازی زۆریش کوژران، ئیدی لەوێ رۆیشتین و هاتینەوە لای حاجی قەڵاو شیوەشان و ئەو ناوچانە، لەو ناوچەیە ماوەیەکی زۆر ماینەوە، دوایی شەڕی چەمی رێزان دەستی پێکرد.

*** یانی ئێوە دەگەڕان و لە شوێنێک نەدەگیرسانەوە؟**

- نەخێر هەر شوێنێک پێویست بووایە دەچووین، دواتر مفاوەزاتی ١٩٦٤ دەستی پێکرد، ئیدی بووە دووبەرەکی حزب کە مەلایی و باڵی مەکتەبی سیاسی پێدەگوترا.

*** تۆ بەگەڵ کام لایەن کەوتی؟**

- لە سەرەتا ئێمە چووینە بنگردی کە سەر بە مەکتەب سیاسی بوو، کە ئیبراهیم ئەحمەد سەرپەرشتی دەکرد، دوایی مقەدەم عەزیز بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی هات و وتارێکی بۆ خوێندنینەوە، ئێمە گەڕاینەوە و هاتینەوە ناو باڵی مەلایی.

*** هۆکاری چی بوو چوویتە لای باڵی مەلایی؟**

- هەر قسەکانی کە دەیگوت سۆز و خۆشەویستی کوردایەتی وایە، با ئەوان بێنەوە، قسەکانی زۆر بوون، ئیتر ئێمە چووینەوە لە رانیەی مۆڵەتیان داینێ و هەر کەسەو هاتینەوە ماڵی خۆمان، دووبارە بە سۆزی حزبایەتی چووینەوە باڵی مەکتەبی سیاسی لای مام جەلال، تەبعەن ئێمە کۆمەڵێک بووین لەگەڵ کاک عەریف عەلی، بەڵام ئێمە دەمانگوت ئەگەر ئەوانە راست بن بۆچی لای مەلا مستەفای چۆڵ دەکەن، ئەوان کە رۆشنبیرن بۆ لای مەلا مستەفا جێدێڵن، یانی بەردەوام ئەو هەستەمان هەبوو، هەرچەندە بە تەمەن بچووک بووین، پاشان چووینە لای ماوەت، لە ماوەتیش ١١ رۆژ چووینە ئێران.

*** هۆکاری چی بوو چوونە ئێران؟**

- لەگەڵ باڵی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی چووینە ئێران، لەوێ مقەدەم عەزیز نامەیەکی بۆ عەریف عەلی نارد نووسیبووی وەرنەوە، ئێمەش راست هاتینەوە باڵی مەلایی لە رانیە، لە رانیە ئێمەیان گواستەوە بۆ دەشتی هەولێر، عەریف عەلی مەولود بووە سەرۆکمان، چووینە گردەسۆر و قەشقە، لە قەشقەی ماینەوە تەقریبەن لە ١٩٦٥/٥/٩، رەشید سندی ئامیر هێزی سەفین بوو، مانگرتنێکی سەرتاسەری لە کوردستان کرا.

*** لەبەرچی ئەو مانگرتنەتان کرد؟**

- لەبەرئەوەی حکومەتی عێراقی مفاوەزاتەکەی جێبەجێ کرد، ئەو بەڵێنانەی دابووی پاشەکشەی لێکرد، شۆڕشیش لە حزبەوە بڕیاریانداو گوتیان مانگرتنێکی سەرتاسەری لە کوردستان بکەن، ئێمەش کە لق بووین ناردیانین بۆ نێوان هەولێر و پردێ، گوتیان لەوێ خەڵک بگێڕنەوە بەڵام هێزە چەکدارەکان مەگێڕنەوە، ئێمەش چووینە سەر رێگاو کەسێکمان بەبێ چەک نارد، بەخۆشمان پاسەوانیمان دەکرد، گوتمان خەڵکی ئاسایی بگێڕەوە، بەڵام پۆلیس و سەرباز با برۆن، بەڵام لە حزبەوە بە ئێمەیان گوت نابێ تەقە بکەن، چونکە مانگرتنەکە هێمنانەیە، لە هەمان کات چووین و بڕیارەکەمان جێبەجێ کرد.

**لە سەرەتا ئێمە چووینە بنگردی کە سەر بە مەکتەب سیاسی بوو، کە ئیبراهیم ئەحمەد سەرپەرشتی دەکرد، دوایی مقەدەم عەزیز بە نوێنەرایەتی سەرۆک بارزانی هات و وتارێکی بۆ خوێندنینەوە، گەڕاینەوە لای بارزانی**



ئەحمەد مەحموود

**بەشی دووەم**

# شاسوار هەرشەمی لە کۆڵانەکانی تەیراوەوە بۆ شاخ و سوید و لێکۆڵینەوەی مێژوویی

**خالید مەلا ئەحمەدی هەرشەمی، ناسراوە بە "شاسوار هەرشەمی" لە کۆتایی ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٥٩ لە دێی پوونگینە لە دایکبووە، خوێندنی لەو شارە تەواوکردووە و دواتر جیۆلۆجی لە بەغدا و سۆڤیەت خوێندووە، ئەمەش ساڵانێکی پێشمەرگایەتیشی کەوتۆتە نێوانەوە، پاشانیش ڕووی کردۆتە سوید و لە بەشی مێژوو دەخوێنێت، ئێستا مامۆستایە لە یەکێک لە دواناوەندییەکانی ستۆکهۆڵم. لە دیدارێکی بەدرخاندا سەبارەت بە پرسگەلێک و چەندین بابەتی مێژوویی و زمانەوانی و دواندمان...**

## ئا: عەبدورەحمان مەعروف

*** بەو پێیەی بەڕێزت کوڕی گەڕەکی تەیراوەیت، زۆرجار باس لەوە دەکرێت، کە زۆربەی شۆڕشگێڕان و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران کەوتوونەتە ئەم گەڕەکە و گەڕەکی کورانیش هەروەها، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- تەیراوە گەڕەکێکی میللییە، هۆکارەکەشی بە لای منەوە بۆ خودی گەڕەکەکە ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ گەورەیی گەڕەکەکە دەگەڕێتەوە. تەیراوە یەکێکە لە گەڕەکە هەرە گەورەکانی هەولێر. بەمەش خەڵکی زۆری تێدەکەوێت. ئەگەرنا لێرەدا من هۆیەکی تایبەتی نابینم.

*** بەو پێیەی دەرچووی بەشی مێژوو و زمان و بابەتی دیکەیت، چی تۆی بە مێژوو گەیاند؟**

- هەر لە منداڵیەوە حەزم لە مێژوو بووە، حەزم لە خوێندنەوەی سەربوورده و کتێبە مێژووییەکان بووە، جوگرافیا بووە، بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی بە مێژوو گۆڕانە مێژووییەکانی جوگرافیای جیهانەوە بووە، وەکو حەزو ئارەزوو هەمیشە لەگەڵم بووە، کە نەشمتوانی کار لە بواری جیۆلۆجی پەیدا بکەم بەپەلە بەدوای حەزەکەی خۆمدا کەوتم. ئیدی توانیم تێیدا سەرکەوم.

*** لەنێو مێژوودا، خۆت زیاتر بە مێژووی کورد و ساغکردنەوەی مێژووی کۆنی کورد خەریک کردووە، هۆکاری ئەمە چی بووە؟**

- ڕاستییەکەی من هەموو جۆرە بابەتێکی مێژووییم خوێندۆتەوە، حەزم لە خوێندنەوەی بابەتی مێژوویی هەموو نەتەوەیەکە، حەزم لە خوێندنەوەی بابەتی مێژوویی هەموو نەتەوە کیشوەرەکانە، هەر لە شارستانیەتییە کۆنەکانی ئەمریکای خواروو...

*** مەبەستم لە نووسینە؟**

- من بۆ کورد دەنووسم و بە کوردی دەنووسم، لەلایەکی دیکەش مێژووی ئێمە، هێشتا لە هەموو ڕوویێکەوە کەموکوڕی زۆری تێدایە، زۆر بابەت هەیە هەر دەستی لێنەدراوە، ئەمانە هەمووی وای کردووە کەمن بایەخێکی تایبەتی بەو مێژووە بدەم.

خۆی مێژوو بابەتێکی سەرنجڕاکێشە، ڕەنگە بۆ ئەوانەی زۆر لە مێژوو شارەزا نەبن مێژوو بریتی بێت لە جووینەوە و بەدواداچوونەوەی ئەم سەرچاوانەی کە پێشتر نووسراون، بەڵام مێژوو ئەوە نییە! هەموو دەم، هەر کەسێک بوونی سەرچاوەی تازەو بە نەبوونی سەرچاوەی تازە، دەتوانێت لە ڕوانگەو گۆشە نیگای جیا جیای ئەو بابەتە مێژووییانە شتی تازە لە مێژوودا بدۆزێتەوە و داهێنانی تێدا بکات، بۆ نموونە بەلای نووسەرێکی عەرەبەوە کوردبوونی سەلاحەدینی ئەیوبی ئەو بایەخەی نییە، لا بەلا لە وشەیەکی پەراوێزدا ئەو بابەتە دێتە پێشەوە. بەلای ئەوانەوە ڕۆڵی سەلاحەدین لە پاراستنی قودس و ئیسلامدا گرنگە، بەڵام بەلای منەوە، لەڕوانگەیەکی دیکەوە سەیری سەلاحەدین دەکەم، هەر هەمان ئەو سەرچاوانەی پێشووە، بەڵام لە گۆشەنیگای خۆمەوە تێی دەڕوانم هەموو بابەتەکانی دیکەی مێژووش ئاوایە، بۆ نموونە پەیمانی سیڤەر. من ڕەخنەی زۆرم لەسەر نووسەر و مێژوونووسانی کورد ئەوەیە، ئەوان بە هەڵبژاردە سەیری پەیمانی سیڤەریان کردووە، بایەخیان بەو بەندانە داوە، کە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ باسی دۆزی کوردی کردووە، بەڵام خۆ پەیمانەکە پارچە پارچە ناکرێت، هەموو بەیەکەوە جێبەجێ دەکرێت. لەو بەندانەی پەیمانی سیڤەر کوردستان کراوەتە "٩" پارچە، هەندێک پارچە بە میللەتانی دیکە فرۆشراوە، کە لە شەڕدا لەگەڵ هاوپەیمانان بوون، ئەمە کارەساتێکی گەورەبوو بۆ کوردستان، من هەموو بابەتەکان بەیەکەوە سەیر دەکەم، من سەیری نەخشەی پەیمانی سیڤەر دەکەم، ئیتر بەراوردی دەکەم، ئایا ئەو سێ بەندە ئەوە دێنێ بۆی بگرین و یادی بکەینەوە، کاتێک جێبەجێ کرابا ئێمە چیمان بەسەر دەهات؟ ئیدی مێژوو وایە مێژوو تەنیا سەرچاوە نییە. هەمووکات دەتوانیت لە گۆشەنیگای جیا جیاوە لێی بڕوانیت.

**بۆ کورد دەنووسم و بەکوردی دەنووسم، لەلایەکی دیکەش مێژووی ئێمە، هێشتا لە هەموو ڕوویێکەوە کەموکوڕی زۆری تێدایە، زۆر بابەت هەیە هەر دەستی لێنەدراوە**

*** باس لەوە دەکەیت، مێژوو لە دیدگای خۆت دەنووسیتەوە، پێت وانییە هەر ئەوە دەبێتە هۆکار بۆ چەواشەکردنی مێژوو، بەتایبەتی کە مێژووی ئێمەی کورد چەواشە کراوەو زۆرجار ئەو ڕوانینە شەخسیە بەهۆکار دەزانرێ؟**

- ناکرێت بەبێ سەرچاوە مێژوو دابهێنیت، ناکرێت ئەگەر هەر کەسێک مێژوو بنووسێتەوە سەرچاوەی پێویستی لەبەر دەست دانەبێت ئەو مێژووە هەڵەیە و لادانە، بەڵام وەکو گوتم بەبوونی سەرچاوەکانیش دەتوانیت لە گۆشەنیگای زۆر تایبەتییەوە سەیری ڕووداوێکی مێژوویی بکەیت، بێگومان ئەو ڕووداوەی لە گۆشەنیگای تایبەتیەوە سەیری دەکەیت داهێنانی تۆ نییە، ئەو گۆشەنیگایە سەرچاوەی هەیە، بۆ نموونە ئەو بابەتەی من دەمەوێ لە گۆشەنیگای خۆمەوە بینووسم و سەرنجی خەڵکی بۆ ڕابکێشم، لە دەیان سەرچاوە هەیە، بەڵام هەموو کەس ناتوانێت لەو گۆشەنیگایەوە ئەو بابەتە باس بکات و گەشەی پێ بکات و دەری بخات، ئەگینا من ناتوانم مێژوو لە گیرفانی خۆم دەربێنم.

*** هەر لەبواری نووسینی مێژوو، دەستت بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەی سۆمەرییەکانیش درێژ کردووە؟ ئەمە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- ڕاستییەکەی ئەوە بۆ کاری زمانەوانیم دەگەڕێتەوە، من لە پاڵ کاری مێژووییدا خەریکی کاری زمانەوانییم، هەڵبەتە کاری زمانەوانیشم هەر لە ڕوانگەی مێژووییەوەیە، مێژوو هەموو ژیانمی داگیرکردووە، ئیتر زمانیش هەروا دەبینم، زمان بە پرۆسەیەکی مێژوویی دەبینم، لە ڕووی ئیتمۆلۆژییەوە کار لەسەر زمان دەکەم، من کە کارم لەسەر زمانی کورد کرد، سەرنجی ڕاکێشام، کە زمان و فەرهەنگی سۆمەری چ کاریگەرییەکی بەسەر ئێمەی کوردەوە هەبووە. بە هەمان شێوە دوای لێکۆڵینەوەی زۆرم لە ڕوانگەی ئیتمۆلۆژی لە زمانی کوردیدا، بۆم دەرکەوت ناکرێت ئێمە بەسەر سەردەمی پەهلەویدا پازدەین، خۆمان بە سەردەمی ئاوێستاییەوە ببەستینەوە، چونکە ئەگەر زمانی کوردی ئەم کارەی بۆ بکەین، کۆمەڵێک ئەڵقەی دەپچڕێت، لەبەر ئەوە ناچاربووم بایەخ بەم قۆناغە بدەم، بە خەڵکی بڵێم: ئەو مێژووە بەشێکی گرنگی مێژووی ئێمەیە. بێگومان ئەم پرۆژەیەم تەواو بووە، بەڵام هێشتا وەک کتێب چاپم نەکردووە، تەنیا وەک بابەت وناميلكە لە ملاو لەولا بڵاوم کردۆتەوە، ویستوومە بەبیر خەڵکی بێنمەوە، کە مێژووی ساسانییەکان، فەرهەنگی ساسانییەکان بەشێکن لە فەرهەنگ و مێژووی ئێمە، بۆ ئەوەی کە کارە زمانەوانییەکانم کرد بەلای خەڵکییەوە غەریب نەبێت، من بەشێکی زۆری دارشتنی وشە کوردییەکانی ئەم چەرخە دەبەمەوە سەر زمانی ئەخمینی، کە پارسی ناوەڕاستی پێدەڵێن ئینجا بۆ ئاوێستای نوێ دەچێت، دوایی بۆبن خێزانی زمانە ئێرانییەکان و بن خێزانەکانی زمانەکانی دیکەی هیند و ئەوروپییەکان دەچێت، جا ئەو بابەتانە پێویستی بەوە هەیە خوێنەری کوردی لێ هۆشیار بکرێتەوە، ساسانییەکان بە غەریب لە کلتوورو فەرهەنگی خۆمان دانەنێین.

**پرۆفایل**

**یەکەم وتاری لە ساڵی ١٩٨٢ بڵاوکردۆتەوە، لە گۆڤارەکانی "ڕێبازی خوێندکاران، دیاردەی ڕاپەڕینی خوێندکاران، ڕاپەڕین" کاری کردووە.**

**لە چاپکراوەکانی: جگە لە چەندان وتاری ئەدەبی و مێژوویی و سیاسی جۆراوجۆر.**

**١- مێژووی ئارامیەکان لە کوردستان/ سەردەم ١٩٩٩.**

**٢- کارنامەی ئەردەشێری بابکان/ سەردەم ٢٠٠٠.**

**٣- سابیئە مەندائییەکان. مێژوو، ئایین و باوەڕ. سەردەم ٢٠٠٢.**

**٤- چەند زانیارییەکی گشتی دەربارەی زمان/ کوردۆلۆجی.**

**ئەم بەرهەمانەشی لە ژێر چاپن:**

**١- داستانی گلگامێش.**

**٢- تەتەڵە. دەربارەی هەندێ کەموکوڕی و هەڵە لەسەر مێژووی ئەم گەلە.**

**٣- زانستی بەراوردکردنی پێوانەیی لە زمانە هیندۆروپییەکاندا، میتۆدێک بۆ دیاریکردنی بنەچەی زمانی کوردی.**

**٤- فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی زمانی کوردی.**

**بەشی یەکەم**



---

# ململانێی مەزهەبی و کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی "٢٠٠٥" لە عێراقدا "ئەنجومەنی نوێنەران بە نموونە"



**پشکۆ عەلی ساڵح**
pshko ali@yahoo.com

بەهۆی ئەوەی کە گۆڕانەکەش لەناوخۆ سەریهەڵنەدابوو، لە دەرەوەی وڵاتەوە هاتبوو، بۆیە گوزارشتکردن لە نارازی بوون، بە گوتارێکی ئیسلامی نەتەوەیی، کە چەند ئامانجێکی پێکا لەوانە:

ا. فراوانکردنی ئاسۆی گۆڕین، بۆ ئەوەی هەموو وڵات بگرێتەوە.

ب. سەرنجڕاکێشانی ئیسلامییەکان.

ج. گومان خستنە سەر نیشتمانپەروەری هێزەکانی گۆڕەپانی سیاسی و تۆمەتبارکردنیان بەهاوکاری کردنی داگیرکەر.

د. ڕێگەگرتن لە گرووپە سوننیە میانڕەوەکان، کە بەشداری پرۆسەی سیاسی بکەن. دیارە پرۆسەیەکی سیاسی لە ژینگەیەک هانی توندڕەویی بدات و هەلی لەیەک گەیشتن و بەرنامەی کاری سیاسی نیشتمانی کەم بێت و بەرنامەی کاری تائیفی ڕەگەزی زۆر بێت، هاووڵاتیان دەنگ بۆ بەرنامەی نیشتمانی نادەن، بەڵکو کورد، دەنگ بۆ کورد، شیعە، دەنگ بۆ شیعە، سوننە دەنگ بۆ سوننە، دەدات. بەواتای هاووڵاتی دەنگ بەو لیستە دەدات، کە پێی وایە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی ئەو دەکات.

**دووەم: ئاڕاستەی کارکردنی شیعە:**

شیعە بەدرێژایی مێژووی عێراق دژی دەستێوەردان و داگیرکاری بیانی بوون، بەهۆی ئەم هەڵوێستەشیان زیانی زۆریان پێگەیشتووە. لە ساڵی (٢٠٠٣) بە پراکتیکی بەشێک لە شیعەکان ڕووبەڕووی هێزەکانی هاوپەیمانان بوونەوە. بەتایبەت لە ناوچەی (ئوم قەسر) و (ناسریە)، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێم، شیعە بە شێوەیەکی واقیعی مامەڵەیان لەگەلا ئەو بارودۆخە نوێیە کرد. پێیان وابوو شتێکی مەنتیقییە، کە لەسەر بنەمای هەڵگرتنی ستەم لەسەر هەموو پێکهاتەکان، بەشداری دارشتنەوەی دەوڵەتی نوێ بکەن، بۆیە کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکییەکان، کە ڕۆڵی سەرەکییان لە گۆڕەپانی سیاسی نوێدا هەیە، بەڵام سوننە بەپێچەوانەوە، سەرەتای شەڕەکە خۆی بەدەستەوەدا، بەڵام دواتر بە زەبری چەک هەوڵیاندا ڕێگری لە شیعە بکەن، بۆئەوەی نەگەنە مافەکانی خۆیان و لەلایەن شیعەکانیش بەتوندی وەڵامدرانەوە. (بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە-٢-)

دیارە بەو پێیەی شیعە پشتی بە (سێ) کۆڵەکەی سەرەکی بەستووە کە: یەکەمیان، مەرجەعیەتی ئایینی یان سەرکردەی ئایینییە. دووەمیان، هێزە سیاسیی و فیکرییەکان و سومبولی بەرەنگاربوونەوەیە. سێیەمیان، جەماوەرەکەیەتی بە گشتی، بۆیە مەرجەعیەتی شیعە کیانێکی باوەڕی (عقائدی) و ڕێکخستن و فیقهییە، ڕووبەرێکی گرنگ و فراوانی هەیە، کە لە کۆمەڵگای شیعە و بەپەیوەندییەکی پتەو بەیەکیان دەبەستێتەوە. تەنانەت تاکی شیعەی باوەڕدار ناچار دەکات پابەندی ئەحکامە شەرعییەکان بێت، کە لەلایەن موجتەهیدەکانەوە دەردەچێت.

بۆ ئەوەش مەرجەعیەت بڕیاری سیاسی دروست بۆ پاراستنی بەرژەوەندی موسڵمانان بدات. موجتەهید دەبێ چەند خەسڵەتێکی گرنگی تێدابێ لەوانە: (بالغبوون، توانای مێشک، نێرینە، باوەڕدار، یەکسانی)، هەروەها دەبێ خاوەنی هۆشیاری بێ و درک بە ڕووداوەکانی دەوروبەری بکات و هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکانی ناوخۆ و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بکات، کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی میللەتی موسڵمانان هەیە. هەموو ئەو کارە شوڕشگێڕیانەی کە لەلایەن شیعە کراوە، لەلایەن مەرجەعییەتەوە هاتۆتە بوون. مەرجەعیەت بەو پێیەی کە سەرکردەو سەرچاوەی هۆشیارییە، چەندین ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە، لەبواری پێکهێنانی هۆشیاری ئیسلامی، لەڕێگەی دەقی ڕۆشنبیری، کە کاردانەوەی هەبووە بۆ پێویستییەکانی هەموو قۆناغێک. هەورەها بەردەوام بووە لەسەر پارێزگاری کردن لە زانستی ئیسلامی، گرتنەبەری ئەم ڕێبازە لە کارکردن، بووە هۆی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەلا چەندین دەسەڵاتی ستەمکار و دانانی کۆت و بەند لەسەر کاری مەرجەعییەتەکان.

**شیعە بەدرێژایی مێژووی عێراق دژی دەستێوەردان و داگیرکاری بیانی بوون، بەهۆی ئەم هەڵوێستەشیان زیانی زۆریان پێگەیشتووە**

لێرەوە شیعە بە پێودانگی ئایینی گوزارشیان لە ناسنامەی خۆیان کردووە، دوای داگیرکردنی عێراق ڕاستەوخۆ، بابەتی مەزهەبی بەشێوەیکی بەهێز هاتە ئاراوە، بەڵام بەخواستی هەمووان بوو، چونکە پرۆسەی سیاسی بەگشتی پێویستی بە پاڵپشتی مەرجەعییەتە ئایینیەکان هەبوو. تەنانەت ئەوانەی لە پرۆسەی سیاسی عێراق بێ ئومێد بوون، بەرگێکی ئایینیان هەبوو. عەلمانیەکان ڕەخنەیان لە زیادبوونی دەستتێوەردانی مەرجەعیەتی شیعە لە پرۆسەی سیاسی گرت. تەنانەت هەندێ لە سەرکردە سیاسییە عیلمانییەکانیش خۆیان خستە ژێر چەتری تائیفی، بۆ نموونە (ئەحمەد چەلەبی) لە سیاسەتمدارێکی لیبراڵی بۆ پیاوێکی باوەڕداری ئایینی گۆڕا، بۆ ئەوەی پشتگیری پیاوە ئایینیەکان بەدەست بهێنێت.

لیستی ڕەخنەگرانی توێژێک لە سیاسییەکان بوون، کە نوێنەرایەتی ڕەوتە عەلمانییەکانیان دەکرد، کە هەردوو باڵی چەپ و ڕاستی دەگرتەوە. لێرەوە ئەوانەی بەهۆی زیادبوونی هەژموونی (هیمنە) پارتە ئایینییەکان، (الائتلاف العراقي الموحد)یان پێکهێنا، کە توانیان لە چەندین هەڵبژاردنی یەک لەدوای یەک پشتگیرییەکی جەماوەری فراوان بەدەست بێنن، کە بریتی بوو لە (٨٠٪)ی دەنگی شیعەکان. ئەم سەرکەوتنانەش بۆ ڕووپۆشی ئایینی ئەو پارتانە دەگەڕێتەوە، کە بەگشتی پارتە شیعەکان ئەجیندای تائیفییان هەبوو.

کاتێکیش ساڵی (٢٠٠٣)، جوڵەی سیاسی زیادی کرد. ژمارەیەکی بەرچاو ڕێکخستنی سیاسی و دامەزراوەی سیاسی و بەرەیی پەیدابوون، کە بەرنامەیان سەبارەت بە بارودۆخی هەنووکەیی پێشنیاز کرد. شانبەشانی ئەوەش پارتە سیاسییە دێرینەکان و ئەوانەی لە دەرەوە لەکاتی ڕووخانی ڕژێم هاتبوونەوە، چالاکتر بوون. لەڕاستیدا حوسەینییەکان (مزگەوتەکانی شیعە) بەرجەستەکردنی ئازار چەشتنی شیعەن لە ڕابردوودا. بەمەش بووە بابەتێکی بڵاو لەناو کۆمەڵگای شیعەو ئامرازێکی باش و چالاک بۆ کۆکردنەوەی لایەنگر. (موفید ئەلجەزائیری)، کە وەزیری ڕۆشنبیری بوو لە کابینەی (ئەیاد عەلاوی)، وتوویەتی: "سیاسییە شیعەکان، پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی مێژووی چەوسانەوەی شیعە، بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ خۆیان، بۆیە پێویستیان بە چڕکردنەوەی هەستی تائیفی هەیە، بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکان دەنگ بهێنن".

سەرباری ئەوانە نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، کە کێشەیەکی ئەزەلی یاوەری کاروانی مەرجەعییەتی شیعەی کردبێت، ئەوەیە، کە پشت بە تواناو کەسێتی مەرجەع و پێشنیازەکانی و بوونی ئاسۆی فراوان و بارودۆخ و کەسانی دەوروبەری بەستووە، بۆیە لەگۆڕەپانی پارتە شیعەکان، پارتی جۆراو جۆر، ڕاست و چەپ، ئیسلامی و عیلمانی چالاک بوون، بەڵام ئەوەی ڕوونە بەردەوامی هەژموونی پارت و بزووتنەوەو ڕەوتە دێرینەکانی، کە خاوەنی ڕەسیدێکی مێژوویین، مەرجەعییەت ڕۆڵی هەبووە لە بڕوا پێهێنانیان. ئەم هاوپەیمانیەتە لەکاتی پێکهێنانی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی (کۆمەڵەی نیشتمانی گواستنەوە) لە (٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥)، (١٦) پارت بوو. (٤٨٪)ی دەنگەکان، کە دەکاتە (١٤٠)کورسی، بەدەستهێنا. بەمەش (ئیبراهیم جەعفەری) توانی دوای وتووێژو دانوستانێکی زۆر، حکومەت پێکبهێنێت، بەڵام هاوپەیمانییەتەکە ڕووبەڕووی چەندین کێشە و دابەشبوون بۆوە. بەشێک پاشەکشەیان کرد، بەشێکی تر چوونە ناو هاوپەیمانییەتی تازەوە. لە (٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥)، (عەبدولعەزیز ئەلحەکیم) سەرۆکی هاوپەیمانییەتەکە نوێکردنەوەی هاوپەیمانی نێوان کیانەکان و ڕێگەدان بە هاتنە ناوەوەی کیانی تری نوێی ڕاگەیاند، بەمەش ژمارەیان گەیشتە (١٧) کیانی سیاسی، کە(ڕەوتی سەدر)ی بە سەرۆکایەتی (موقتەدا سەدر) لە ناویاندا بوو. لەگەڵ مانەوەی بەرنامەی هاوپەیمانییەتیەکە بێ گۆڕانکاری، چەند لایەنێکی ناو هاوپەیمانییەتییەکە دژی ئەو بیرۆکەیە بوون، کە بکرێت بە پارتێکی سیاسی. هەرچەندە هاوپەیمانییەتییەکە دیارترین کیانی سەرەکی شیعەیە، تا ئەو ڕادەیەی نەیارەکانی بە تاکە نوێنەری شیعەی دادەنێن. هەر لەسەرەتاوە لە هاوپەیمانییەتییەکە کێشەی کەسایەتییەکانیان هەبووە، کێشەی زۆرینەو کەمینە نییە، بەڵکو لە بنیاتنانی کەسایەتییەکان، وەدەرخستنیان وەک ڕووکاری بانگەشەی هەڵبژاردن.

**بەشی حەوتەم**

فەرەح ئەنوەر پاندیس نوێنەری تایبەت بۆ کۆمەڵگا موسڵمانانەکان

# موسڵمانان زۆر خۆشحاڵن بەرامبەر سیاسەتی نوێی ئەمریکا دەربارەی کۆمەڵگای ئیسلامی

**دوای ئەوەی فەرەح ئەنوەر پاندیس بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە هەرێمی کوردستان و لە کوردستان لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان کۆبۆوەو هەر لەو سەردانەدا ئامانجی سەردانەکەی و حکومەتی ئەمریکای دەربارەی کارکردنی لەگەڵ دنیای موسڵمانان روونکردەوە.**

**ئا: هەژار سدیق**

**خۆشحاڵە کە لە کوردستانەو سەرۆکی ئەمریکا لە یەکەم وتاری خۆیدا قسەی بۆ موسڵمانان کردووە**

لە دەسپێکی قسەکانیداو هەڵوێستی ئۆباما بەرامبەر کۆمەڵگای موسڵمانان وتی:" زۆر خۆشحاڵم کە لە کوردستان ئامادەم، وەکو دەزانن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پابەندبوون و بەرپرسیاریەتی خۆی دەربڕیوە، کە هەماهەنگی و تێکەڵاوی لەگەڵ کۆمەڵگای ئیسلامی لەسەرتاسەری جیهان دروست بکات، هەروەک لە یەکەم وتاری خۆیدا کە دەسەڵاتی گرتەدەست بەشێوەیەکی راستەوخۆ قسەی بۆ کۆمەڵگای موسڵمانان کرد، هەروەها قسەی لەسەر ئەوە کرد کە ئارەزوویێکی زۆری هەیە تا سەرەتایەکی نوێ لەگەڵ کۆمەڵگای ئیسلامی دەست پێبکات.

فەرەح درێژە بەو ئامانجەی ئۆباما دەداو دەڵێ: چەند مانگێک دوای ئەم وتارە گرنگە دووبارە لە تورکیا قسەی کردەوەو دووپاتیکردەوە کە حەزو ئارەزوویێکی زۆری هەیە بۆ دیالۆگ لەگەڵ کۆمەڵگای ئیسلامی، ساڵێک بەر لە ئێستا لە قاهیرە وتارێکی دیکەی خوێندەوە لە وتارەکەیدا دیدگای خۆی و ئەمریکای بۆ تێکەڵاوبوون و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵگای ئیسلامی و وڵاتانی ئیسلامی دەربڕی، ئەم تێڕوانین و دیدگایە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی و ڕێزگرتنی هاوبەش دروست بووە، چەند مانگێک دوای ئەوە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هیلاری کلینتۆن ئۆفیسێکی دامەزراند کە تایبەتە بە مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ کۆمەڵگاو وڵاتانی ئیسلامی، وەزیری دەرەوە داوای ئەوەی لێکردم کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ تێکەڵاوی و پەیوەندی دروست بکەم لەگەڵ هاوڵاتیانی کۆمەڵگای ئیسلامی لەسەر هەموو ئاستەکان. وتارەکەی سەرۆک ئۆباما لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و ڕێزی هاوبەشە، کەواتە من کارێکی باش و خۆشم هەیە.

**بەنیازە لەگەڵ موسڵمانانی هەموو جیهان کۆببێتەوە**

نوێنەری تایبەتی کۆمەڵگا موسڵمانەکانی ئەمریکا لە درێژەی ئەو دیدارەو گرنگیدان بە دۆستایەتی موسڵمانەکان دەڵێ: بەنیازم لەگەڵ هەموو موسڵمانەکان لە سەرانسەری جیهان کۆببمەوە، هەروەها باس لەو کێشانە بکەین کە کێشەی هەموومانە، زۆربەی زۆری کاتەکانم لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسەر دەبەم بۆ تێکەڵاوبوون و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە، دەمەوێت گوێ لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بگرم و لێیان تێبگەم بزانم چیان دەوێت، کەواتە لە ڕێگای ئەم گفتوگۆو تێکەڵاوبوون و پەیوەندی دروست کردنە ئێمە وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەلێکمان دەبێت، بۆ ئەوەی هاوبەشی و هاوکاری خۆمان بدۆزینەوە، من هەڵوەستەیەکی گرنگم هەیە لەسەر نەوەی نوێ و ئەوانەی لەژێر تەمەنی ٣٠ ساڵییەوەن، چونکە نەوەی نوێ سەرکردەی ئەو وڵاتەن لە داهاتوودا، کاتێک ئەو نوێیانە دەبینم بەو شێوەو گڕوتینە کاردەکەن و ئەکتیڤن دەبینن کە داهاتوویەکی باش چاوەڕێمان دەکات، هەروەها لەرێگەی هەموو باڵوێزخانەکانمان لە وڵاتانی جیهاندا لەگفتوگۆ و دیالۆگ دەگەڕێین.

**کار بۆ کێشەی ژنانیش دەکەن**

بەوپێیەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ژنە، ئایا دەبێ ئەمریکا لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان و جیهانیش چ کارێک بۆ کێشەکانی ژنان بکا، بۆ وەڵامی ئەوە فەرەح ئەنوەر دەڵێ:"ئێمە دەزانین وەزیری دەرەوەی ئەمریکا پابەندی زۆری هەیە بەرامبەر بە کێشەکانی ژنان ئەم پابەندبوونەی دەربڕیوە کاتێک کە یەکەم ژن بوو لە ئەمریکا دەسەڵاتی گرتەدەست بەم شێوەیە، ئەو وەکو ئەوە دانراوە کە دەبێت کاروباری ژنان بەشێوەیەکی گرنگ بەڕێوەببرێت، هەروەها وەکو باڵوێزی کاروباری بووە، ئەمە گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی پرسی ژنان لە سەرانسەری جیهان بە کۆمەڵگای ئیسلامیشەوە گرنگی و بایەخی پێ بدرێت، کاتێک کە سەیری ئەزموونی خۆم دەکەم لە ماوەی ٩ مانگی رابردوودا سەردانی ٢١ وڵاتم کردووە لە سەرانسەری جیهان، لەگەڵ زۆربەی توێژ و کۆمەڵەکانی ژنانی گەنج و ژنانی چالاکوان کۆبوومەتەوە قسەم لەسەر کۆمەڵێک کێشەی جۆراوجۆر کردووەو کۆمەڵێک کێشە تەحەدای تێدایە، کە دەتوانین بەهاوبەشی قسەی لەسەر بکەین چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، لێرە لە هەولێر بەختێکی باشم هەبووە، کە کۆمەڵێک ژنی چالاک و ئەکتیڤ بدۆزمەوەو قسەیان لەگەڵدا بکەم، کە پێکهاتبوون لە توێژ و چینی جۆراوجۆر لە خوێندکاری زانکۆ و ئەو ژنانەی کە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کاردەکەن، دەربارەی ئەو کێشانە گفتوگۆمان کرد، کە ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە لەم هەرێمەدا کۆمەڵێک کێشە هەیە کە لێرە لە کوردستان و سەرانسەری جیهان ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە، لێرە دەبینین چەندان گروپ و ڕێکخراو هەن کار لەسەر ئەم کێشانە دەکەن، هەروەها دەبینین چەندان کێشەیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، خەڵکی لێرە قسەیان لەگەڵ کردم لەسەر لایەنە باش و خراپەکان بەهێزو بێ هێزەکانی چالاکی ژنان و کاروبارەکان لە کاتێکدا چەندین پێشکەوتن لەم وڵاتەدا بەڕێوەدەچێت، دەزانم کەوا ژنان و پیاوان بەیاخ و گرنگی بە کێشەی توندوتیژی بەژنان بەشێوە جۆراوجۆرەکان دەدەن، ئەمە نیگەرانییەکی زۆری ئێمەیە.

لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک خەڵک دەبینین کاردەکەن دەبن بە دکتۆر دەبن بە پارێزەر بە مامۆستای زانکۆ، گرنگی زۆری هەیە کەواتە پێشکەوتن هەیە.

کەواتە پێشکەوتن هەیە، خەڵکێک لێرەوە هەوڵی پێشکەوتن دەدات، بۆئەوەی ئامانجی باش بەدەست بێنن، کە داهاتوویێکی باشیان هەیە، ئەمەش ئەوە پیشاندەدات، کەوا من زۆر تاقیکردنەوەم هەیە، یاخود دیدگایەکی پۆزەتیڤ و باشم هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی تر، کە گفتوگۆم لەگەڵیان کردووە هەردوو لایەنە بەهێزو بێهێزەکانیان. هەروەها هەڵوەستەمان لەسەر ئەوە کردووە، کەوا هەندێک کێشە هەیە رووبەڕووی ژنان دەبێتەوە لە سەرانسەری جیهان، بۆ نموونە هەندێکیان کێشەی کلتووری هەیە، هەندێکیان کێشەی ئایینی لەگەڵ کێشەی کلتوورییەکاندا.

**زۆر گەشبینە بە هاتنی بۆ کوردستان**

فەرەح ئەنوەر پاندیس باس لەو سەردانەی خۆی بۆ کوردستان دەکات و دەڵێ: ئەوە یەکەم سەردانمە بۆ هەرێمی کوردستان، هەروەها ماوەی چەند رۆژێکیشە لێرە ماومەتەوە".

فەرەح باس لە دۆستایەتی و هاوڕێیەتی ئەمریکا لەگەڵ کوردستان دەکاو دەڵێ: ئەو هاوڕێیەتییەی کە حکومەتەکەمان لەگەڵ خەڵکی کوردستان هەیەتی، هەروەها پابەندبوونی بە ئیلتیزاماتەکانمان دەربارەی ئەو هەرێمەو هەروەها عێراقیش، حەزمان لەوەیە کە پێشکەوتنی کۆمەڵگای لێرە بەرەو پێش بچێتەوە، ئەمانە هەموو وایان لەمن کرد، کە ئەو سەردانەی من سەردانێکی زۆر سەرکەوتووبێت، زۆر زۆر گەشبینم کە هاتوومەتە کوردستان، لێبووردەیی و میوانداریەکی زۆر باشیان هەیە، هەروەها فکر و بیروبۆچوون ئەو ئایدیایانەی، کە خەڵکە گەنجەکانمان هەیانە بۆ نوێکاری و نوێبوونەوە بە راستی سەرنجیان راکێشام.

**خۆشحاڵە بە توانای گەنجان لە کوردستان**

فەرەح لە درێژەی سەردانەکەیدا بۆ کوردستان چاوی بە چەندین گروپی خوێندکاران و گەنجان کەوتووەو دڵخۆشە بە چالاکی ئەوان:" لە سەردانەکەمدا چەند خوێندکارێکم بینی لە زانکۆ دەخوێنن، زۆر زۆر چالاک و زۆر زۆر ئەکتیڤن، وەکو هەر گروپێکی دیکە کە لەهەر شوێنێکی دنیا دەیانبینی، هەروەها گروپێکی گەنجانم بینی کە لە ڕێکخراوێکی تری گەنجان ئیش دەکەن، هەموویان دەیانەوێت کار بۆ گەنجان بکەن، زۆر زۆر چالاک و ئەکتیڤن، ئەم خوێندکارانەی کە بینیمن ئەوانە سەرکردەی داهاتووی ئەم هەرێمەن، لەبەرئەوە من زۆر زۆر خۆشحاڵم دەربارەی سەردانەکەم بۆ کوردستان، زۆر خۆشحاڵم کە هاتووم بۆ ئێرە".

**سیاسەتی نوێی ئەمریکا بایەخ بە کۆمەڵگا موسڵمانەکان دەدا**

فەرەح باس لە هەڵوێستی ئۆباما لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاو ئێستاش بەرامبەر کۆمەڵگا موسڵمانەکان دەکا:" سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر روون و ئاشکرا قسەی کرد، کە هیچ شەڕێک نییە لەنێوان موسڵمان و کۆمەڵگای موسڵمانان کاتێک کە کاندید بوو دوای ئەوەی کە بووە سەرۆکی ئەمریکا ئەوەی دووپات کردەوە.

**کوردانێکی زۆر هەن رایان پۆزەتیڤە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکان**

فەرەح درێژە بە قسەکانی خۆی دەداو ڕای بەشێک لە کوردەکان و کۆمەڵگا موسڵمانەکان بەرامبەر ئەمریکا پۆزەتیڤە، "لە هەرێمی کوردستانی عێراق کۆمەڵێک خەڵکی تێدایە، کە زۆر پۆزەتیڤن، تێڕوانینێکی باشیان هەیە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەمەش شتێکی راستە. هەروەها خەڵکی دیکەشم بینیوە لە کۆمەڵگای ئیسلامی، کە زۆر زۆر خۆشحاڵن بەرامبەر بە سیاسەتی نوێی ئەمریکا دەربارەی کۆمەڵگای ئیسلامی، ئەو خەڵکانە زۆر زۆر بەوردی چاودێری دەکەن و گوێ دەگرن لەو وتارانەی کە سەرۆک ئۆباما لە قاهیرە پێشکەشی کرد هەروەها سەیری ئەو گفتوگۆو دیالۆگەی کە لە ئەمریکا دروستی کرد، کە تێیدا نزیکەی ٢٥٠ کەسی لە سەرانسەری جیهاندا لە کۆمەڵگا جیاوازەکان هێنابوو لەو هاوینەدا لەگەڵیان کۆبۆوە دەربارەی بیرو راو و جیاوازیان گفتوگۆی لەگەڵ کردن و گوێی لێیان گرت.

کاتێک کە داوایان کرد کە یارمەتیان بدرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری و ئاستی زانیاری و ئاستی تەکنەلۆژیا، هەروەها سەیریان کرد کە چەند پێشکەوتنێک بەڕێوەیە، ئەوەشیان بینی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو سەرۆکی ئەمریکا چۆن دەیانەوێت تێکەڵاوی دروست بکەن، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا ئیسلامیانەی کە دەنگیان نەبیستراوە، هەروەها هەموو ئەو شتانەیان بینی بە چاوی خۆیان کە دەمانەوێت گفتوگۆو دیالۆگ لەناو کۆمەڵگای ئیسلامی بەرز بکەینەوە و بەرنامەی ئاڵوگۆڕ لەنێوان کۆمەڵگای ئیسلامی بەرزبکاتەوە هەروەها ئەوەشیان بینی کە دەربڕی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکان دەربارەی هەندێک کێشە کە چارەسەر نەکراون.

بەڕای من پێشکەوتنێکی زۆر باش هەیە لەو شێوەیەی کە خەڵک چۆن تێڕوانینی هەیە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو پێشکەوتنێکی بەرچاو هەیە، ئەمەش تێڕوانینمان وایە کە لەداهاتوودا بتوانین پەیوەندییەکی هاوبەش و بەهێز دروست بکەین لەگەڵ کۆمەڵگای ئیسلامیدا.

**گوێ لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکان دەگرن**

فەرەح بۆ گرنگیدان بە پەیوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ کۆمەڵگا ئیسلامییەکان چەند شتێک دەخاتەڕوو، دەڵێ:"ئەو ڕێگایانە کۆمەڵێک ڕێگای جۆراوجۆرن کە هاوکاری و پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامی دروستی دەکەین، یەکەم شت ئەوەیە کە گوێیان لێ بگرین، هەروەها پێویستە بزانین کۆمەڵگاکان پێویستیان بە چییە؟ لەبەرئەوە من بەشێکی زۆربەی کاتەکانم بۆ ئەوە تەرخان دەکەم، کە گوێیان لێ بگرم لە کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە سەرانسەری وڵاتانی جیهانی ئیسلامیدا بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگرم بزانم پێداویستییەکانیان چییە؟ نیگەرانییەکانیان چییە؟

ئینجا ئەوانە هەڵدەسەنگێنین پاشان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر ئەمە بەدەنگیانەوە بچێت و هاوکاری و پەیوەندییان لەگەڵدا دروست بکات.

بۆ نموونە لەگەڵ کۆمەڵێک گەنجان بە تایبەتی گروپی کۆمەڵێک بیروڕای جۆراوجۆر و زۆر زۆر جیاوازم بینیوە، کە هی ئەوەیە ئیشیان لەسەر بکرێت، ئێمە سیاسەتمان وایە کە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکاری یاخود پەیوەندی لەگەڵ ئەو خەڵکانەی کە پێشتر پەیوەندیمان نەبووە دروست بکرێت، بۆ ئەوەی بیروڕای نوێ ببیستین بۆ پەیوەندییەکی هاوبەش و درێژخایەن ئەوەیە کە ئێمە بەهیواین لەسەر ئەم دەستپێشخەرییانەی کە کردوومانە.

**زۆر گەشبینم کە هاتوومەتە کوردستان، لێبووردەیی و میوانداریەکی زۆر باشیان هەیە، بیروبۆچوون ئەو ئایدیایانەی، کە خەڵکە گەنجەکانیان هەیانە بۆ نوێکاری و نوێبوونەوە بەڕاستی سەرنجیان راکێشام**



فەرەح ئەنوەر پاندیس نوێنەری تایبەت بۆ کۆمەڵگا موسڵمانانەکان



فەرەح ئەنوەر پاندیس لەگەڵ نووسەرو رۆژنامەنووس هەژار سدیق

### فەرەح ئەنوەر پاندیس لە چەند دێڕێکدا

**نوێنەری تایبەت بۆ کۆمەڵگا موسڵمانەکان دەستپێکی دەستبەکاربوونی: ٢٠٠٩/٦/٢٣ تاکو ئێستا**

**فەرەح پاندیس لە حوزەیرانی ٢٠٠٩ دا وەک نوێنەری تایبەت بۆ کۆمەڵگا موسڵمانەکان دامەزرا. نوسینگەکەی بەرپرسە لە جێبەجێکردنی دیدگای وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هیلاری کلینتۆن بۆ تێوەگلان لەگەڵ موسڵمانانی جیهاندا لە سەر ئاستی خەڵک بۆ خەڵک و ڕێکخراوەیی.**

**پێش ئەم ئەرکەی، وەک راوێژکاری باڵای یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری ئەوروپا و ئۆراسیا کاری کردووە.**

**نوێنەری تایبەت پاندیس لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ وە تاکو شوباتی ٢٠٠٧ لەناو ستافی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیدا کاری کردووە.**

**پێش پەیوەندیکردنی بە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانییەوە بکات، نوێنەری تایبەت پاندیس بەرپرسی کارمەندانی نووسینگەی ئاسیا و خۆرهەڵاتی نزیک بووە بۆ USAID. راستەوخۆ بۆ یاریدەدەری کارگێڕی نووسینگەکە کاری کردووە.**

**لە ١٩٩٧ تاکو ٢٠٠٣، نوێنەری تایبەت پاندیس وەک جێگری سەرۆکی کاری نێودەوڵەتی بۆ ستراتیژەکانی ML لە بۆستن، ماساچوسێتس کاری کردووە.**

**پێش خوێندنی باڵا، نوێنەری تایبەت پاندیس لە USAID وەک یاریدەدەری تایبەتی بەڕێوەبەری سیاسەت کاری کردووە. راوێژکار بووە لە هەردوو کەرتی گشتی و کەرتی قازانج نەویستدا.**

*** لە سرینگار لە کشمیری وڵاتی هیند لەدایک بووە.**

# تەتەڵە



شاسوار هەرشەمی - سوید

**ساسانییەکان، شانازییەکی تۆراو**

ساسانییەکان "٢٢٤- ٦٤١ زایینی" بۆ ماوەی ٤١٧ ساڵ ئیمپراتۆریەتێکی پان و بەرینییان دامەزراند، کە بەپێی کات و سەردەم و هەڵچوون و داچوون، زۆر لە وڵاتانی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لە خۆگرتبوو، بەڵام کوردستان هەمیشە ناوەند و جەرگەی ئەو ئیمپراتۆریەتە بووە.

بنەماڵەی ساسانیان خۆیان بە نەوەو درێژەدەرانی دەستەڵاتی کۆنی ناوچەکە، واتا میدی و هەخامەنشی دادەنا. لەرووی رەگەزیشەوە، دەیان بەڵگەنامەی مێژوویی جۆراوجۆر دەیسەلمێنن، کە دامەزرێنەری ئیمپراتۆرییەکە "ئەردەشێری بابەکان یان ئەرتەخشێری پاپەکان" دەریدەخەن کە کورد بووە. ئەوکاتە کوردان لەدوو ناوچەی جوگرافی ناسراودا دەژیان و بە چەندان زاراوە دەدوان. مەبەست لە ناوچەکانی پارس و ماددەکە لە سەردەمە دواییەکانی ساسانیدا ناوی بە "ماه" هاتووە. ئەو سەردەم زمانێک بەناوی زمانی فارسی ناوی نەهاتووە، هەروەک نەتەوە یان رەگەزێکیش بەو ناوە نەبووە. خودی زمانی فارسی، وەک زمانێکی بەرگری لە دژی عەرەبان لە سەدەی هەشتەمی زایینی، پێش سەرهەڵدان و دروستبوونی نەتەوەیەک بەناوی فارسی پێکهاتووە.

کوردانی ئاوارەی پارس و عارەبی دانیشتووی خوراسان و دەری زمانانی ناوچەکە بەیەکەوە چالاکانە زمانی فارسییان دروستکردو کردیان بە سەنگەرێک لە دژی دەستەڵاتداران، "بۆ زانیاری پتر لەسەر زمانی فارسی سەیری ئەو سەرچاوەیە بکە: شاسوار. خ. هەرشەمی زمان هەڵگری رازو نهێنییەکانی مێژووە، بڵاوکردنەوەی "تکایە سەیری کتێبە کە بکە و ل؟؟؟؟" ئێمە لێرەدا مەبەستمان نییە ئەو بەڵگەنامانە ریز بکەینەوە کە کورد بوونی ساسانیان دەسەلمێنن، "بۆ زانیاری لەسەر ئەم بابەتە سەیری ئەم سەرچاوە بکە: شاسوار. خ. هەرشەمی، کارنامەی ئەردەشێری بابەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی ٢٠٠٠، لاپەڕەکانی ٢١-٣٠".

با لەجیاتی رەگەزو خوێن پاکی، ئێمەش وەکو هەموو گەلانی تر بە چاوێکی نیشتمانی سەیری مێژوومان بکەین و لەو روانگەیەوە مێژوو هەڵبسەنگێنین. ئەگەر فاکتەرە جوگرافی و مێژووییەکان بخەینە بەرچاو سەیر دەکەین کە ساسانیان فەرمانڕەوای خاکێکی پان و بەرین و فراوانیان دەکرد، هەر لە خوراسانەوە لە رۆژهەڵات تا کوردستان و هەموو مێزۆپۆتامیا و گەلێ جاریش دەستەڵاتیان دەگەیشتە شام و ئاسیای بچووکیش.

ناوەندی دەستەڵاتی ساسانیان "پایتەخت"، نزیکەی لەسەرەتای هاتنە سەر کاریانەوە، تا شکان و لەناوچوون و نەمانیان، هەمیشە شاری "تەیسەفون یان کەتەیسەفون" بووە، کە دواتر عارەبەکان لەبەر هۆی جیا جیا بە "مەدائین سەلمان پاک"یش ناویان بردووە. وەک ئێستا روونە ناوچەی تەیسەفون و بەغدا و زۆر شوێنی تری گرنگی مێژوویی ساسانیان، ئێستا ناوەندی گەورەو ناسراوی عەرەبین و سالانێکی یەکجار زۆرە تەعریب کراون و شوێنەوارێکی ئەوتۆی سەردەمانی کۆنی تێدانەپارێزراوە. عارەبەکان سەرەڕای ئەوەش کە میراتگری دەستەڵانی ساسانیان و پایتەختی ساسانیانیان لە دەستە "بەکەڵاوەیش" بێت، بەڵام هەرگیز خۆیان نەکردۆتە خاوەنی ئەو مێژووە و لێی بێبەری بوون. واتا عارەبەکان لەسەر خۆ بە خاوەنی ساسانیان لایەنێک نەبوون. ئەمەش وایکرد کە فارسەکان بە سووک و سانایی و بێ رکەبەری کردن لەگەڵ کەس ببن بە خاوەنی، نەک هەر مێژووی دەوڵەمەندو ئاڵۆزی ساسانیان، بەڵکو بوونە میراتگری بێ رکەبەری فەرهەنگ و زمان و داب و نەریتی ساسانیش، ئەوان وا نزیکەی سەدەیەک دەبێت، بەتەنیا و لەسەرەخۆ و بێ هەڵپە، لەبەری فەرهەنگی ساسانیان دەچننەوەو لەسەرچاوەی تارادەیەک زۆری نووسراوەو زمانی ساسانیان هەڵدەهێنن، ئێمە زووتر هێمامان بۆ ئەوەکرد، کە بەدەیان بەڵگەنامەی مێژوویی هەن و کورد بوونی بنەماڵەو خانەدانی ساسانیان دەسەلمێنن.

کە سەیری مێژووی رابردووی گەلان و وڵاتان دەکەین و لەسەرچاوەی رەگەزی دەستەڵاتدارانیان دەکۆڵییەوە، راستییەکی سەرنجراکێشمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئێمەی مێژوونووسانی کورد تا ئێستا لێیەوە فێرنەبووین و پەندمان لێ وەرنەگرتووە. ئەو راستییەش ئەمەیە کە رەگەز و بنەچەی فەرمانڕەوایان لە هیچ شوێنێک رۆڵی یەکلایی کەرەوەی نەگێڕاوە، بەڵکو ئەوەی هەمیشە گرنگ و پڕ بایەخ و یەکلایی کەرەوەیە، ئەوا "شوێن"و خاک و وڵاتە. بۆ ئەوەی مەبەستەکەم باشتر روون بکەمەوە، چەند نموونەیەکی زیندوو دێنمەوە: دەوڵەتی ئێران هەر لە سەدەی یازدەمەوە تا سالانی بیستی سەدەی بیستەمیش "هەندێ ساڵی کەمی لێ دەرچێ" لەلایەن تیرەو هۆزی تورکانەوە فەرمانڕەوایی کراوە، کە هیچیان بەرەگەز ئێرانی نەبوون، بەڵکو وەکو هێزی داگیرکەر و پەلاماردەر لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بە شەپۆلی جۆراو جۆر هاتوونەتە ئێران و دەستەڵاتیان دامەزراندووە. سەرەڕای ئەم راستییەش کە هەموو ئێرانییەک بە چاکی دەیزانێ، هیچ مێژوونووسێکی ئێرانی نابینین کە ئەو دستەڵاتدارە تورکانەی "سەلجووقی" غەز، تورکمان، مەغۆل، ئێلخانی، جەلایەری، قەرە قۆینلۆ، تەیمووری لەنگ، ئاق قۆینلوو، سەفەوی، ئەفشارو قاجاریان" بە نائێرانی و داگیرکەرو بێگانە دانانێت. ئەوان رەگەز و تەنانەت زمان و فەرهەنگ و دابوونەریتیشیان هەرچییەک بێت، چونکە فەرمانڕەوای ئێران بوون، یان ناوەندی دەستەڵاتیان لە ئێران بووە، ئیدی بە دەستەڵاتداری خۆماڵی ئێرانی دانراون و مێژوویان لە مێژووی ئێران جیانەکراوەتەوە، بەڵکو بەشێکی هەرە گرنگی مێژووی هاوچەرخی ئێران، بریتییە لە مێژووی ئەو شاهنشا تورکانە. دیارە هەڵسوکەوتی راست و دروست لەگەڵ مێژوو هەر بەو شێوەیە دەبێت، کە مێژوونووسانی ئێرانی کردوویانە و لەلایەن ئێرانیانیشەوە ستایش و پەسەندکراوەو پەژیرێندراوە. ئەمەشە وایکردووە، کە فەرهەنگی ئێران دەوڵەمەندو فرەو کراوەبێت. ئەو دەوڵەمەندییە لە زمان و داب و نەریت و مۆسیقاو توانا مرۆییەکاندا بە ئاشکرا دەنگی داوەتەوە.

دیارە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە لەگەڵ مێژوو، داهێنانێکی مێژوونووسانی ئێرانی نییە. گەلانی تریش هەر بەو شێوە راست و دروستە نیشتیمانییە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ مێژووی رابردووی خۆیاندا کردووە. کۆماری مەکەدۆنیا، رۆژێک لە رۆژان بەشێکی گرنگی وڵاتی یۆنان بوو. ئەسکەندەری مەکەدۆنی کە هەموو رۆژهەڵاتی داگیرکرد، لەوێ چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، کەس گومانی لە یۆنانی بوونی نییە. سالانێکی درێژە وڵاتی مەکەدۆنیا بۆتە نیشتمانی میللەتی سربی سلاڤی. سربەکانی مەکەدۆنیا سوورن لەسەر "مەکەدۆنی" بوون و لەسەر مێژوویی پڕ لە شانازی ئەسکەندەری گەورەشدا، خۆیان توشی شەڕێکی فەرهەنگی گەورە لەگەڵ یۆنان کردووە. یۆنانییەکان سرواتیایان ناچار کرد تا ناوی دوورودرێژی "کۆماری مەکەدۆنیای یوگسلاڤیای کۆن" لە هەڵبژێرێت لەجیاتی "مەکدۆنیا"بە رووتی وەکو مەرجێک لە بوون بە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

کێ دەوێرێ بە میسرییەکان بڵێت، کە "کیلۆپاترا" کچە شازادەیەکی یۆنانی داگیرکەری میسر بووە و رۆڵەی میسر نییە، هەروەک محەمەد عەلی پاشای بەرەگەز کوردی دیاربەکری، وەکو دامەزرێنەری دەوڵەتی میسری هاوچەرخ، پانتاییەکی زۆر گەورەی لە مێژووی میسر پێبەخشراوە. هەمووان دەزانن کە تورکان لەسەدەی یازدەی زایینی هاتنە ناو تورکیای ئێستاو بەرە بەرە داگیریان کردو بەر لەوە تورکی تێدا نەبووە، بەڵام ئەوەی چاوێک بە کتێبخانەی تورکی دابگێڕێت، وا دەزانێت کە ئەوا باوک و باپیرانی تورکن عەرشی کۆنی هێتییەکانیان بنیات ناوە، وا لە شاری مێژوویی "تەروادە" رووبەڕووی پەلاماری گریکەکان بوونەتەوە!.

سەیر دەکەین کە ئەوە تەنیا ئێمەین، هەروەک چۆن لەسەرەتاوە رۆژهەڵاتناسان ئێمەیان وەکو "ئەتنیکی" جیای دابەشکراو بەسەر تورکانی شیعە "ئێران" تورکانی سونە "عوسمانی" بینیوەو مێژووی "ئەتنی" ئێمەیان نووسیووەتەوە بێ خاک و نیشتمان، ئێستاش مێژوونووسانی خۆماڵی توند توند بەو بیرۆکەوە بەستراونەتەوە و هەمیشە خەریکی مێژووی ئەتنی کوردن و نەیانتوانیوە لەو چوارچێوە تەسکەیە دەرباز بن. دەبێ مێژووی ئەو خاکەی کە کوردستانە بە بەشێکی دانەبڕاوی یەک زنجیرەیی لە مێژووی ئەم نیشتمانە دابنێین لە جیاتی خۆ خەریک کردن بە هەڵاوێردنی ئەتنی و رەگەزی. هەموو ئەو گەل و هۆزو نەتەوەو تیرەو خێڵ و سەرکردەو سەردارانەی کە رۆژێک لە رۆژان ناوەندی دەستەڵاتیان لە کوردستان بووە، ئەوا بەشداریان کردووە لە هەڵچنینی خشتە رەنگاو رەنگەکانی مێژووی ئێمە. تەنیا ئەوانە داگیرکەرو بێگانە بوون کە هاتوون، کوشتویانە، بردوویانە و وێرانیان کردووەو رۆیشتوون. ئەوانەش کە ماونەتەوە، بێ گوێدان بە جیاوازییەکان، تێکەڵ بە فەرهەنگ و مێژووی دەوڵەمەندی ئێمە بوون، جیا کردنەوەیان کارێکی بێهوودەو زیانبەخشە.

مێژووی ساسانییەکان بە هەموو دەوڵەمەندییەکییەوە، گرنگترین ئەو ئەلقە پچڕاوەی مێژووی کوردستان پێکدێنێت، کە لەبەر گەلێک هۆی جۆراوجۆر، ئێمە لێی نامۆ بووین و بەخۆڕایی، بەڵێ بەخۆڕایی بە خەڵکی ترمان بەخشیون.

سەیر ئەوەیە کە فارسەکان ئەو مێژووە دەوڵەمەندەیان بەخڕی کەوتۆتە دەست، چونکە کەس نییە لەسەری داواکاربێت، ئەمەندە خۆیان بەسەلماندنی فارس بوونی ساسانییەکان خەریک نەکردووە. چونکە ساسانییەکان وەک "بێ پێیەکانی" پەندە کوردییەکەی لێهاتووەو ئەوان خۆیان خەریکی گرتنی "بە پێیەکان" دەکەن.

با لە روانگەی هەمان دیدی ناسراوی "نیشتمانەوە کێشەی ساسانییەکان تاوتوێ بکەین، واتا ئەو تیۆیەی کە بۆ نووسینەوەی مێژووی نیشتمان، لە هەموو دنیا پێڕەوی لێدەکرێت. ئەگەر لەو روانگەیەوە سەیرێکی شوێنی هەڵکەوتنی ناوەندی دەستەڵاتی ساسانیان بکەین لە تەیسەفونی خوار بەغدا و لە نەخشەی شوێنی شارەکەو دەوروبەری وردبینەوە، راستییەکی زەقمان بۆ دەردەکەوێت.

با باسی رابردوو نەکەین و نەخشەی ئەتنی ئەم سەردەمە لەبەر چاوبگرین.

دەبینین تا ئەمڕۆش، سەرەڕای ئەو هەموو گۆڕان و پاشەکشەیەی کورد وەک بەرەنجامی داگیرکاری و گوشارو بێ دەوڵەتی. کە لەسەری بوو، گۆڕان بەسەر شوێنی نیشتەجێی داهاتووە، کەچی هێشتا لە هەر شوێنێکی تەیسەفونەوە و بەهەر ئاراستەیەک، هێڵ بۆ ناو خاکی فارس زمانان بکێشین، ئەوا بەناو کوردستان و ناوچە کوردنشینەکاندا رەت دەبێت. تا ئەمڕۆش سنوورەکانی عەمارەو کوت و ناوچەکانی سوسەنگەردی خوزستان لە کورد جمەیان دێت. ئەگەر بەرەو سەردەمەکانی زووتر بگەڕێینەوە ئەوا مێژوونووسان سەرەتای ئیسلام زانیاری وردترمان لەسەر رێژەی بەرزی کوردان لە ناوچەی پارس "ئوستانی فارس" دەدەنێ. "بۆ زانیاری پتر لەسەر بوونی کوردان لە ئوستانی پارس سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە: شاسوارخ. هەرشەمی. کارنامەی ئەردەشێری بابەکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی ٢٠٠٠، لا٢٦-٣٦"دیارە عارەبەکان لەسەروبەندی دەستەڵاتی ساسانیاندا، هیچ داشێک نەبوون بۆ خواش هەق بڵێین، ئەوان تا ئێستاش خۆیان لە مێژوو و فەرهەنگی ساسانیان بێبەری دەکەن. تەنانەت ساختەکاری لە مێژووش دەکەن و هەوڵ دەدەن لە ناو هێنانی ئەو قۆناغە درێژەی مێژووی وڵاتەکە خۆ بپارێزن و لە هێما بۆ کردنی دەسڵەمنەوە. فارسەکانیش کە ئەوکات وەکو نەتەوەیەک ناویان لە کولەکەی تەڕیش دانەبوو، ئێستاش ناوچەی گەورەی کوردنشین لە ناوەندی دەستەڵاتی ساسانیاندا دەبڕێت و لێی دوورن.

**بەشی یازدەیەم**

**مێژووی ساسانییەکان بە هەموو دەوڵەمەندییەکییەوە، گرنگترین ئەو ئەلقە پچڕاوەی مێژووی کوردستان پێکدێنێت، کە لەبەر گەلێک هۆی جۆراوجۆر، ئێمە لێی نامۆ بووین و بەخۆڕایی، بەڵێ بەخۆڕایی بە خەڵکی ترمان بەخشیون**



## باسبج (٤٤)

سەنگەر زراری

### فەوزایە فەوزا

ئافرەتێکی بەتەمەنی داماو، لە یەکێک لە گوندە دووردەستەکانی ئەم کوردستانە، تەلەفۆنی بۆ بەرنامەیەکی راستەوخۆی یەکێک لەسەتەلایتە کوردییەکانی لەمەڕ خۆمان کرد، ئەمە گفتوگۆی نێوان پێشکەشکارە عەبقەرییەکەو ئافرەتە گوندییەکە بوو.

ئافرەتە گوندییەکە: بابە وەڵڵا ئەمن مشکیلەم لەگەر مێردەکەم هەیە، هیچ پێکنایەین چ بکەین باشە؟

پێشکەشکاری عەبقەری: باشە دادە تۆ لەڕووی ئیکۆنۆمییەوە بارودۆخت چۆنە؟

ئافرەتە گوندییەکە: بەرێ ێ ێ..؟ چ دەرێی؟!

پێشکەشکاری عەبقەری: ئەڵێم لەڕووی ئیکۆنۆمییەوە تۆ دارایی‌ەکی سەربەخۆت هەیە؟

ئافرەتە گوندییەکە: وەڵڵا نازانم!!!.

گەلێکیان یەکتر هێنا و برد تا ئافرەتەکە تێگەیشت مەبەستی پێشکەشکارەکە ئەوەیە کە لەڕووی داراییەوە بارودۆخی چۆنە و ئایا هیچ برە پارەیەکی سەربەخۆی هەیە؟!

ئەوەی لە بواری راگەیاندن کار دەکات، دەبێ بزانێ زمانی خەڵک چییە و بەو زمانە قسە بکات، نەک زاراوەی قەبە بەکاربێنێ و خۆی تازە فێرە وشەی (ئیکۆنۆمی) بووبێت و بە ئافرەتێکی داماوی گوندی بفرۆشێتەوە. دیدار و چاوپێکەوتنی فیکری و قسەکردن لەگەڵ جەماوەری ئاسایی، زۆر جیاوازن لەیەکتر جەنابی راگەیەندکار!!!

* لە رۆژنامەیەکی (پرۆفیشناڵ؟!)دا ریپۆتاژێک لەسەر زنجیرە درامەیەک ئامادەکرابوو، تیایدا چەند هونەرمەندێکی ناو زنجیرە دراماکە و ستافی کارەکە قسەیان کردبوو. دواتر ستافی زنجیرە دراماکە روونکردنەوەیەکیان بڵاوکردەوە، لەو روونکردنەوەیەدا ئەوەیان راگەیاندبوو کە سەرلەبەری ریپۆرتاژەکە راست نییە و هەموو ئەو کەسانەی لە ریپۆرتاژەکە قسەیان کردبوو، قسەکانیان تەواو ئاوەژوو کراوەتەوە.

جاربەجار هەڵەیەکیش دەکرێ و بەسەرتدا تێپەڕ دەبێ، بەڵام پەیامنێر چۆن دەبێ بەو ئەندازەیە هەڵەی بەسەردا بڕوات، کە تەنها یەک رستەی راستیش لە ریپۆرتاژەکەیدا نەبێ و دێڕ بە دێڕ وەڵامی بدرێتەوە، بە جۆرێک کە دەقی روونکردنەوەکە لە ریپۆرتاژەکە زیاتر بوو. یەکجار واش نا!!

* لەگۆڤارێکدا (کورێک؟!!) بابەتێکی دەربارەی "پەردەی کچێنی" ئامادە کردبوو، ئەو برادەرە ئاماژەی بەوەدابوو، کە لە کاتی بەزاوابوون و لادانی پەردەی کچێنی، ئافرەت هیچ ئازارێکی پێ ناگات، برا کە ئیشەک ئیشی تۆ نییە و ئەزموونت لەسەری نییە خۆتی تێهەڵمەقورتێنە، ئەگەر ئەم قسەیە لە مەجلیسێکیشدا بکەی کێشە نییە و رەنگە تەنها چەند کەسێک گوێیان لێ بێ، ئەوانیش وەک تۆ شارەزای دۆخەکە نەبن، بەڵام ئەمە بۆ گۆڤارە و خەڵک دەیخوێنێتەوە، بشزانە زۆربەی ئەوانەی بابەتەکەت دەخوێننەوە، ئەگەر پسپۆڕیش نەبن لەو بوارە، هەر دەزانن قسەکەت راست نییە!

جاران پێموابوو زۆری ئەو هەموو کەناڵەی راگەیاندن و ئەو هەموو رۆژنامە و گۆڤارە، شتێکی باشە، بەڵام ئێستا کە دەبینم زۆر رۆژنامە و گۆڤار هەن نابێ ئەو ژمارەیەی بەردەستت بخوێنییەوە تا ژمارەی دواتریش دەردەچێت، چونکە پۆزش و هەڵە و راستکردنەوەکان ئەوەندە زۆرن، چۆن بیانخوێنییەوە دوو سێ زانیاری بەهەڵەت دەدەنێ. بۆیە دەبێ چاوەڕێ بکەی هەردوو ژمارەکە پێکەوە بخوێنییەوە و هەواڵ و راپۆرت و پۆزش و راستکردنەوەکان بەرامبەر یەک دابنێی، تا شتێکی راستت بۆ دەردەچێت، هەڵبەت هێشتاش گومانی تێدایە.

هەر لەبەر ئەوەشە ئێستا بە پێچەوانەی ئەوکات، پێم وایە زۆری راگەیاندنەکان بۆ ئێمە فەوزایە.

# هەڵەیەکی باو با راستی بکەینەوە

**حوسێنی حاجی قادر ئاری**

جیهان یەک جیهانەو تا ئێستا دوو شەڕی گەورەی جیهانی روویان داوە شەڕی یەکەمی جیهانی لە سالانی "١٩١٤-١٩١٨"، شەڕی دووەمی جیهانی لە سالانی ١٩٣٩- ١٩٤٥ی خایاند. زۆرجاریش هەندێ نووسەر، کە ناوی ئەو دوو شەڕە دەهێنن بە هەڵە دەینووسن، بۆیە لێرەدا دەمەوێ سەرنجی ئەو نووسەرانە رابکێشم کە ئەو هەڵە باوە راست بکەنەوە.

بۆ سەلماندنی نووسینەکەم وا دەستنیشانی نووسینی چەند نووسەرێکی بەڕێز دەکەم لەگەڵ نووسینی ناوی ئەو کتێب و گۆڤار و رۆژنامانەی لێیان نووسیوە.

- لە کتێبی گۆرانیبێژە نەمرەکانی مامۆستا باکووری "بەشی دووەم لە لاپەرە"٨٧"دێری دووەم نووسراوە:"تازە شەڕی جیهانی یەکەم ١٩١٤ - ١٩١٨ کۆتایی هاتبوو.. لە جیاتی بنووسرێت "تازە یەکەم شەڕی جیهانی کۆتایی هاتبوو، یان شەڕی یەکەمی جیهانی".

- لە کتێبی "روتەمەنی" کاک پێشڕەوی سەید برایمی لە لاپەرە "٥٥" دێری "١٤،١٣" نووسراوە "ساڵەکانی شەڕی جیهانی یەکەم" لە جیاتی ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی...

- لە رۆژنامەی هەولێری ژمارە "٦٢٩" لە ٢٠٠٩/١٠/١ لە لاپەڕە "١٧"ی دێری سێیەم لە بابەتی "هاتریش بۆل"، نووسراوە "لە جەنگی جیهانی دووەم" لە جیاتی لە جەنگی دووەمی جیهانی.

- هەروەها لە هەمان رۆژنامە لە ژمارە "٦٣٥" لە ٢٠٠٩/١٠/١١ لە ستوونی دووەم دێری پێنجەم لاپەڕە "١٦" نووسراوە "جەنگی جیهانی دووەم" لە جیاتی دووەم جەنگی جیهانی"...

- هەروەها کەناڵی تەلەفزیۆنی زاگرۆس لە کاتژمێر ٩- ٩،٣٠ شەوی ٢٢\٢٣/١٠/٢٠٠٩ لەکاتی پێشکەش کردنی دەنگوباسەکان گوتی: "تۆمەتبارێکی جەنگی جیهانی دووەم" لە جیاتی بڵێت "تۆمەتبارێکی جەنگی دووەمی جیهانی"...

- لەکتێبی "کوردو کوردستانی" دکتۆر کەمال مەزهەریش، لە دامێنی لاپەرە "٣٣٣" نووسراوە "کۆتایی تەواوەتی بە جەنگی جیهانی دووەم هێنا" لە جیاتی بنووسرێت کۆتایی تەواوەتی بە جەنگی دووەمی جیهانی هێنا".

کاتژمێر "١١" یازدەی شەوی ٢٠١٠/٦/٨\٧ لە کەناڵی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کاک مومتاز حەیدەری لە چاوپێکەوتنێکدا دەربارەی گۆڤاری "دەنگی گێتی تازە" قسەی دەکرد یەک دووجار گووتی شەڕی جیهانی دووەم لە جیاتی شەڕی دووەمی جیهانی. هیوادارم نووسینەکەم جێگەی سەرنجی خوێنەران بێت و ئەو هەڵە باوەی چەندین ساڵەو چەندین کەس لەسەریان نووسیوەو گفتوگۆی زۆریشی لەبارەوە کراوە راست بکرێتەوە.

هونەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud.press@yahoo.com
ژمارە ٥٢ - ١٤٣، ٢٠١٠/٦/٢٢ی زایینی

## د. نیگار حەسیب قەرەداغی لابۆری شانۆی لالشی گەیاندە هەولێر و سلێمانی

# لە لابۆری شانۆی لالشدا دەنگ بە شێوەیەکی زۆر گرنگ و سەرەکی سەرچاوەیە بۆ خولقاندنی جووڵە جەستەییەکان

**دوای ئەوەی لەسەر بانگهێشتی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی هەولێر، خانمە شانۆکاری کورد "نیگار حەسیب قەرەداغی" بە مەبەستی سازکردنی وۆرک شۆپێکی هونەری دەربارەی لابۆری شانۆی لالش گەڕایەوە کوردستان و بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی دوو وۆرک شۆپی بۆ خوێندکارانی بەشی شانۆ و هونەرمەندان کردەوە، لە دیدارێکی بەدرخاندا باس لە خاسیەتەکانی لابۆرەکەیان و گرنگی ئەو سەردانەی دەکا...**

**ئا: هونەری بەدرخان**

*** دەستکردنت بەکاری هونەری بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

- خۆم دەرچووی بەشی شانۆی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانم لە ساڵی ١٩٨٤ بۆ ١٩٨٨، دواتریش ماوەی ٣ ساڵ مامۆستای پەیمانگای هونەرەجوانەکان بووم لە شاری سلێمانی، وانەی دەنگ و ئیبتیکار و ڕووناکی و وەرزشی شانۆییم دەگوتەوە، دوای ئەوەی ئەندامێکی چالاکی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی بووم لە شاری سلێمانی، لە نمایشە شانۆییەکانی وەکو "گۆریلا، ماراساد، ئەوەل سەحەر، فەرهاد بەدوای جەژنا وێڵە، لە چاوەڕوانی سیامەندا" بەشداریم کردووە، هەروەها لە زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی ژاڵە بەشداربووم، لە ئەکادیمیاش لەگەڵ مامۆستاکانی وەکو "سلاح قەسەب، شەفیق مەهدی" بەشداری نمایشە شانۆییەکانم کردووە، لە ساڵی "١٩٨٦"یش لە فێستیڤاڵی شانۆی ئەزموونگەری بۆ لاوان خەلاتی باشترین کچە ئەکتەری تازەپێگەیشتووم لەسەر ئاستی عێراق وەرگرت.

*** ئەو هەموو کارکردن و چالاکییە، چی وایلێکردی سلێمانی جێبێڵی روو لە هەندەران بکەی؟**

- لە ساڵی ١٩٩١ لە کۆڕەوەکەدا کە بەرەو ئێران ڕۆیشتین وارێکەوت نەگەڕێینەوە کوردستان، چونکە ئەوکات هیچ زەمانێکی ئەوە نەبوو کە باری سیاسی و بارودۆخی ژیان ئاسایی دەبێتەوە یان نا، وەکو هەزارەها کەسی دیکە بڕیارماندا بەرەو ئەورووپا ڕۆیشتین.

*** بە هەزاران کەس لەو چوونە ئەورووپا خۆی ونکردووە، تۆ چۆن توانین خۆت بدۆزییەوە و بەردەوام بی لە کاری شانۆیی؟**

- هەرچەندە چەند مانگێک پێش من شەماڵی هاوسەرم گەیشتبوو، من کۆتایی مانگی ١١ی ساڵی ١٩٩١ گەیشتمە ڤیەننا، هەر بە گەیشتنم هەوڵمدا یەکەم شت فێری زمانەکە بم، کە زمانی ئەڵمانی بوو و بەهیچ شێوەیەک بەئێمە ئاشنا نەبوو، زمانەکەش زمانێکی قورسە، لەبەرئەوە کە تۆ بڕیاردەدەی زمان فێربی دەبێ کاتی بۆ دابنێیت، دەبێ بشزانی بۆچی دەتەوێ زمان فێربی؟ لەبەرئەوەشی ئێمە بڕیارماندابوو سەرەتا دەست بەخوێندنی شانۆ بکەین لەتەکیشیدا ئەنترۆپۆلۆژی، بێگومان ئەو زمانەی تۆ دەتەوێ فێری بی زمانێکە کۆمەڵێک شێوازو چەمکی تایبەتی قسەکردنی هەیە، کاتێکی زۆریشی دەوێ، لەگەڵ فێربوونی زمان و لە سەرەتاشدا بڕیارماندا نەکەوینە بازاڕی ئیشکردن، چونکە لە ئەورووپا کە کەوتیتە بازاری ئیشکردنەوە ناتوانی بە ئاسانی بێیتە دەرەوەو لەتەک ئیشی ڕۆژانەدا ئیشی شانۆ یاخود هونەر بکەی، لەبەرئەوەی تۆ لە هەفتەیەکدا ٤٠ کاتژمێر ئیش بکەی، ئەو تواناو هێزو زەوقەت نامێنێ تا کاری هونەریش بکەی، لەبەرئەوە خوێندن یارمەتییەکی زۆری ئێمەیدا بۆ ئەوەی بچین ناو کۆمەڵگاکەو لە کلتوورەکە تێبگەین، تەبعەن پەیوەندییەکی باشمان هەبوو لەگەڵ خەڵکانی ڕۆشنبیر کە ئەوە یارمەتیدەرێکی باشمان بوو، لە دوای ٣ مانگ یەکەم شانۆگەریمان لەشاری ڤیەننا پێشکەش کرد بە زمانی کوردی، کە کارێکی ئەزموونگەری بوو، کە ئەوە موفاجەئەیەکی گەورەبوو بۆ بینەرانی ئەوێش بە تایبەتی لەو سەردەمە کە هێشتا لجوئمان وەرنەگرتبوو، نەتدەزانی وەردەگیرێی یان نا، بەلام نمایشکردنی ئەو شانۆگەرییە باشترین هەنگاو بوو کە ئێمە نامان.

*** دەکرێ بڵێین نمایشکردنی ئەو شانۆگەرییە تەکانێکی وای بەئێوەدا بەردەوام بن لەکاری هونەری و دانەبڕێن؟**

- بەڵێ، بەڕای من ئەگەر هیلاکیەتی ئەو سێ مانگە کە من هێشتا هیلاکی ڕاکردن بووم، چونکە ماوەی هەفتەیەک لەگەڵ منداڵەکەمدا لە شەماڵ و کەسوکاری خۆشم دابڕام، وایلێهات لەگەڵ کۆمەڵێک برادەری دیکە گەیشتمە ئێران، من هێشتا ئەو هیلاکی و ترس و ماندووبوونەم پێوە دیاربوو، بەلام بڕیارمدا دەبێ بەردەوام بین، چۆنیش بەردەوام بین، دەبێ ئەو زەحمەتی و قوڕبەسەرییە بکێشین، دوایی وایلێهات بتوانین هەموو ساڵێک شانۆگەرییەک پێشکەش بکەین، لە تەکیشیدا فێری زمان دەبووین، لە ساڵی ١٩٩٤ وەکوخوێندکارێکی فەرمی لە زانکۆی ڤیەننا دەستم بەخوێندن کرد بۆ ماستەرەکەم و دواتریش دکتۆراکەم.

*** دکتۆراکەت تایبەت بوو بە لابۆری شانۆی لالش، لابۆری شانۆی لالش چییە؟**

- لابۆری شانۆی لالش لە ساڵی ١٩٩٨ لەسەر دەستی من و شەماڵ عومەر هاوسەرم دامەزراوەو دەشبرێ بەڕێگاوە، لە ساڵی "٢٠٠٠"یشەوە خاوەنی هۆڵی تایبەت بە خۆمانین، کە ئەوەش ئەرکێکی وا ئاسان نییە بۆ دوو کەسی بێگانە یا دوو هونەرمەندی کورد لە پایتەختی هونەر و شانۆ، کە بتوانی ببیتە خاوەنی ڕێبازێکی کارکردنی خۆت و خۆشت بسەپێنی بەسەر ئەو ئاستە هونەرییەی شاری ڤیەنناو لە پاشان ببیتە خاوەنی هۆڵی تایبەتی خۆت، ئەو کارە ساڵانەی ئێمە دەمانکردو دەمانخوێند چونکە شەماڵیش ماستەری لە بواری شانۆ تەواو کرد، لە تەکیا ئەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوانەی دەمانکرد، ئەو بینین و پەیوەندییانەی لەگەڵ هونەرمەندان و گروپە شانۆییەکان هەمانبوو، گەیشتینە ئەو بڕوایەی کاری ئێمە پێویستی بە کاری لابۆرییە، کاری لابۆریش واتە کارێکی بەردەوامی ڕۆژانە، نەک خۆئامادەکردن بۆ نمایشێک و کارەکەت بەمشێوەیە تەواوبوو، نەخێر ئەم کارە وەک توێژینەوەی کۆمەڵێک ڕەگەزی شانۆیی و ماتریال یاخود وەکو جەستە و کارکردن لەپانتایی و لەگەڵ کۆمەڵێک ماتریالی دیکە، چۆن جەستەی خۆت پەروەردە دەکەی بۆ ئەوەی ئامادەبێ بۆ دەربڕینە جیاواز جیاوازە هەستییەکان و دەنگ، ئەمە پێویستی بە کاری ڕۆژانەییە، هەر لەبەر ئەوە لابۆر دامەزرا.

*** کە دکتۆراکەت لەسەر لابۆری شانۆی لالشە، بۆچی تا ئێستا هەوڵت نەداوە بەزمانی کوردی بەچاپی بگەیەنی؟**

- من ماستەرەکەشم و دکتۆراکەشم بەشێکی تایبەتە بە لابۆری شانۆی لالش، هەمووی لەسەر لابۆری شانۆی لالش نییە، چونکە وەکو دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری لابۆری شانۆی لالش هەستمکرد کۆمەڵێک شت هەیە پێویستە بەوەیە خوێندکارانی زانکۆی ئەورووپیش بخوێننەوە، ماستەرەکەم لەژێر ئامادەگی جەستە لە پانتایی زەمەنە تێڕوانینێکی نا ئەورووپیانە دەربارەی کاری پێرفۆرمێر، دکتۆراکەم درێژەپێدانێک بۆ کردنەوەی زیاتری ئەو مەسەلەی ئامادەیی جەستەو دەنگی نمایشتکار کە لەژێر ناونیشانی شانۆ و پێرفۆرمانسی ڕیتواری، ئەمەش لێکۆڵینەوەیەکی زانستی شانۆییانەو بواری ئەنترۆپۆلۆژی بوو، کە تیایدا ڕەگەزە ڕیتوالییەکان لە شانۆ و پێرفۆڕمانسا دەمخستە ڕوو، بتەوێ و نەتەوێ مەسەلەی ئامادەگی جەستەو بینەریش یەکێکن لە ڕەگەزە گرنگەکانی بەڕێوەبردنی ریتوال، بۆ مەسەلەی چاپکردنە داوام لێکراوە کە وەریبگێڕم و وەکو کتێب بلاوی بکەمەوە، بەلام ئێستا دەستم کردووە بە وەرگێڕانەکە، بەلام گرفتەکە لەوەدایە کە شتێکی خۆت بە زمانێکی دیکە دەنووسی و دواتر دەیکەیتە زمانی دایکی خۆت، گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا دێت لە دەربڕینەکان، بۆ نموونە ماستەرەکەشم و دکتۆراکەشم بەزمانی ئەڵمانیە، گەر بمەوێ بیکەمە کوردی یان هەر زمانێکی دیکە کۆمەڵێک چەمک هەیە کە لە زمانە ئەڵمانیەکە پێویست ناکا زۆر لێی ورد بمەوە و پێناسەی بکەم، لەبەرئەوەی بەوان ئاشنایە، بەلام بەشێوەیەک لە شێوەکان بە خوێنەری کورد ئاشنا دەبێ، بۆیە دەبێ جارێکی دیکە ئەوانە ڕوون بکەمەوە، گرفتەکەم لەوەدایە چۆن ئەو بلانسە دروست بکەمەوە، کە ئەوەش کار و کاتی دەوێ، منیش زیاتر کاتی خۆم تەرخانکردووە بۆ کاری پراکتیکی، چونکە ساڵانە لە ٢-٣ فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی لە هەموو جیهان بەشدار دەبین، ئەوەش کاری دەوێ، ئێمە خوێندکارمان هەیە بە بەردەوام کاری لابۆریان لەگەڵ دەکەین، ئەوانە هەمووی ڕێگرن، بلام مەبەستمە تەواوبێ و چاپبکرێ.


دکتۆر نیگار حەسیب قەرەداغی

*** خاسیەتەکانی لابۆری شانۆی لالش چین؟**

-لەلای ئێمە گرنگە کەسی نمایشتکار کە ئێمە پێی دەڵێین پرۆفێرمێت دەبێ کەسێک بێ توانای بەئاکام گەیاندنی خۆی هەبێ، بە واتای دەربڕینی پڕاو پڕی هەستەکانی خۆی، ئێمە لەسەر تێکستی ئەدەبی و درامی ئیش ناکەین، بەڵکو زیاتر کارەکانی ئێمە لە کەسی نمایشکار خۆیەوە دەستپێدەکا، لە جووڵەو تۆنە دەنگییەکانی خۆی دەست پێدەکا، بەتایبەتی لە لابۆری شانۆی لالشدا دەنگ بە شێوەیەکی زۆر گرنگ و سەرەکی سەرچاوەیە بۆ خولقاندنی جووڵە جەستەییەکان و ڕووداوە فیزیکییەکان، بەمەش نمایشێک دەخولقێت.

# پێشنیازو ڕاسپاردەکانی سێیەمین ڤیستیڤاڵی کورتە فیلمی هەولێر

**موحسین محەمەد**

بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای هەولێر، لە ڕۆژانی ٢ ـ ٦/ ٥/ ٢٠١٠ سێیەمین فێستیڤاڵی کورتەفیلمی سازکرد، لەم فێستیڤاڵەدا سێ خەلاتی چڵە بەرووی زێرین بەخشرایە فیلمە براوەکان.

لە ماوەی چوار ڕۆژی فێستیڤاڵەکەدا (٤٢) کورتە فیلم پێشاندرا. بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەما ( ٢٠) کورتە فیلمی دروست کردبوو ( ١٥) کورتەفیلم داستانی بوو، ( ٥) کورتە فیلم دیکۆمێنتی بوو. کۆلێژی هونەرەجوانەکان بەشی سینەما بە دوو کورتە فیلمی داستانی بەشداری کردبوو. تیپی نواندنی هەولێر بە یەک کورتە فیلمی داستانی بەشداری کردبوو. یەک کورتە فیلمی بەرهەمی تایبەت لە هەولێربەشداری هەبوو شاری کەرکووک بە یەک کورتە فیلمی دیکۆمێنتی بەشداری هەبوو. شاری سلێمانی و شارۆچکەی زاخۆ هەر یەکەو بە کورتە فیلمێکی داستانی بەشداریان هەبوو.

هونەرمەندانی کوردستانی تورکیا بە شەش کورتە فیلم بەشداربوون. هونەرمەندانی کوردستانی ئێران بە ( ٥) کورتە فیلم بەشداریان هەبوو، یەک کورتە فیلم لە تاران و یەک کورتە فیلم لە شاری ئیلامەوە بەشداریان کردبوو. یەک کورتە فیلم لە بەریتانیا و یەک کورتە فیلمیش لەهۆڵەندا بەشداریان هەبوو.

ڕۆژانی فێستیڤاڵ بەم شێویە بەڕێوە دەچوو : بەیانیان تەرخانکرابوو بۆ سیمنارو کۆڕی ڕەخنەیی فیلمە نمایش کراوەکان.ڕۆژی یەکەم بۆ سیمیناری هونەرمەند ڕێڤین عەساف بوو، ڕۆژی دووەم بۆ سیمناری هونەرمەند بەهمەنی قوبادی بوو، ڕۆژی سێیەم بۆ سیمناری هونەرمەند شەوکەت ئەمین بوو، ڕۆژی چوارەم بۆ ئامادەکردنی پێشنیازو ڕاسپاردەکان تەرخانکرابوو، ڕۆژی پێنجەم، ڕێورەسمی دابەشکردنی خەلاتەکانی فێستیڤاڵ بەڕێوە چوو. بەیانیان ڕۆژانە ( ٥٠ ـ ١٠٠) کەس ئامادەی سیمنارو کۆڕە ڕەخنەییەکان دەبوون. ئێواران ( ٤٠٠ــ ٥٠٠) بینەر ئامادەی بینینی فیلمەکان دەبوون، ئەمەش مایەی دڵخۆشی بەشدارانی فێستیڤاڵەکە بوو.لە ڕۆژی کۆتاییدا بەشداران و ئامادەبووانی سیمینارەکان ئەم پێشنیازو ڕاسپاردانەیان بۆ فێستیڤاڵی سێیەم هەبوو.

١/ فێستیڤاڵی چڵە بەرووی زێرین بکرێتە فێستیڤاڵێکی ساڵانەی تایبەت بە هونەرمەندانی هەولێر، میوانداری تێدانەبێ، کۆڕی ڕەخنەیی و سیمناری فیلمسازی بۆ هونەرمەندانی بەشداربوو سازبکرێ.

٢/ هەر دوو ساڵ جارێک فێستیڤاڵێکی سەرتاسەری سازبکرێ بۆ باشترین ٣ کورتە فیلم لە هەر شارێکی کوردستان، کورتە فیلمی هونەرمەندانی بەشەکانی تری کوردستان، کورتە فیلمی ولاتانی تر، پێشبڕکێ لە نێوان بەشداران یەکسان بێت، جیاکردنەوەی تێدانەبێ.

٣/ دانانی ناوێک بۆ فێستیڤاڵی سەرتاسەری کورتە فیلم.

٤/فێستیڤاڵی تایبەت بەشاری هەولێر ئامانجی هەبێ، وەکو.(فێستیڤاڵی کورتە فیلم دژی توندو تیژی )

٥/فێستیڤاڵی سەرتاسەری ئامانجی کراوەبێت.

٦/ فێستیڤاڵی تایبەت بە شاری هەولێر ساڵانە لە ڕۆژی ٢٧ /٤ ڕۆژی لە دایکبوونی هونەرمەندی گەورە یەڵمازگونای سازبکرێ.

٧/ فیلمەکان جۆری باش بن، ژمارەی زۆر مەرج نەبێ.

٨/ بەشی پەراوێز بۆ نمایشی فیلمسازە ئارەزومەندەکان دابنرێ.

٩/ڕۆژانی فێستیڤاڵ زیاتر بکرێت لە ٥ ـ ٨ ڕۆژ.

١٠/ ئەوڕۆژانەی کە فێستیڤاڵ سازدەکرێ لە شاری هەولێر شێوازێک لە ئاهەنگسازی لە شەقام و بازار دیار بێت.

١١/هەرخولێکی فێستیڤاڵ ماڵپەڕێکی لە ئەنترنێت بۆبکرێتەوە.

١٢/ شوێنی نمایشی فیلمەکان لە نزیکی شوێنی حەوانەوەی میوانەکان بێت، شوێنێک هەبێ بۆ یەکتربینینی هونەرمەندان، باشتر وایە وێنەگرو دەرهێنەر و ئەکتەر میوانداری بکرێن. بۆ ئەوەی ڕۆژانە لە نزیکەوە بیرورا ئاڵوگۆڕبکرێ لە فێستیڤاڵی سەرتاسەریدا.

١٣ / باشترکردنی سیستەمی پەخشی فیلمەکان و باشتر کردنی دەنگی پەخش.

١٤/لە نێوان پەخشی فیلم ماوەیەکی کورت هەبێ، یەکسەر فیلم بەدوای فیلم پەخش نەکرێ ئەگەر ماوەکە کورتیش بێ بەلام هەبێ.

١٥/ ئەو کورتە فیلمانەی فێستیڤاڵ لە شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان نمایش بکرێن بۆ ئەوەی بینەری ئەو شوێنانە بێبەش نەبن لەم هونەرە.

١٦/ بایەخدان بە ڕۆشنبیری سینەمایی لە ڕێگەی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان.

١٧/ لە کاتی فێستیڤاڵەکان، پێشانگای فرۆشتنی کورتە فیلم و فیلمی درێژی کوردی و جیهانی بکرێتەوە. هەر لەهەمان شوێن پێشانگای فرۆشتنی کتێبی سینەمایی و پێشانگای فۆتۆگرافی بۆ فیلمە کوردییەکان بکرێتەوە.

١٨/ بایەخدان بە هونەرمەندانی ئافرت لە بواری هونەری سینەمادا.

١٩/ سازدانی سیمنارو وۆرکشۆپ لە بواری هونەری سینەما لە ڕۆژانی فێستیڤاڵ.

٢٠/ ڕوومالکردنی وێنەیی و دەنگی بۆ ڕۆژانی نمایش و سیمینارو کۆڕە ڕەخنەییەکان.

٢١ / دیارکردنی شوێنێک بۆ لێدوان و دیمانەی ڕۆژنامەگەری و ڕادیۆو تیڤی.

٢٢/ دانانی سیستەمی وەرگێران بۆ ئەو میوانانەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دێن.

بێگومان دەسەلاتدارانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان و بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای هەولێر، لە هەر خولێکی ڤیتستیڤاڵەکادا، دەتوانن سوود لەو پێشنیارو ڕاسپاردانە وەربگرن بۆ مەبەستی جوانتر کردن و گەشەپێدانی ئەم هونەرە. بەپێچەوانەوە فەرمامۆشکردنی پێشنیازو بیرو بۆچوونی هونەرمەندان و میوانانی بەشداربووی هەر فێستیڤاڵێک بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی ئەو دەسەلاتدارانە. هەر لەم گۆشەنیگایەوە، گەشەکردن پێشڤەچوونی سینەما لە کوردستان هەر بۆ سەردەمی ئەو دەسەلاتدارانە دەگەڕێتەوە، ئەگەر مەبەستیان بێت هونەری کوردی لەشاری هەولێر گەشەبکا. من زۆر چاک لەوە دڵنیام کەسانی دڵسۆز هەنە ئەو ئامانجەیان هەیە و کەسانێک هەنە ڕۆژگاربەسەر دەبەن، هەر بۆیەش دەبینین ڤیسنیڤاڵێک ئاستی بەرزە، فێستیڤاڵیکی دیکە ئاستی زۆر نزمە، ئا ئەمەیە کێشەکە.



## ئەزموونگەریەت لە شانۆ (١٢)

هیوا سوعاد یونس

دوای ئەم هەموو باسە دێینە سەر ئەوەی باس لە یەکێک لە دیاردە گرنگەکانی شانۆ بکەین، کە هەمیشە وەک ئەزموونێکی زیندوو و ئەکادیمی لە دنیای شانۆدا دەدرەوشێنەوە، ئەویش قوستەنتین ستانسلافسکی و شانۆی هونەرە، ستانسلافسکی ئەو پیاوەی کەوا رۆڵێکی گەورەو کاریگەری لەمێژووی شانۆی نوێدا هەبووە هەموو هەوڵێکی داوە بۆ ئەوە شێوازێکی تایبەت بۆ هونەری نواندن بدۆزێتەوەو تیپەکەی ببێتە خاڵێکی پرشنگدار لە جیهانی شانۆی هاوچەرخدا، تیۆرەکانی بوونەتە مەنهەجێک کەوا لە زۆربەی زۆری تیپە هونەرییەکان و زانکۆکانی هونەری لە جیهاندا پەیرەو دەکرێن بە مەبەستی بیناکردنی ئەکتەری راستەقینە، بەرای ستانسلافسکی پێویستە ئەکتەر وەک هونەرمەندێکی سەرەکی بە نمایشی شانۆیی پابەندبێت لەبەرئەوەی بەرپرسیاری یەکەمە لە گەیاندنی بابەتەکە یاخود ناوەرۆکی دەقەکە بۆ بینەر. هەروەها دەڵێ: کەرامەتی ئەکتەر لامان مەبەستەو هەوڵی ئەوە دەدەین کە ژیانێکی ماددی هێمنی بۆ دروست بکەین، مەبەست لێرە تەنها ژیانی خێزان کۆمەلایەتی نەبوو بەڵکو ژیانی ناو شانۆش، چونکە ئەکتەر کاتێکی زۆر لە داهێنان بەسەر دەبات ئەمەش مانای وایە ئەکتەر پێویستی بە پشوودان هەیە، هەروەها ئاسوودەییش ئەم ئاسوودەییە چ مەعنەوی بێ یان مادی بەمەرجێ لەگەڵ پێداویستی ئیشەکەی بگونجێ بەتایبەتی پێداویستی فیکری و گیانی پێویست بۆ بیناکردن و چاودێری "قوستەنتین ستانسلافسکی" لە ساڵی "١٨٦٢" لەدایک بووەو لە ساڵی ١٩٣٨ کۆچی دوایی کردووە لە خێزانێکی دەوڵەمەندی باوکی بەئەسڵ تورکی بووەو دایکیشی ئەکتەرێکی فەرەنسی بووە، دەوڵەمەندی خێزانەکانی بووەتە هۆی ئەوەی کەوا ستانسلافسکی هەر لە منداڵیەوە لە ئاهەنگی پێشوازی کردن و نمایشی هونەری راهاتبێ و شانۆی خۆش بوویێت، ئینجا لە جەژنی لەدایکبوون و مارەکردن گۆرانی گوتووە و سەماشی کردووە. لە پاشان شانۆیەکی بووکەشووشەی دامەزراند و لە ئاهەنگی بۆنەکان بوو کە شووشەکانی خۆی نمایشکرد و زۆرجاریش دەچووە شانۆی "مالی" بۆ بینینی نمایشی شانۆیی، زۆر ئاسایی بوو کەوا ستانسلافسکی رووبکاتە قوتابخانەی دراما لە "مۆسکۆ" بۆ ئەوەی بە تەواوی نواندن و شانۆ ببێتە پیشەی، بەڵام لەبەرئەوەی نەیتوانی لەگەڵ مامۆستاکانی بگونجێ، ناچار قوتابخانەکەی بەجێهێشت کە بە هەمووی سێ هەفتەی لەوێ بەسەربردبوو، ئینجا کۆمەڵێکی دامەزراند بەناوی "کۆمەڵەی مۆسکۆی هونەر و ئەدەب" ئەمەش تایبەت بوو بە ئارەزوومەندان تا ئەوکاتەی چاوی بە هونەرمەند "نیمرۆفشن دانشکۆ" کەوت لە دانیشتنەکەی بەناوبانگ لە گازینۆی "bazarslave" کە هەژدە کاتژمێری خایاند، ئەمەش لە رێکەوتی "٢٢- یۆنیۆ- ١٨٩٧" لەم باسی بنچینەی زانستی و هونەری شانۆی نوێیان کرد و هەروەها باسی ئەو کێشانەیان کرد کەوا شانۆی رووسی باسیان لێوەدەکات و باسی بنەمای سەرەکی شانۆیان کردو ئاکاری و هونەری و ئەدەبی و مەنهەجی شانۆ کە لەسەر دوو بنەما پێکهاتووە:

یەکەم: دەقی شانۆییە بە مەرجێک نامەو پیشەیەکی کۆمەلایەتی بێت.

دووەم: ئەکتەر

ئەوکاتەی "ستانسلافسکی" و "دانشکۆ" "شانۆی هونەریان دامەزراند لە مۆسکۆ لە ساڵی "١٨٧٩" زۆر ئاسایی بوو کەوا بە تەواوی پرۆگرامی شانۆ بگۆڕن. ئەم گۆڕینەش لەرێگەی شەپۆڵی شۆرشگێرانەی نوێی ستانسلافسکی لەم قۆناغە ئەزموونگەرییە شانۆی "قەیسەر فیۆدۆر"ی تۆڵستۆی نووسەر و یۆلیۆس سیزەری شکسپیر بوو دەربارەی شانۆی یەکەم ستانسلافسکی سوور بوو لەسەرئەوەی سەر لە شوێنەواری مێژوویی بدات بۆ ئەوەی شارەزای جیهانە راستەقینەکە بێت و سووربوو لەسەر ئەوەی ئێکسسواری راستەقینە بەکاربهێنێ، بەڵام دوای ئەوەی کە هەستی کرد ئەم کردەوەیە زۆر لە هونەرەوە دوورە ستانسلافسکی لە تیپەکەیدا دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەیەکی چڕ لەسەر ریالیزمی ماددی بیناو، ئەم لێکۆڵینەوانەش دیراسەی مێژووی جنسی مرۆڤایەتی و واقیعی دەروونی مرۆڤیان دەکرد ئەمەش بۆ دەستبەسەرگرتنی ژیانی ناوەکی کەسایەتی هونەری، ئینجا قۆناغی دووەمی هونەری "ستانسلافسکی" لەگەڵ "چیخۆف"دا دەستی پێکرد لە شانۆی "باڵندەی دەریا" ستانسلافسکی دەڵێ: خۆم بە خوێندنەوەی دەقی شانۆییەکە خەریک کردوو بە شێوەیەکی دوور و درێژ تێبینییەکانم لەلایەنی دەرهێنانەوە دەنووسی بەو شێوەیەی کە خۆم هەستم پێی دەکرد و بە چاوانی خۆم دەمبینی و کاتێ تێبینییەکانم تۆمار دەکرد هیچ بایەخێکم بە هەستی ئەکتەر نەدەدا، چونکە هەموو لایەنەکانم بۆ ئەکتەکان شی کردبووەوە، دەبووایە تێبینییەکانم جێبەجێ کرابان، هەموو شتێکم لە تێبینییەکانی دەرهێناندا نووسی، چۆن کەسایەتییەکان بەرجەستەبکرێن و بەچ شێوەیەک تێبینییەکانی بەڕێوەبەرایەتی شانۆیەکە جێبەجێ دەکرێت و چۆن ئەکتەر دەست بە جووڵە دەکات لەسەر تەختەی شانۆ.

نە یادی دە ساڵەی کردەوەو نە کۆنفرانسە گەورەکەی موزیک و گۆرانی کوردی سازکرد

# دوای عیرفان زەنگەنە کێ دەبێتەوە خەمخۆری گەورەی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران



یادی ١٠ ساڵە بێ حزووری زەنگەنە بەڕێوەچوو

**لە ٢٠١٠/٥/٢٢ هونەردۆست و هونەرپەروەر و خاوەنی کۆمپانیاو هوتێلی چوارچرا عیرفان زەنگەنە بە نەخۆشییەکی کتوپڕ کۆچی دوایی کردو دواماڵئاوایی لە ژیان کرد، لە راپۆرتێکی تێروتەسەلی بەدرخان کارەکانی زەنگەنەو چەند نهێنیەکی ژیانی هەڵدەدەینەوە...**

ئا: مەسعودی مەلا هەمزە

**بە هەزاری دەستی پێکردو دەیویست خزمەتی هەژاران بکات**

عیرفان زەنگەنە لەدایکبووی ساڵی ١٩٦١ی شاری کەرکووکەو وەکو هەموو جارێک خۆی باسی دەکرد منداڵە هەژار بووەو دوای ماندووبوون و کارکردنێکی زۆر توانیویەتی بگاتە ئەو پلەیە بۆیە بە بەردەوامی حەزیدەکرد خزمەتی هەژاران بکا، بەپێی ئەو زانیارییانەشی دەست بەدرخان کەوتووە مانگانە چەندین بنەماڵەی هەژار لە چوار چرا مووچەیان وەرگرتووە.

**دەبێ هونەرمەند بەقەد گەورەیی خۆی رێزی لێ بگیرێ**

زەنگەنە جگە لەوەی لەژیانی خۆی بە بەردەوامی رێزی لە هونەرمەندان دەگرت، بە شێوەیەک زۆربەی هونەرمەندان وەکو برا گەورەیەک لە زەنگەنەیان دەڕوانی، ئەو بە بەردەوامی دەیگوت دەبێ هونەرمەند بەقەد گەورەیی خۆی رێزی لێ بگیرێ، لەهەموو هونەرمەندان زیاتر زەنگەنە زیاتر دۆستی ئەو هونەرمەندانە بوو کە لەژیاندا هەژاربوون و بە هەژاری کاری خۆیان دەکرد، جگە لەوە زەنگەنە بە بەردەوامی لە هەوڵدابوو تا هونەرمەندان بەرهەمی ماندووبوونی خۆیان بخۆن، لە دیدارێکی بەدرخان دەربارەی ئەو هەوڵەی خۆی گوتی: بەدڵنیاییەوە ئێمە زۆر هەوڵمانداوە و بەدەستێکیش چەپڵە لێ نادرێ بەڵام بەداخەوە تاکو ئەمڕۆ کەس نەیتوانیوە بەهیچ شێوەیەک ئیستیفادە بکات لە فرۆشتنی یاخود بەرهەم هێنانی سیدیەکی خۆی، چونکە ئەو بەرەڵلایی یەی کە ئەمڕۆ هەیە، زۆر گەورە لەوەی کە تۆ ئەمڕۆ بتوانی دەستکەوتێکت هەبێ لە فرۆشتنی بەرهەمێکدا.

**چوارچرا ماڵی هونەرمەندان و رۆشنبیرانە**

هەر هونەرمەند و رۆشنبیرێک هاتبێتە شاری هەولێر سەردانی هوتێل و کۆمپانیای چوارچرای کردووە، ئەو هوتێلە ببووە شوێنێکی وا کە کەم لە هونەرمەندان و رۆشنبیران هەستیان دەکرد ئەوە هوتێلێکە بەقەد ئەوەی وەکو ماڵێکی هونەری لێیان دەڕوانی، جیا لەهەموو ئەوانەش بەفەرمانی خودی عیرفان زەنگەنە هونەرمەندان و رۆشنبیران لەو هوتێلە مامەڵەیەکی جیایان لەگەڵ دەکرا.

**خزمەتی هونەری کوردی و فۆلکۆری دەکرد**

ئەگەر بەوردی سەیری هەر ١٣٧ ئەلبوومە بەرهەمهێنراوەکەی کۆمپانیای چوارچرا بکەین ئەوا بێشک بۆمان دەردەکەوێ کە زەنگەنە زۆرترینی کارەکانی کارکردن بووە بۆ بەرهەمی ئەو هونەرمەندانەی خزمەتی هونەری کوردی کردووەو بۆنی فۆلکلۆری لێ هاتووە، لە دیدارێکی بەردخاندا کە لە ژمارە ٩٠ بڵاوکراوەتەوە زەنگەنە لەوبارەیەوە دەڵێ: ئێمە هەر لەیەکەم رۆژی دەست پێکردنمان بۆ کار لەکۆمپانیای چوار چرا شەرت و شروت و ئەو مەرجانەی ئێمە جیاوازە لە گۆرانی بێژ بۆ گۆرانی بێژ دەگۆڕێ، خودی گۆرانیبێژ خۆی دەزانێ مەرجەکان چییە؟ ئەگەر بێینە سەر حەقیقەت مەرجێکە شمولی هەمووی دەکات ئەویش خاڵێک هەیە پێی دەڵێن خاڵی تێگەیشتن، ئەو خاڵی تێگەیشتنە هەموو لایەن و کەس و هونەرمەندان دەگرێتەوە کەوا کار دەکەن لەگەڵ چوار چرا. خاڵی تێگەیشتن بریتیە لەو واقیعەی کە ئەمڕۆ هەیە لەناو بازاڕی کوردیدا.

**هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەردە دڵی خۆیان لای باس دەکرد**

عیرفان زەنگەنە لە بەشی هەرەزۆری چالاکییەکانی خۆیدا و بە تایبەتی ئەو چالاکییانەی بە بۆنەی بۆنە نەتەوەییەکان سازدەکران هەوڵی دەدا هونەرمەندانی هەرچوار پارچەی کوردستان کۆبکاتەوە، ئەو باس لەوە دەکا هەموو هونەرمەندانی هەرچوار پارچەکە دەردەدڵی خۆیان لای ئەوان باس دەکەن:" دەتوانم بڵێم کەس لەگۆرانی بێژانی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان نیە پەیوەندی نەکردبێ بەئێمە و ئازار و ئێشی خۆی بۆمان باس نەکردبێ، هەموو لایەنەکانی ئەو بوارە لای ئێمە ڕوون و ئاشکرایە جابۆیە ئێمە وەکو چوار چرا هەمیشە خۆمان وەکو بەرپرسێک و خەمخۆرێک دادەنا بۆ ئەوەی بتوانن هاوکاری و ئاسانکاری ئەو برادەرانە بکەین".

**ئەرشیفی کۆمپانیاکەو شەخسی خۆی بۆ بردن**

عیرفان زەنگەنە تەنها کاری بۆ هونەرمەندان نەکردووە، بەڵکو وەکو کەسێکی خەمخۆر خزمەتێکی یەکجار زۆریشی بە دەزگا راگەیاندنەکان کردووە، ئازاد سادق کە ئەوکات بەڕێوەبەری کەناڵی هەولێری تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان بووە بۆ بەدرخان بەسەرهاتێک دەگێڕێتەوەو دەڵێ: ئەوکاتەی من بەڕێوەبەری تەلەفزیۆن بووم بە حوکمی زروفی سیاسی ئەوکات کەس نەیدەوێرا تخونی تەلەفزیۆن بکەوێ، بەڵام رۆژێک سەفین ساڵح تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی لەگەڵ عیرفان زەنگەنە دەمانەوێ بێینە لات، کە هاتن هەموو بەرهەمەکانی چوارچراو ئەو بەرهەمانەشی زەنگەنە لە ئەوروپا بۆ خۆی کڕیبوو بەدیاری پێشکەشی تەلەفزیۆنی کرد، بەڕاستی ئەوکاتەی عیرفان زەنگەنە ئەوکارەی گەورەترین کێشەمان کێشەی ئەرشیف بوو، بۆیە پێمگوت خۆزگە سەرمایەدارانی هەولێریش وەکو تۆ بیریان دەکردەوە".

**هەقوایە شەقامێک یان شوێنێکی بەناو بکەن**

وەک هونەرمەندان باسی دەکەن و لەکاتی ناشتنی تەرمەکەشی بۆمان دەرکەوت زەنگەنە هەواداری و دۆستی گیانی بەگیانی زۆربووە، کاوە کاوانی یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی زەنگەنە دەڵێ: لە بەرامبەر ئەو هەموو خزمەتەی بە هونەر و فۆلکۆر و کلتووری کوردی کردووە، هەقوایە لەو پایتەختەی خۆمان شەقامێک، کۆڵانێک یان هەر شتێکی دیاربێ بەناوی عیرفان زەنگەنەوە بکرێ.

**١٣٨ ئەلبوومی بۆ هونەرمەندان بەرهەم هێناوە**

لە ماوەی ١٠ ساڵی کارکردنی هونەری کۆمپانیای چوارچرا، ئەو کۆمپانیایە توانیویەتی ١٣٧ ئەلبووم بۆ هونەرمەندان بەرهەم بهێنێ و زیاتر لە ١٠٠ کلیپیش بۆ هونەرمەندان دروست بکا، کە بەشێک لە هونەرمەندان پێیانوایە کلتووری دروستکردن و بەرهەمهێنانی کلیپی پرۆفیشناڵ لە کۆمپانیای چوارچراوە دەستی پێکرد، هەروەک ئەوەش ناشارنەوە کە عیرفان زەنگەنە لە بەرهەمهێنانی ئەلبووم ئامانجی قازانج کردن نەبوو بەقەد ئەوەی ئامانجە سەرەکییەکەی خزمەتکردنی هونەرمەندان و بەهرەو تواناکانیان بوو.

**بەنیازی کۆنفرانسێکی سەرتاسەری بوو**

ماوەیەکی زۆربوو عیرفان زەنگەنە لەخەمی سازکردنی کۆنفرانسێکی گەورەیی سەرەتاسەری کوردستانی بوو بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئەمرۆی هونەری کوردی، دیارە بۆ ئەو چالاکییەکش ٦/٣ ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆمپانیای چوارچرای دیاریکردبوو، بەڵام بەداخەوە مەرگ رێگەی نەدا زەنگەنە ئەو چالاکییە جوان و گەورەیە سازبکات.

**ئاڵای کوردستان بەنرخترین و پیرۆزترین دیاری بوو لای ئەو**

ئەوەی بۆ ساتێک عیرفان زەنگەنەی ناسیبێ دەزانێ کە ئەو چەندە عەشق و عەوداڵی ئاڵای کوردستان بوو، وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکرد جگە لەوەی خەونی بە کوردستانێکی ئازادەوە دەبینی، کەچی بە بەردەوامی کوردستانی گەورە بە ئازادکراوی لەناو دڵی بوونی هەبوو، بۆیە بەنرخترین و گرنگترین دیاری کە ئەو دەیبەخشیە هونەرمەندان و رۆشنبیران ئاڵای کوردستان بوو، بۆیەش چوارچرای کردبووە ماڵێکی هەمیشەیی بۆ هونەرمەندانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەبێ جیاوازی.

**چلەی ماتەمینی و شادی بۆ سازدەکرێ**

دوای کۆچکردن و ماڵئاوایی یەکجارەکی بڕیارە ٢٠١٠/٦/٢٨ لە هۆڵی پێشەوای شاری هەولێر چلەی ماتەمینی و شادی بۆ رۆحی بەرزەفڕی عیرفان زەنگەنە سازبکرێ و بڕیارە تێیدا چەند چالاکییەکی هونەری گەورە نمایش بکرێ، لەوانە نمایشکردنی فیلمێکی دیکۆمێنتی لەسەر ژیانی خوالێخۆشبوو لە دەرهێنانی نزار مامەو پێشکەشکردنی کۆراڵێکی گەورەی میوزیکی.

هەروەها هەر لەو چلەیەدا ١٠٠ هونەرمەندی هەر چوار پارچەکەی کوردستان دێنە سەر شانۆ.

# بە بەشداری تاقە کوڕەکەی... ساڵیادی سەفەرێکی سەرابی میسری بەڕێوەچوو

ئا: هونەری بەدرخان

٢٠١٠/٥/٣١ ساڵێک تێپەڕبوو بەسەر کۆچی دوایی هونەرمەندی دەرهێنەر حوسێن میسری، بۆ ئەو یادەش ناوەندی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی خاک کەرنەڤاڵێکی قەشەنگی رێکخست.

لەو کەرنەڤاڵەدا کە جیاواز لە کەرنەڤاڵەکانی دیکە بەڕێوەچوو، بەبێ ئەوەی هیچ وتار و قسەکردنێکی تیابێ، چوار بڕگەی هونەری لەخۆ گرتبوو، لە بەشی یەکەمی ئەو کەرنەڤاڵەدا هونەرمەندانی شاری سلێمانی لە رێی نواندنەوە گوزەرێکی خێرایان کرد بەناو کارە هونەرییەکانی میسری و لەو رێگایەشدا گەڕانەوە بۆ بەشێک لە دیمەنەکانی کارە هونەرییەکانی، هەر لەو نمایشەش بوو یارۆی تاقە کوڕی میسری بەشداری کرد.



حوسێن میسری

بەشی دووەمی کەرنەڤاڵەکە نمایشێکی هونەرمەندانی شاری کەرکووکی لەخۆ گرتبوو، کە ئەوان بە بەکارهێنانی ئامێری دەف و بە بەشداری شانۆکارێکی کورد و شانۆکارێکی عەرەب گەڕانەوە بۆ ئەو رۆژانەی میسری لە کەرکووک هاوکاریان بووەو کاری بۆیان کردووە.

پارچە میوزیکێک بەناوی "شینێک بۆ میسری" لە ئامادەکردنی سۆران نمایشکرا، کە ئەو پارچە میوزیکە پڕ بوو لە دەنگە جوان و بەسۆزەکەی دەف، ئەو ئامێرەی بە بەردەوامی لەناو کارە هونەرییەکانی میسری بوونی هەبوو.

کۆتایی کەرنەڤاڵەکە نمایشکردنی فیلمێکی دیکۆمێنتی بوو لەسەر هونەرمەند، کە لەو فیلمە دیکۆمێنتیەدا هەوڵدرابوو بە شێوەیەکی جیاواز قسە لەسەر هونەرمەند بکرێ، بەوەی توانرابوو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا قسە بکەن و رای خۆیان لەسەر میسری و بەرهەمەکانی بڵێن.

شیاوی باسە دوایین کاری شانۆیی میسری شانۆگەری هارون بوو کە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان نمایشکراو بڕیاربوو دەزگای بەدرخان بیباتە لەندەن و نمایشی بکا، وەلێ ئەسەف میسری جێیهێشتن و ئەو پرۆژەیە بە ئەنجام نەگەیشت.


قەڵادزە، لە ڕاستەوە: عەلی، کەریم، هەڵۆ برایم ئەحمەد، ڕزگار ڕووتە، مەحمود، نەناسراوە ،کەریم و حەمە جان

# مامە ڕووتە و حەسەن زیرەک

**باوکی ژێکاف**


مامە ڕووتەو حەسەن زیرەک لەگەڵ ساکارو ئارەزوو

مام عەبدولڕەحمان ڕووتە یان "مامە ڕووت" تێکۆشەر و خاوەن هەڵوێست و کوردپەروەر و بەڕێزی شارەکەی کۆیێ. ئاورەحمانە ڕووتە جگە لە بواری سیاسی، کە سیاسەتمەدارێکی گەورەی کورد بوو لە بواری جوگرافیای کوردستان و مێژووی سیاسی کوردستان و بواری کۆمەڵایەتی و هونەرو پەیوەندیی نێوان خەڵک زۆر بەتواناو لێهاتوو بوو، زۆر جار دەیگووت: مامۆستا عەبدولوەهاب یادگاری زۆر خۆشم لەگەڵ حەسەن زیرەک هەیە، حەزدەکەم لەگەڵ دڵپاکی کوڕم بینووسییەوە، داخەکەم نەمان نووسییەوە، لەگەڵ زۆر بابەتی تر بردییە ژێر گڵ. مام ڕەحمانە ڕووتە زۆرجار دەیگووت: مرۆڤی سیاسی دەبێ پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکدا هەبێ و ڕاستگۆو نیشتمانپەروەر بێ، نابێ مرۆڤی سیاسی دوای پارەو پوول بکەوێ، دەبێ لە ڕێگای سیاسەتەوە خزمەت بە نەتەوەکەی بکات، لە کارو پیشەی خۆی دەبێ زۆر دڵسۆز بێ و داوێن پاک بێ هەروەها دەیگووت: مرۆڤی سیاسی دەبێ لەبواری مێژوو و جوگرافیاو هونەرو شیعرو چیرۆک و وشەی کوردیش دەبێ زۆر بە توانابێ و شارەزایی لێ هەبێ، بەڵگەش بۆ سەلماندی قسەکەم کوڕی گەورەی مامە ڕووتە، کە لەدایکبووی سالآنی "٤٠"ەکانە، ناوی ئاراراتە و کوڕی دووەمی کە لەدایکبووی "١٩٤٦" ناوی ڕزگار و هەموو منداڵەکانی ناوی کوردین. کە ئەوکات ناوی کوردی دەگمەن بووە، بەڵام لەلای مامە ڕووت ئاواتی وشەی کوردی و ناوی کوردی بووە، زۆر تامەزرۆی هونەری کوردی بووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٦٦ وێنەی لەگەڵ حەسەن زیرەک و دوو کچەکەی لە گوندی "دزی" ناوچەی تەرگەورەی نزیک ڕەزایە لە کاتی ژنهێنانی بۆ سەید عەزیز شەمزینی گرتووە، کە ئاهەنگیان بۆ گێڕاوە و حەسەن زیرەک گۆرانی لەم ئاهەنگەدا گووتووە. هەتا بڵێی مرۆڤێکی هێمن و لەسەر خۆو خەڵک ناس بوو.

زۆربەی خزم و کەس و کاری لە دەوروپشتی بوون، پیاوماقوڵ و پیاوی سوڵح و مەسرەتیان بوو، پیاوێکی زۆر ناسراو بوو لە کوردستان و برادەرو هاوڕێی خۆی لە یاد نەدەکرد، بەهەر جۆرێک با سەردانی دەکردو زۆر دڵسۆز و دڵپاک بوو بۆ برادەرانی و خەڵکی زۆر لەلا گەورەبوو، زۆر حەزی لە یارمەتی و پیاوەتی دەکرد. "زیرەک و مامە ڕووت" هەردووکیان زۆر بەرزن، یادیان بەخێر.

# "ڕێبەری باری شارستانی"م خوێندەوە



**پارێزەری ڕاوێژکار**
**حوسامەددین سەرداری**

بەم دواییە و بەکارێکی پارێزەرایەتی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شارستانی هەولێرم کرد، لەڕاستیدا فەرمانبەرانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتگوزارییەکی زۆرگرنگ پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکەن و و هەرکەسێک ڕەگەزنامەو پاسەپۆرت دەربهێنێت پێویست دەکات سەردانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بکات، هەرکەسێک پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدات یان ژنەکەی تەڵاقداوە و هەر ژن و مێردێک منداڵیان ببێت و هەرکەسێک نزیکێکی بمرێت، هەرکەسێک بیەوێت ڕۆژی لە دایکبوون و گۆڕینی ناوی و نازناوی وەدەرهێنانی ناسنامەی شارستانی ونبوو ئەنجام بدات پێویست دەکات سەردانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە بکات، فەرمانبەرانی ئەم فەرمانگەیە ئامادەن لە پێشوازیکردنی ئەم هاووڵاتییانە بۆ ڕایی کردنی مامەڵەکانیان. جا هەر وەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد لە سەردانەکەمدا لەگەڵ یەک لە فەرمانبەرە بەڕێزەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە تاوتوێی مامەڵەیەکم کرد، وەڵامی دامەوە و وتی: بۆ ڕێبەرەکەی کاک عەبدوڵلای بەڕێوەبەر ناخوێنیتەوە، کە تێیدا وەڵامی هەموو پرسیارەکانتی تێدایە؟ منیش وتم، ئەم ڕێبەرە لە کوێ هەیە؟ وتی: لەلای بەڕێوەبەر. منیش سەردانی بەڕێز (کاک عەبدوڵلا ئەحمەد موستەفا ڕواندزی)م کرد و داوای ئەم ڕێبەرەم لێکرد، کە بۆ خۆم کۆپی بکەم و سوودی لێ وەربگرم، ئەویش زۆر بەڕێزەوە دانەیەک لە ڕێبەری باری شارستانی پێشکەشی کردم، کە لەلایەن بەڕێزییان وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردی و ڕوونکردنەوەی لەسەر نووسیوە و پێداچوونەوەی یاسایی لەلایەن شارەزای مافپەروەر خولێخۆشبوو (خەسرۆ ڕەحمان قادر) ئەنجام دراوە، خوالێخۆشبوو یەکێک بوو لە شارەزا زیرەکەکانی کاروباری شارستانی و ڕەگەزنامە و وەڵامی هەموو پرسیارێکی لا هەبوو، داوا لە یەزدانی مەزن دەکەم، کە گۆڕەکەی پڕ نور بێت و شوێنی بەهەشت بێت. پێداچوونەوەی زمانەوانیشی مامۆستا هاشم ئەحمەد ڕواندزی ئەنجام دراوە. ئەم ڕێبەرە لە (٩٥)لاپەڕەی قەوارە گەورە پێکهاتووە، پێشەکییەکی ڕێک لەلایەن وەرگێڕەوە نووسراوە وەکو ڕێنماییەک بۆ فەرمانبەرانی تۆماری شارستانی، لە ڕاستیدا منیش دوای خوێندنەوەی ڕێبەرەکە سوودێکی زۆرم لێ بینی، لێرەدا پێویست دەکات دەستخۆشی لە برای بەڕێوەبەر بکەم بۆ ئەم ئەرکەو شەونخوونییەی بەڕێزیان ئەنجامی داوە لە وەرگێران و ڕوونکردنەوە بە پێزەکانی لە ڕێبەرەکە، هەروەها سوپاسی بکەم بۆ پێشکەشکردنی ڕێبەرەکە بە نووسەری ئەم بابەتە. لەڕاستیدا ئەم ڕێبەرە هەموو خزمەتگوزاری و کارە گرنگەکانی باری شارستانی لەخۆگرتووەو سوودێکی یەکجار زۆری بۆ خوێنەرو فەرمانبەرەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی کاروباری شارستانی هەیە.



لە کۆتاییدا سەرەڕای ئەوەی کە وەرگێڕانەکە هەڵەی زۆری تێدایە، کە داواکارم ئەگەر چاپی دووەمی کتێبەکە کرایەوە، ئەم هەڵانە ڕاست بکرێتەوە، دووبارە دەستخۆشی لەبەڕێزیان دەکەم و داواکارم کاری باشتری بە دواوە بێت.

# ڕۆژانێ بوو 47

بەڵێ هەر لە هەفتاکان، گۆڕەپانەکان گەرم و گوڕ بوون لە ململانێی ڕامیاری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشی و گشت و گۆڕانکارییەکانی دی ژیان و ژیاری بە بوژانەوەو بنیاتنان و جۆرێک لە ئارامی و نیشتەجێی و ڕێکخستنەوەی باری کۆمەڵایەتی و خێزانی و ئاهەنگێڕان و یادکردنەوەی بۆنەکانی نەتەوایەتی و نیشتمانی و کۆمەڵایەتی... هتد جا لەو گۆڕەپانە گەرمەدا ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و پیاچوونەوەکان،



**موحسین ئاوارە**

بە تایبەتی لە باری ئەدەبی لێرەو لەوێ، کە بەدیاردەکەوت هەندێ جاریش مەسەلەکان یان بڵێین بابەتەکان خوێندنەوەی ڕامیاریانەی بۆ دەکرا، بۆ نموونە لە "١٩٧٣"دا کاک کەمال غەمبار بەچەند ئەڵقەیەک لە گۆڤاری "الیقافە"دا چەند ڕەخنەیەکی توندی بڵاوکردەوە لەسەر شیعرەکانی شاعیر "عەبدوڵلا پەشێو"، کە ڕەخنەگرو شاعیری ناوبراو لە بیرو بۆچوون و ئایدۆلۆژیایاندا دوو جەمسەری لەیەک جیا بوون، لە کاتێکدا کە شاعیر عەبدوڵلا پەشێو بە توندی ڕەتی ڕەخنەکانی کاک کەمال غەمباری دەکردەوە و شتی تر و مەسەلەی تری دەوروژاند، خوێنەرانیش بە بەردەوامی و بە پەرۆشەوە بە دواداچوونیان هەبوو بە جۆرێک کە گۆڤاری " الیقافە " و ڕۆژنامەی برایەتی دەکەوتە بازاڕ ململانێیەکی ئەوتۆی دروست کردبوو، ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەیە بە ئاسانی دەست نەدەکەوتن و ڕیزی بۆ دەگیرا بۆ خوێندنەوەی، بەتایبەتی کە عەبدوڵلا پەشێو ڕەخنەکانی کەمال غەمباری بە باری مەسەلەیەکی سیاسی لە قەڵەم دەدا، گوایە لەبەرئەوەی شیعرەکانی نەتەوەیین و لەفکردا لەگەڵ ڕەخنەگر دژکارن و عاتیفەی خوێنەرانی نەتەوەپەرستانی ئەوسای دەجووڵاند، کە ڕق لە ڕەخنەگر هەڵگرن، چونکە ئەوسا بارێکی سیاسی وا ڕەخسابوو.. هەروەها بە هەمان شێوە برای شاعیر لەتیف هەڵمەت کە پێشوازییێکی نموونەیی لێ دەکرا سەبارەت بە شیعرە بڵاوکراوەکانی لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لەبەرئەوەی شیعرەکانی ناوبراو گیانی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی و بەرگری و یاخیبوونی تیابوولە پاڵ جوانکارییەکانی سروشتی و دڵداری و ناسکی جا لەو ساڵانەشدا کاک "ئازاد عەبدولواحد"ی ڕەخنەگرو نووسەر بەچەند ئەلقەیەک پێداچوونەوەیەکی ورد و قووڵ و زانستیانەی لە مەڕ شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت ئەنجامدا، ڕەخنەکان توند بوون و پاڵیان بە ستوونگەیەکی هونەری و تەکنیکی دابوو، ئەم ڕەخنە هونەرییە لە یادم مابێ لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری ڕۆشنبیری و بەیان و هاوکاری گەلێک بۆچوون و مشتومڕی نایەوە و گۆمێکی مەنگی شڵەقاند و گۆڕەپانەکەی گەرم کرد لە پێناو شکاندنی بەستەڵەکی ١+١=٢، بەڵام لەبەرئەوەی جەماوەری خوێنەرانی نەتەوەپەرست و کوردانی پەیوەست بە کوردایەتییەوە نەیدەتوانی بڕوا بەم واقیعە بهێنن، کە کاک ئازاد وروژاندبووی سەبارەت بەو تازەگەرییە و گۆڕانکارییە تازانەی لە دنیای شیعردا سەریهەڵدابوو، بۆیە چەند تۆمەت و قسەی ناشیرین دەدرایە پاڵ ڕەخنەگر و بەرگری لەسەرجەم شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دەکرا جا دوارۆژگارەکان، کە پێیدا تێپەڕبووین و دەبین، چ بڕیارێک دەدا، ئەمەیان هەر بۆ زەمەن و سەڵماندن و حەقیقەت دەمێنێتەوە.

* هەر لە سەرەتای هەفتاکاندا دوای ڕێککەوتننامەی ١١/ی ئادار تا ئەوکاتەی ١٩٧٤ کە شۆڕشی ئەیلوول جارێکی تر بە هەڵشاخانێکی تری ملیۆنی کوردان شەڕ دەستی پێکردەوە لەگەڵ ڕژێمی بەعس لەو چەند ساڵەی ڕێککەوتننامەیەدا لە هەولێر حزبی بەعس بارەگایەکی بچووکی هەبوو لە خوار پارێزگای هەولێر و لە نزیک تاوەری مایکرۆیڤ، کە هێندە ژمارەیان کەم بوون بە پەنجە دەژمێردران بە "عەبدولمنعم بادی و خەلەف و حەمید مەرمەڕچی و عامر"و چەند زڕ کوڕێک کە یەکێکیان لەوانە ناوی "نەجات عەبدۆ باوە" بوو پاشان خۆیان تیرۆریان کرد، لەبەرئەوەی گوایە پەیوەندیی نهێنی لەگەڵ شۆڕشی کورددا هەبووە... هەروەها دائیرەی ئەمنی هەولێر بەچەند ئۆتۆمبێلێکی بچووکی"واکس واگۆن"دەسوڕانەوەبۆکارەکانیان.. لە ئۆردوی سەربازی هەولێریش یانەی ئەفسەران هەبوو، کە ئێستا کە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی لێیە، ئەو جێگایەی کردوو بە گۆڕەپانی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل و باخچە، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی حزبەکەیان ئاهەنگیان لەو یانەیە دەگێڕا، چەندین گۆرانیبێژی عەرەب لە بەغدا و وڵاتانی عەرەبی دەهێنا لەگەڵ سەماکەر و لەشفرۆشان، کە یەکێک لە گۆرانیبێژەکان دەنگی قەبە و زوڵاڵ بوو "داود القیسی"، بوو بە حەماسەتەوە سروودی نیشتمانی لەسەر بەعس دەگووت: کە ئاهەنگێڕانیش ڕووی بڵندگۆکانیان ئاراستەی ناوشار دەکرد، بە ڕەقس و گۆرانی و هەراو هۆریاو چەپڵەڕێزان خەڵکی ئەو شارەیان هەراسان دەکرد، بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا، کە ئەوکات خەڵکی ئەو شارە زۆبەی هەرە زۆری لەسەربانەکانییان دەخەوتن و شار بچووک بوو، دەنگ دەڕۆیی... بەڵام زۆر کەم وا دەبوو خەڵکی ئەم شارە بچن بۆ ئەو داوەت و بۆنە و ئاهەنگانە نە بەشداریان دەکرد و نە هاوکار بوون لەگەڵ بەعس، تەنیا سەربازی عەرەب و چەند فەرمانبەر و سیخوڕەکانییان بە خاوخێزانەوە بەشداریان دەکرد، لەم شارەدا حزبی بەعس وەک پوشکەیەکی سەر ئاو وابوو، هیچ کوردێک بەلایانەوە نەدەچوو، ئەوانیش نەیاندەتوانی خۆیان بە ئاشکرا دەرخەن و داوا لە کەس بکەن بۆ ئەوەی بچنە ڕیزەکانییان، بەڵام بەداخەوە دوای نسکۆی "١٩٧٥"، کە شۆڕشی کورد بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر توایەوە، مەسەلەکان گۆڕان و حزبی بەعس توانی ئەلقەکانی خۆی لە نێو کۆمەڵانی خەڵک فراوان بکات.

# بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی وەفایی

ئا: سەعید عەبدوڵڵا

**سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٥/٢٦ بەشی ڕاگەیاندنی ئەکادیمیای کوردی بەناونیشانی بەرەو ساغکردنەوەی دیوانی وەفایی کۆڕێکی بۆ وەرگێڕی ناسراوی کورد (ناسر حیسامی) ڕێکخست.**
**لەو کۆڕەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە شارەزایانی بواری شیعر و ئەدەبی کلاسیک و نووسەران ئامادەبیوون حیسامی باسێکی بەپێزی لە بارەی شیعری وەفایی پێشکەش کرد و دواتریش ئامادەبووان ڕاو بۆچوونیان لەبارەی قسەکانی کۆڕگێڕەوە خستەڕوو.**

**دیوانە شێوێنراوەکەی وەفایی:**
مامۆستا ناسری حیسامی گوتی:" لە ماوەی چەند ساڵ لەمەو پێشدا خەریکی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی بووم، وەک دیارە دیوانی وەفایی، کە تائێستا سێ جار چاپ کراوە، بەشێوەیەکە کە زۆر هەڵە و کەموکورتی تێدایە.
**یەکەم:** مامۆستا گیوی موکریانی کردویەتی کە هەموو شیعرەکانی وەفایی تێدا نییە.
**دووەم:** چاپی سیدیان لە مەهاباد
**سێیەم:** مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی ئامادەی کردووە،کە لە چاو دوو چاپەکەی پێشووتر کامڵترە، بەشێک لەو شیعرانەی، کە لە چاپەکانی پێشووتر نین، ئەو چاپە لەخۆی گرتوون، هەڵبەتە ئەو چاپە هەندێک گیروگرفتی تایبەتیشی هەیە،ئەوەیان بە بڕوای من چاپەکەی مامۆستا قەرەداخی بڕوا پێکراوترینیانە.
پێویستە بڵێم کە من ئەمڕۆکە بە شێوەی سەرەکی ڕەخنە لە دیوانەکەی مامۆستا قەرداخی دەگرم، ئەو کەموکوڕیانەی کە لەو دیوانە هەن دەیانخامە بەرچاو، پێویستە بڵێم ئەگەرچی ئەو دیوانە کەموکوڕی زۆری تێدایە، ئەگەرچی دیمەنێکی ئاڵۆز و شێوێنراو و لێڵ لە دیوانی وەفایی وەبەرچاو دەخات، بەڵام ئەوە هیچ لە بایەخی کارەکەی مامۆستا قەرەداخی کەم ناکاتەوە، هەر لەبەر زەحمەتەکەی ئەو ئێمە ئێستا دیوانێکی وەفاییمان لەبەردەستدایە و بەشی هەرەزۆری شیعرەکانی وەفایی لەبەر دەستدایە، دەرفەتی ئەوەمان دەست دەکەوێ لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی بکۆڵینەوە".
دوای ئەم پێشەکییە مامۆستا ناسری حیسامی هاتە سەر دەقی باسەکە و گوتی:"دەستخەتەکان هیچیان هی وەفایی خۆی نین و هەر بۆیە جێگای متمانەی تەواو نین، لە هەموو نوسخە لەبەر گرتنەوەیەک ئیمکانی بە هەڵەنووسین و وشەکەوتن هەیە، بێجگە لەوەش نووسخەکان بە ڕێنووسی کۆن نووسراون.
**چاپی گیوی موکریانی:** گیوی وەک خۆی لە لای مامۆستا هێمن ی شاعیر باسی کردووە، نوسخەی نووسراوی لەبەر دەستدا نەبووە و شیعرەکانی لە زمان کەسێکەوە بیستووە، بێجگە لەوەیش گیو قسەی ئەوەی لەسەر بووە گوایە خۆی دەستکاری شیعرەکانی کردووە.
**چاپی سیدیان:** لە زۆر جێگا کە شیعرەکانی وەفایی بۆ ساغ نەکرابێتەوە سیدیان بۆ خۆی بۆشاییەکانی پڕکردۆتەوە و ئەو کارەی جێگای متمانە نییە.
**چاپی محەمەد عەلی قەرەداخی:** لە چاپەکەی قەرەداخیدا هەڵەی زۆری تێکەوتووە، کە بە پێی ئەو هەڵانەی من لەسەریان ڕاوەستاوم زیاتر لە ٢٠٠ هەڵەن، هەوڵ دەدەم لێرەوە چەند نمونەیەک بخەمە بەرچاو:
لەو چاپەی قەرەداخیدا هاتووە:
**فغان و گریەو دل از غم روی تو در زلفت**
**دەڵێی بۆ گوڵ دەناڵێ شو لە نێو بولبول لە سەحرا دا**
**(لەنێو بولبول لە سەحرا دا ) مانا نابەخشێ، لە حاڵێکدا وەهایە:**
**دەڵێی بۆ گوڵ دەناڵێ نیوەشەو بولبول لە سەحرا دا**
نمونەیەکی دیکە:
لە چاپەکەی قەرەداخیدا هاتووە
**درۆت فەرمووی حەزم بێ نایەڵم، گەر ڕاست دەڵێی سا دەی فەرەنگی قەومی دەججالن ئەی مەسیحا، دەوری کەعبەی دا**
**کەس بە یاری خۆی ناڵێت درۆت فەرمو، پاشان ناڵێن درۆت فەرمو، لە حاڵێکدا شیعرەکە خۆی وەهایە:**
**برۆت فەرمووی (خەتم بێ نایەڵم) گەر ڕاست دەڵێی سادەی، فەرەنگی قەومی دەججال، ئەی مەسیحا، دەوری کەعبەی دا**
بۆیە من پێم وایە کە (برۆت) ڕاستە و (درۆت) هەڵەیە، چونکە زۆرجار لە شیعری وەفاییدا برۆ بە قیبلە و کەعبە و میحراب باسی کراوە، بۆنموونە:
**چیم لە ئەبرۆت داوە، من پابەندی زولفم لێم گەڕێ**
**کافری عیشقم بە قیبلەی خۆت موسوڵمانم مەکە**
**گاقی پەیوەستی برۆت وابوو بە قیبلەی خاص و عام**
**کەعبە گەر بۆخۆی بزانێ پشتی میحرابی شکا**
هەروەها لە شیعرەکەدا وەفایی (خەت)ی هەم بە مانی خەتی ڕوخسار هەم بە مانی دەستخەت بەکار هێناوە، بۆنمونە:
**زولفت لە پێ کەوت و خەگ هات بە تەمای قەتلی دڵ**
**ئاخر بە دەست خەگی خۆت گرتت بە کوشتت دا**
**زولف و روخ و لەب عاریچ و خەگ، ژاپقە بەخشن**
**وەک زوهرە لە شەو مەی لە قەدەح گوڵ لە چەمەندا**
**من دەڵێم یاقوت و ریحان، خەگگی کامیان خۆشترە؟**
**ئەو بە عەییاری ئیشارەی لەعلی خەندانم دەکا**
لە شوێنێکی دیکەدا هاتووە:
**لە شایی دارە گوڵ مەسنەدنشین بوو هاتە پشکووتن**
**چەمەن تەختی زومەڕڕەد، (گل) یاقووت ئەفسەری هێنا**
شیعرەکە خۆی وەهایە:
**کە شاهی دارەگوڵ مەسنەدنشین بوو هاتە پشکووتن**
**چەمەن تەختی زومەڕڕەد، گوڵ لە یاقووت ئەفسەی هێنا**
**لەو چاپەی قەرەداخیدا هاتووە:**
**سەرم ناوێ ئەگەر نەیخەم بە حەڵقەی پەرچەم و چاوت**
**شیعرێکی وەفایی بەو هەموو جوانیی و نازکییەوە ئاوای بەسەر هاتووە، کەچی شیعرەکە خۆی وەهایە:**
**سەرم ناوێ ئەگەر نەیخەم بە حەڵقەی پەرچەمی خاوت**
لە چاپی قەرەداخیدا هاتووە:
**زولف خەگاکاربوو چاوت برۆی داخست**
**با بچین ماچ کەین دەستی شای چین و ماچینت**
**خۆی وەهایە:**
**زولف خەگاکاربوو چاوت بە ڕووی داخست**
**با بچین ماچ کەین دەستی شای چین و ماچینت**
**لە چاپی قەرەداخیدا هاتووە:**
**دەمێکی دڵ بڵاوە بەو زولفە پێ بە داوە**
**یاخودا برۆت کشابێ غەریبی دوور وڵاتم**
شیعرەکە خۆی وەهایە:
**دەمێکە دڵ بڵاوە بەو زولفە پێ بە داوە**
**یاخودا بە ڕووت کشابێ غەریبی دوور وڵاتم**
لە چاپی قەرەداخیدا هاتووە:
**نیشانەی قاتیلی نامیهرەبانم ڤاهیرە، یەعنی:**
**فەرەنگی خەگ و، زەنگی زولف و، هیندوو خاڵ و، دڵدارم**
شیعرەکە خۆی وەهایە:
**نیشانەی قاتیلی نامیهرەبانم ڤاهیرە یەعنی:**
**فەرەنگی خەگ و، زەنگی زولف و، هیندوو خاڵ و، دڵ دارم**
لە چاپی قەرەداخیدا هاتووە:
**هەر ڕەگەم تارێکە ناڵەی دێ لە شەوقی ڕوویی تۆ**
**عەندەلیبم، موگریبم، خۆشخوان، گوڵ ڕاموشگەرم**
لە شیعرەکە خۆی وەهایە:
**هەر ڕەگەم تارێکە ناڵەی دێ لە شەوقی ڕوویی تۆ**
**عەندەلیبم، موگریبم، خۆشخوانی، گوڵ ڕامشگەرم**
لە چاپی قەرەداخیدا هاتووە:
**نە داغی جەرگی خۆم زانی، نە مایەی بەرگی خوێنینم**
**شەهیدی دەشتی عیشم، لاڵەڕەنگم من کەڕوڵاڵم**
دەقی شیعرەکە وەها:
**لە داغی جەرگی خۆم زانی، بە مایەی بەرگی خوێنینم**
شەهیدی دەشتی عیشقم، لاڵە ڕەنگم من کە ڕووئاڵم
لە چاپی قەرەداخیدا هاتووە:
**بە تیغی غەمزەت ئەمن و تورکی ڕووی تۆ قەت مەڵێ قوربان!**
**ئەگەر قیمەم بکەن هەر ڕۆژپەرستم، هەر بە یەک حاڵم**
دەقی شیعرەکە وەهایە:
**بە تیغی غەمزە ئەمن و تەرکی ڕووی تۆ؟ قەت مەڵێ قوربان!**
**ئەگەر قیمەم بکەن هەر ڕۆژپەرستم، هەر بە یەک حاڵم**
لە چاپی قەرەداخیدا هاتووە:
**ئەتۆ سەروێکی ڕەنگینی، بە سەر چاوان بێ شیرینی**
**لەبەر چاوم نەڕۆی چاکە، حەیاتم، غارەتی دینم!**
دەقی شیعرەکە وەهایە:
**ئەتۆ سەروێکی ڕەنگینی، لە سەر چاوان بی شیرینی**
**لەبەر چاوم نەڕۆی چاکە، حەیاتم، غارەتی دینم!**
لە چاپی قەرەداخیدا هاتووە:
**بە باغم کوت: بە ڕەنگ و بۆت مەنازە زەرد و سوور بووە**
**ئەگەر بارم هەموو سونبول بێ تایەک زولفی نابینم**
دەقی شیعرەکە وەهایە:
**بە باغم کوت: ((بە ڕەنگ و بۆت مەنازە)) زەرد و سوور بووە:**
**- ئەگەر بارم هەموو سونبول بێ تایەک زولفی ناهێنم**
لە چاپی قەرەداخیدا هاتووە:
**دەمێکە هەر لەتۆی ئاوری دەروون و ئاوی چاوم دام**
**لە دووری تۆ عەجەب ماوم: نە سووتاوم، نە خنکاوم**
دەقی شیعرەکە وەهایە:
**دەمێکە هەر لە نێو ئاوری دەروون و ئاوی چاوم دام**
**لە دووری تۆ عەجەب ماوم: نە سووتاوم، نە خنکاوم**
لە چاپی قەرەداخیدا هاتووە:
**فەرمووی چ کەسی کەوتمە بەر پێی کە(وەفایی)م**
**قوربان چ بوو کە عومرێکە (کە) لات بووم و لە لات بووم؟!**
دەقی شیعرەکە وەهایە:
**فەرمووی چ کەسی کەوتمە بەر پێی کە: وەفایی م**
**قوربان چ بوو عومرێک کەلەلات بووم و لە لات بووم؟!**
هەروەها لە چاپی قەرەداخیدا هاتووە:
**چ خۆش ڕووی دادەهێنا زوڵفی ئەفشان کرد بە دڵداریم؟**
**ئیلاهی قەگ نەکەی ڕۆژ بێ شەوی قەدر و بەراتی من**
دەقی شیعرەکە وەهایە:
**چ خۆش ڕووی واوەهێنا زوڵفی ئەفشان کرد بە دڵداریم**
**ئیلاهی قەگ نەکەی ڕۆژ بێ شەوی قەدر و بەراتی من**
دیسانەوە لە چاپی قەرەداخیدا هاتووە:
**ئەمن کەوتووم لەبەر گریان دەڵێ: دەستی من و دامان**
**صەبا گەر بوویە خوێن دامانی یار، مەگری لە باتی من**
ئەوەی لەسەرەوە نووسراوە ماناکەی ئەوەیە: من لەبەر گریان لە پێ کەوتووم، کەسێکی نادیار دەڵێ دەستی من و دامان (دامانی کێ؟) ئەگەر دامانی یار بوو بە خوێن!! صەبا تۆ لە جیاتی من مەگری، ئەوە یەکێکە لە جوانترین شیعرەکانی وەفایی کە ئاوای بەسەر هێنراوە و شیعرەکە لە هەموو مانایەک داتەکێندراوە، لە کاتێکدا شیعرەکە بەم جۆرەیە:
**ئەمن کەوتووم لەبەر گریان دەڵە! دەستی من و دامان!**
**صبەی گەر بوویە خوێن، دامانی یار بگری لە باتی من!**
هەر لە کۆڕەکەدا مامۆستا ناسری حیسامی ئەم نموونانە و چەندین نمونەی دیکەیشی هێنایەوە، کە هەموویان لە جوانی و نازکی و مانای شیعری وەفایی داتەکێنراون، وێڕای ئەوانەش کە حیسامی باسیکردن، نموونەکانی دیکەیشی هەر بەو جۆرە خستە ڕوو، ئەوەیشی باسکرد کە بەنیازە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە دوو بەرگدا کە یەکێکیان خودی دیوانی وەفاییە و ئەوی تریان ڕاستکراوەی دیوانی وەفاییە و چەندین پەراوێزیشی لەگەڵدایە چاپیان دەکات.
دوا بەدوای تەواو بوونی قسەکانیشی هەروەک خۆی باسیکرد ئەوەی خوێندویەتییەوە بەشێکە لەو هەڵانەی، کە لە دیوانەکەدا هاتووە، هەڵبەت ئەوەش لە خۆڕا نەهاتووە، چونکە قەرەداخی خۆی دەڵێ:" بۆ نموونە ئەگەر لە شوێنێکدا بنووسرێ (کل)، هەڵئەگرێ، گوڵ، گڵ، گەل، کل، کوڵ، کەڵ، کول، کڵی، ئەوەندە بارەی لێ بدۆزرێتەوە"، ئەمەش لە حاڵێکدایە کە مامۆستا قەرەداخی هەر بە زمانی خۆی گوتویەتی:"فارسی باش نازانم و شارەزاییەکی ئەوتۆم لە ئەدەبی فارسی نییە"، هەروەها شارەزای شێوەدوانی موکریانی وەفاییش نییە!، بێگومان ئەوەش لە زۆرجار تووشی هەڵەی کردووە و سەرباری ئەوەش قەرەداخی دەڵێ: "جێ جێ لەبەر تەڕبوون و دڵۆپە لێدراوی شلوێ بووە و باش ناخوێندرێتەوە".

**ژیننامەی وەفایی**
بە دەر لەو کۆڕەی کە لەسەرەوە بە دوور و درێژی ئاماژەمان بۆکرد و چەند لایەکیمان بە نموونەوە خستە بەرچاوان، پێمان باشبوو کە خوێنەرانی بەدرخان ئاشنا بکەین بە ژیننامەی شاعیری نەتەوەییمان وەفایی:
شاعیر ناوی خۆی عەبدولرەحیم کوڕی مەلاغەفوور کوڕی مەلا نەسروڵلایە، لە ناو خەڵکی بە میرزا عەبدولڕەحیم ناوبانگی دەرکردووە و نازناوی شیعری (وەفایی)ە. وەفایی لە شاری سابڵاغ (مەهاباد) لە ساڵی ١٨٤٤ لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و بەرنامەی حوجرەی مزگەوتی لە زانستەکانی ئایینی و ئیسلام و زمانی عەرەبی لە مەهاباد تەواو کردووە، هەر لەوێش مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، بەڵان لەناو خەڵکیدا بە مەلا نەناسراوە، و هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە مەلایەتی کردبێ، بەڵام قوتابخانەی تایبەتی خۆی هەبووە و وانەی بە منداڵان گوتۆتەوە و پێی ژیاوە، شێخ عوبەیدوڵلای نەهری شیعری وەفایی بە دڵ بووە و لەو ڕێگەیەوە ناسیویەتی و ماوەیەکی درێژیش لەگەڵی ژیاوە، شیعریشی بۆ خوێندۆتەوە. وەک لە ژیانی شاعیر دەردەکەوێ حەزی بە گەشتی حەج بووە، لە دوا گەشتیدا بۆ سلێمانی ساڵی ١٩٠٠ ماوەیەک لەوێ ژیاوە و لە ساڵی ١٩٠٢ حەجی سێیەمی کردووە، هەروەک دەشڵێن لە ساڵی ١٨٩٨ لەگەڵ شێخ سەعید حەفید چووەتە ئەستەموڵ و لەوێوە لە گەڵی ڕووی کردۆتە وڵاتی حیجاز. لە چۆلایی عەرەبستان لە سەردەمی گەڕانەوەی وەفایی تووشی نەخۆشی (زەحیری) دەبێ و لەو دوورە وڵاتە کۆچی دوایی دەکات، لە ساڵی ١٩٠٢ دوور لە نیشتیمان بە خاک دەسپێردرێت، لەوبارەیەوە پیرەمێردی شاعیر، کە یەکێک بووە لە کاروانی حاجیانی شێخ سەعید دەڵێت:(بە دەستی خۆم لە بیابان وەفاییم ناشتووە)





## نۆڤلێت (٣١)
# خەرەندەکانی سنوور

کاروان عەبدوڵڵا

دوای چارەگە سەعاتێک (ک) وەک چۆن بەتەنیا هاتبوو، هەروا بەتەنیاش ڕۆیشت، بۆ ئاخرین جار لەبەر دەرگاکە، بەرلەوەی دوا هەنگاوی چوونە دەرەوە بهاوێ، ئاوڕێکی پڕ لە خەندەی دایەوە و بەپەنجە باریکەکانی خواحافیزی لێکردم، لە چاوەکانیدا خۆمم بینی، هەستم کرد لەنێو باوەشی ئەودام و منی لەگەڵ خۆیدا برد، ئەویش لە ئامێزی مندا مایەوەو لەگەڵ خۆمدا بردمە نێو هۆڵی زیندانەکە، هەر بەرێگاوە زەرفەکەم هەڵپچڕی و نامەکەییم دەرهێنا، بەشەوقەوە لێکمکردەوە، بەدوای نووسینێکدا گەڕام، هیچم نەبینی، تەنیا پەپوولەیەکی وشکبووی راستەقینە نەبێ، کە بە لێواری کاغەزەکەوە نووسێنرابوو، لە تەنیشتیشەوە وێنەی بەپەلەی مۆمێک کێشرابوو. ئەونامەیە بۆمنی زیندانی لەساتێکی وادا جوانترین دیاری و پڕ ماناترین پەیام بوو، ئاخر منێک کە لەوێدا تەنیا شاهێدی بەرەومەرگ راپێچدانی خەڵکانێک بوویم و تۆزقاڵێک باوەڕم بە ئازادبوونم نەمابێ، لە پڕ کەسێکی وا سەردانم بکاو کۆشێک هیواو خۆشەویستی لەگەڵ خۆیدا بێنێ، چۆن خوێنێکی گەش و نوێ بەنێو لەشمدا ناگەڕێ و دەرگایەک لە ئومێدوهیوا بەڕوومدا ناکرێتەوە؟ بەڵام ئەوەی بۆمن جێگەی پرسیار و تێڕامان بوو، ئەو ئەوین و سەرەڕۆییە بوو، کە چۆن وا بەکتوپڕی سەریهەڵدا؟ من بۆ جارێکیش بیرم لەو نەکردبۆوە، ئەی چی بوو وای لێکرد منی خۆش بوێ؟ تازە لەنامەکەدا، من ببوومە ئەو مۆمەی بەردەوام دەسووتام و دەتوامەوە. ئەویش وەک پەپوولە بەدوای نوری عیشقی مندا دەخوولایەوە، ئەی خوایە چۆن بتوانم رەگە قوڵەکانی ئەوینی (تارا) لە دەروونمدا هەڵکێشم و شەتڵی تازەی خۆشەویستی بڕوێنم؟ تارا ئەگەرچی بە چەند مانگێک بەر لەوەی بگیرێم، بۆ دواجار شاخەکانی جێهێشت و ملی هەندەرانی گرتە بەر، بەڵام ئەو لە وجودی مندا بەردەوام ئامادەیی هەبوو، زۆریشم هەوڵدا، ئەو سەفەرە یەکجارەکییە نەکا، کەچی سوودی نەبوو، بەڕۆیشتنی تارا، هەستم دەکرد مانایەک بۆ مانەوەم لەوێدا نەمابۆوە، بەڵام هیچ چارە و مەفەرێکم نەبوو، دەبووایە کێوەکان چۆڵ نەکەین و چاوەڕێی موعجیزەکانی ژیان بین، (تارا) لەونبوونیدا منی بەتەواوی بێ ئومێد و سەرگەردانی رۆحی کرد، بەخەیاڵ بەدوایدا رامدەکرد و دەچوومە ئەو وڵاتە نەدیوەی ئەوی لێبوو، تارا تا ئەو ڕۆژەش کەگیرام، هیچ هەواڵێکم لێی نەبیست، راستییەکەی نەمدەزانی لەکوێی ئەو سەرزەمینە گیرساوەتەوە، وەک شنەبایەکی بۆن خۆش هاتوو رۆیشت، وەک بانگی مژدەی هەواڵێکی چاوەڕوان نەکراوبوو، هەموو ئەو ڕۆژ و ساڵانەی پێکەوەبووین، هەر لەخەونێکی دووردرێژ دەچوو، رۆیشتنە لەناکاوەکەی (تارا) دروست لەرفاندن و پەلکێشکردنی ئەو زیندانییانەی دەکرد، کە بۆ دواجار بە چاو خواحافیزیان لێدەکردن. ئەگەر تارا لە پەنای کێوەکان بمابایەوە، سەفەری زیندان هەرچەندیش دووردرێژبووایە، نەدەبووە خەمێکی گەورە، وەک چۆن عەلیرەزا، (دنیا)ی دەهێنایە نێو زیندان و پەرژینێکی لە عیشق بە دەوری خۆیدا دروست دەکردو بە دوور لە چاوەبزێوەکانی پاسەوانانی زیندان، ئازارەکانی رۆژگاری بە خەیاڵەکانی عیشق رادەماڵی، منیش لەگەڵ (تارا) ئاوا دەبووم، بەڵام سەفەری ئەو، تەنیا یادەوەرییەکانی بەبیر دەهێنامەوە، خەیاڵەکانم تەنیا ئەو چرکە ساتانە بوون، کە لەرابردوودا لەگەڵ تارا بەسەرم بردبوون. عەلیرەزا هەم رابردووی هەبوو، هەم داهاتوو، ئەولەسەفەری جەستەو رۆحدا لەگەڵ (دنیا) دانەبڕا بوو، بۆیە ساتەکانی دوارۆژیشی دەچنییەوە..(ک) بۆمن لەساتەوەختێکی وادا، ئەگەرچی هیچ رابردوویەکیشم لەگەڵیدا نەبوو، کەچی ئێستاو داهاتووی بۆخۆی زەوتکرد! بزە پڕ مەحەبەت و چاوە پەپوولە ئاساکانی، بەردەوامی ئەو ئەوینە بوو، کە لەتاراوە دەستی پێکرد. ئەو بەدەم پێی نەوتم (خۆشم دەوێیت) بەڵام بەجەستە، لەوەش زیاتری وت. (ئەو) ئەگەر زۆر بیری لەمن نەکردبێتەوە. ئەومۆمەی نەدەخستە سەر کاغەزو، ئەو پەپوولەیەی لەنێو نامەکە گیر نەدەکرد، ئەی خودایە ئەوە چۆن بوو روویدا؟ سەردانە لەناکاوەکەی ئەو، لەژوانێکی عیشق دەچوو، کەزەمەنێکی زۆری پێچووبێ و بەرنامەی بۆ دانرابێتەوە.. هاتنی ئەو تەنیا یەک مانای هەبوو و بەس ئەویش گەڕانێک بوو، بە دوای عیشقێکی مسۆگەر..
ئەو نامەیە لەو تەنیاییە بکوژەدا، پڕی کردم لە بیرکردنەوەو خەیاڵ، پڕی کردم لە تروسکایی ئەوینێک، کە بێئۆقرەیی و ترس و دوودڵی لە روخسارمدا نەدەهێشت، ئیدی هەستم بەو زەمەنەی جاران نەدەکرد، کە بەردەوام ئازاری دەدام و ببووە بەشێک لە هەموو بیرکردنەوەکانم. ئەوکاتەش کە بۆ دوایین جار بردمیان بۆ ژووری لێکۆڵینەوە و پێیان وتم:
- ئەگەر ئیعتراف بکەی، ئێستا ئازادت دەکەین.
منیش وەک ئەوەی زیندان بە وێستگەیەکی کاتیی بزانم و ئازادبوونیش کارێکی مەحاڵ بێ، لەسەرخۆ بزەیەکم کردو وتم:
- تازە من لێرە راهاتووم.
لێکۆڵەرەوە، بەخێرایی و هەڵچوونەوە وتی:
- ئەگەر (١٠) ساڵ حوکم بدرێی؟!
یەکڕاست وتم:
- بۆ، خۆمن هیچ تاوانێکم نەکردووە؟!
لێکۆڵەرەوە وەک ئەوەی کورسییەکەی ژێری، ئازاری بدا، دەمودەست هەڵسایەوەو بەسەرما نەڕاندی:
خۆت دەبینیتەوە!



## فەرهەنگی ناوو
## نازناوو ناوو ناتۆرە

**عەبدولوەهاب شێخانی**

- پووخەڵە: پوخە: بێ نموود
کرێـی حەمـە قاوەچی پووخەڵـەو دەم و چاو کـرووزاوی.. خاک ـ ل٢٠٠
- ئەفنەش: کەپوو کورت بوو
کەریم ئەفنەش.
- خەوە: زۆر خەولێهاتووە. عەبدە خەوە
- پەڕۆ:
عەولا پەڕۆ.
- قیت مەڕۆ: عەولا قیت مەڕۆ.
- سمێڵ: سمێڵی گەورە بوو
سەعید سمێڵ.
گۆدەی: کەریمی گۆدەی- مێژوو-٢- ل١٤٣.
- جدەو: برینداربوونی پشـتی کەر هـەی بوونەی بوو لە چوار پێ یان بەختە کەرێکی شان جدەو خەڵکەکە هەر ئەودەم "جدەو" یان بە دواخست.
عوسمان جدەو جگە لەناو هێنانی بەرەجووتی خۆی غەوارە- ل٣١.
- گڕوی: گڕو: گەڕ
مەجید گڕوی... ئاواز- ل ١٦٨.
- چاوباز: عەلە چاوباز ـ غەوارە- ل١٠٨.
سینگ گولە: خدر سینگ گولە.
- تەنگاو: عومەر تەنگاو.
- هیشک: رەزیل: قرچۆک. خدرە هیشک.
پیس:. حوسێنە پیس.
- کدولە:. خدر کدولە.
- قوندیل: بەژن کورت
مەلا عەبدوڵلایەکی دیکەش "قوندیل"یان پێ دەگوت... ئامێر- ل٣٨.
- ناتـۆرەی پێچەوانە:. زۆر ناتۆرە لە هەندێ کەسـەوە نراون رێک پێچەوانـەی ناتۆرەیەکـە، کـە بـۆی دانـراوە، ئەمـەش جۆرێکە لە فەلسەفەی کۆمەڵ وەک:
١- شـەنگەس: لاوە بە عەزیزیان دەگوت کەسـێکی خێڵی روخسار خوریکاوی هەتابڵێی ناشیرین بوو.
٢- حەمەسپی: ئەو کابرایە هەتابڵێی رەش بووە وەک باینجان- سایە ل٩٠.
٣- حەمە جوان دەڵێن ناشیرین بووە- سایە- ل٩٠.
٤- ئەحمەدە چورچە وەک دەگێڕنەوە دەڵێن زۆر "قەرەو" قەڵەوبووە... سایە- ل٩٠.
٥- عەبدولرەحمان شێتە: هەتابڵێی عاقل بووە- سایە ل٩٠.
ناتۆرە بێ ناو
هەندێ ناتۆرە هەیە ناوی لەگەڵ ناهێندرێ بە تەنها بەکار دەهێنرێ جـا بۆ بنەماڵە بێت یان بۆ کۆمەڵە کەسـێک یان بۆ تەنها کەسـێک بەکاردەهێنرێ.
١- شان بەگوو:. ناتۆرە بوو بۆ بنەماڵەیەک.
٢- خەنجەر بەگو:. ناتۆرەیە بۆ بنەماڵەیەک.
٣- مستوریب:. چاوەش: زۆڕوەر.
٤- جل خوار:. تورک خواکانی پێ ناو ئەنرا، وشەیەکی گاڵتەو تانوت بوو لەلایەن کوردە نیشتیمانپەرورەکانەوە بۆ یان.
٥- جاش:. جحشک: خۆفرۆش بە بێگانە دژی میللەتی خۆی.
٦- چەڵاوخۆر:. بەگزیرو خولامی ماڵە ئاغاو دەوڵەمەندان دەگوترا.
٧- مەسینە هەڵگر:. مەرایی کەر.
٨- سـەرەخۆرە:. یـەک دوو زاوایـان مـردن ناویان لـێ نان ماڵی سەرەخۆرەی.
٩- فس فس پاڵەوان:. ئازای بەزارو بەکردەوە زۆر ترسنۆک.
١٠- سـمێڵ گێسکی قومارخانەی:. سمێڵێکی گەورەی هەبوو، بۆیە وایان پێ دەگوت.
١١- کڵاوچی:....دەپانـزدە لـەو رۆژە "کڵاوچیش لەگەڵ دەپانزدەی جێگەی سەید عەولایان گرتەوە- غەوارە- ل٨٢.
١٢- پەلە فیرە: کابرایەکی چارشـانەو بێ ئیـش هەبوو لەناو بازاڕ رادەوەستا پەلەفیرەیان پێ دەگوت،- ٢- ل٢١٨.
١٣- براکانـی لـێ کەوتنە تـۆپ و تەشـەر، ناوونیتکەیەکی زۆریان دواخست... گەدا- ل١٠٨.
١٤- قەلپـە:. لەوەتی دنیا دنیایە کوڕی کەس بووە لەبەر بەکاری و مزیری و شەیتانی ئەو ناوو ناتۆررەیان دزێوەی بەدواکەوت "قەلپە" ها غەوارە- ل٢٢
قەلپە خۆی هاوێشتە ئامێزی باوکی غەوارە- ل٤٥.
١٥- حاجـی دەپانزدە:. ناحەقی خەڵکەکە نییە، کە حاجی "دەپانزدە" یان ناولێ ناون- غەوارە- ل٨١.
١٦- دارەشکە:. وەک ناتۆرەیەک بە کورەچییەکان دەگوترا.
١٧- دێزە:.مرۆڤی بەدکار- دێزە، دێزەکە، ئائەوە دەنگی قەسپ فرۆش دێت- غەوارە- ل ١٧٥.
١٨- هەیتە: بێ حەیاو بێ شەرم
زۆر لەسەرو قسەزان و لەڕووبوو، بێ شەرم و پیاوانە بوو، کڵاوی لە مەق درابوو: ناحەقێکی بدیتبووایە لە سەر باوکی خۆی پازینەدادا، بۆیـە "هەیتە"ی بەدواکەوت، "ئامـە هەیتە" رۆژێک لەگەڵ مێردەکەی دەچێتە هەولێر- غەوارە- ل ١٦٤.
١٩- تەڕەماش:. رەنگە بڵێی: من کوڕی حاجی تەڕەماشیمە- غەوارە- ل١١٢.
٢٠- ماوەیـەک باس هەرباسـی حەمـەدۆک بوو، چ ماڵـە یارەی دا نەڵێن و چ ناووناتۆرێک ما لێی نەنێن، حەمەد گۆج، حەمەد یەک ڵا- حەمەدۆک-٢- ل٣٣ حەمەدە چگنی بستە باڵا- حەمەدۆک- ٢- ل٣٤.
٢١- پلینگ کوژ:. کاتی خۆی پشـلەی کوشـتبوو لەشەرمان دەیان گوت ماڵی پڵینگ کوژی.
٢٢- ئەو کەسەی لە ژنی بترسێ بەناوی ژنەکەیەوە بانگ دەکرێت. خەجێ.
٢٣- لباد:. لبادی لەناو مەرەگەی بووە زۆری جویوە لەناو دەعوەتدا وای زانیوە گۆشتە ناویان لێنا. "ک- لباد".
٢٤- سـە خۆر:. شەوێ سـەیان خواردبوو وایان زانیووە کەمتیارە ناویان لێنا "ماڵی سەخۆری".
٢٥- ریـوی خـۆر:. بـە زۆری ریویان دەخوارد، ناویـان نان "ماڵی ریوی خۆری".
٢٧- گوولـە:. پیـاوی بە ژن کورتی بێ نمـوودی زۆر لاوازی ژنی جوان بێت دەڵێن "گولە" لەکێوی تاتێ ئەللا بەڵکو بۆم بەجێ بێڵێ ئەم دوو لێوەقەیتانە پێم دادا بەم دەسماڵە گەر گوڵە پرسی کێیە رامژینە بڵێ منداڵە حەسەن زیرەک.
ئەحمەد گوڵە..... خاک -٢- ل١٧٥.



# حاجی مەمۆ: د. ئیحسان فوئاد، د. مارف خەزنەدارو د. عیزەددین مستەفا، پارەیان لەو قوتابییانە وەرنەدەگرت، کە هەژار بوون



حاجی مەمۆ

بـەدوای بەیاننامـەی ئـازاری ١٩٧٠ـەوە، یەکێک لە کارە جوان و دەسـت پێشکەرییەکانی ی. ق. ک، هەنگاوهەڵگرتنـی کردنەوەی زنجیرەیەکئۆردوگای (کەمپینگی) هاوینـەی قوتابیان بـوو لەچەند شـوێنێکی مەبەسـتداری وەک ناوچەکانی گەرمیـان و خانەقین و دەوروبـەری کەرکـووک و ناوچەکانی دیکەی کوردسـتانی خواروو. دەتوانم بڵێم یەکێک لەو سـەروەرییانەیە، کە بۆ تێکـڕای یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەوان رۆژاندا، لە مێژووی نەتەوەکەمان جێگای شانازییە و هیوادارم ئەو هەنـگاوە بەشـێوەیەکی مۆدرێن بۆ قوتابییە گەنجەکانمـان گیانی بەبـەردا بکرێتـەوە و وەک ئەزموونـی نەتەوەکانـی وەک جوو، فەلەستینی و ئەریتیرییەکان بکرێتە ترادیشـونێکی سـاڵانە و گەنجانـی نیشـتەجێی دەرەوەی کوردسـتانیش بەخۆوە بگرێ. سـاڵی دووەمـی خوێندنمـان لە بەغـداد بەسـەربرد و بەندە بـۆ هاوینـە لەپـاڵ دەیـان هاوڕێـی دیکـەی قوتابی لە نمونـەی ئازاد سۆڵاڤ و تارق جامباز و شەمال حەوێزی و ئازاد هەورامی نەمرو سـالار عەزیز و حەمـە قەراخی و زۆری دیکـە، کـە ناوەکانیانم لەبەر دەسـت نییە، بۆ ئۆردوگای هەشـەزینی نزیک بە سـەنگاوی کەناری گەرمیان بەشدار بووم. لەبیرمـە بەرەبەیانێکی زوو، لـە هەولێر لەگەڵ کاروانی قوتابیانی لقـی هەولێـر بەرێکەوتیـن، کـە سـەعدی پیـرە بەرپرسـی کاروانەکـە بـوو. یەکەمجار لەکەرکوک لە لقی قوتابیان بۆ چەند کاتژمێرێـک لاماندا و بۆ ئێوارەیەکـی درەنگـی ئـەو رۆژە گەیشـتینە گوندی هەشەزین، کە برادەرانی مەسـئولی ئۆردوگا و بەشـێکی زۆری بەشداربووەکان گەیشـتبوون. پاش یەکترناسین و کۆبوونەوەیەکـی کـورت کـە هـاوڕێ حەمـە قەراخـی وەک بەرپرسـی سـەرەکی ئـۆردوگا، سـەرپەرشـتی کۆبوونەوەکـەی کرد و رێنماییە سـەرەتاییەکانی بۆ باسـکردین و بۆ شـەوەکەی دوای ئەوەی پێخەفی نووستنمان وەرگرت و جێگامان لەسـەربانی ئـەو قوتابخانەیـە خۆشـکرد و لەپاش نانخواردنێکی بەکۆمەڵ، لەسـەربانەکە پاڵکەوتیـن. کـە دەبـوو بەیانی لەپێـش گزنگی خۆرەتـاو رابین و لـە گۆڕەپانی قوتابخانەکـە گردبینـەوە بـۆ خوێندنـی سـروودی بەیانـی و گوتـەی رۆژ و دابەشـکردنمان بەسـەر چەنـدان مەفـرەزەی دە پازدە قوتابی. بەیانی لەدوای ئەو کارانـەوە، هەریەکەمان سـەرو نانی گەرمی بەیانیمـان وەرگرت لەگـەڵ پێخۆرێکـی ئاسـایی و کوپێک چای. ئەوجا بـە رابەری یەکێکـی شـارەزا، هەر گروپـەو ملی رێچکەی ئەو گوندانەی گرت، کە دەبوو بەسـەریان بکەینـەوە. یەکێک لە شـتە خۆشـەکانی ئەو جاڵاکییە، ئـەوە بوو کە بەیانییان وەک مێروولە بەدوای یەکترییەوە رێچکەمـان دەبەسـت و بـەدەم سروود گوتنەوە رێگامان دەبڕی، بـۆ گەڕانەوەش هـەر بەهەمـان رێوڕەسم بوو. هەروەها لەوەش خۆشـتر ئەوە بـوو هەموومـان بەیەک گیانی کوردانەی کەم وێنەی ئـەم رۆژگارە، کـە دەگەیشـتینە هەر گوندێک، بەتایبـەت وەرزی دروێنـە و خەرمان کوتـان بوو، کـە لەو ناوچەیە جۆخیـن کۆتان بـە جەنجـەڕ و گێرەی وڵاخـان بـوو. دەقمـان بـەوە گرتبـوو، کامـە وەرزێـر و خێزان هـەژار و رووتەڵـە و بێکـەس بوونایە، یەکەمجار زبارەمان بۆ ئەو دەکرد و زۆرجاران، بەیـەک رۆژ کاری چەند هەفتەیەکمان لەکۆڵدەکردەوە و نیوەڕۆیەکەش بەنان و دۆیەک یاخود نـان و سـەرکە پیوازێک شوکرانەمان دەکرد و لەگەرمەی کارکردنی بەردەوامی بەر هەتاو، درێخی ئەوەشمان نەدەکرد، کە لەگەڵ ئەو جووتیارو کەسەکانی خێزانەکە، بکەوینە باسوخواسی ژیـان و گـوزەران و خەباتـی رەوای نەتەوەکەمان. کە دەتوانم بڵێم بـای دەیان کۆلکەکادیری نەخوێنـدەوار سـوودمان بـەو خێزانـە دەگەیانـد لـەرووی بەرچاوڕۆشنی و روونکردنـەوەی مەسـەلە گرنگەکانـی رۆژگار. بەجۆرێـک لەگەڵ خەڵک تێکـەڵ ببوویـن، کە هـەم ئێمە خۆمـان بەکەسـوکاری ئـەوان دەزانـی، هەم ئەوانیـش ئێمەیان بـە کوڕ و بـرای خۆیـان دەخوێنـدەوە. لەگەرمەی رۆژانی ئۆردوگادا، کە شەوانە تادرەنگانێ بە سیمیناری رۆشـنبیری هەمەجـۆرو چالاکی هونـەری و بـەزم و رەزمـی هەڵپەڕکـێ و گۆرانـی گوتنـەوە و رۆژی هەینیمـان بـە پشـوو و خـۆ شوشـتن و جلوبـەرگ خاوێنکردنـەوە بەسـەردەبرد. داخەکـەم لـە دووەم هەینی کـە زۆربەمان چووبووینە سەر ئاوی رووباری باسـەرە، کـە نزیک بە هەشەزین بوو، پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ کاروباری خۆمان جێبەجێ کـرد و بۆ ئـۆردوگا گەڕاینـەوە. ئێوارەکـەی کـە وەک رۆژانـی ئاسایی مەسـتاری ناوەکان کرا، یەکێکمـان بەنـاوی حەمەدەمین دیار نەبوو، کە هەر لە گروپەکەی ئێمە بوو و لە کاتی خۆشوشتنیش زۆر لـە مـن نزیک بوو، بـەڵام دوایـی نەمدیتـەوە، تومـەز بـۆ مەلەکـردن دوورکەوتبـووەوە و کەوتبووە قووڵایی رووبارەکەوە، کـە ئاوەکـەی زۆر تیژڕۆ بـوو. بۆ شـەوەکەی تەرمەکەی لەبنی گۆمێکـی قـوول دۆزرایـەوە و کۆسـتێکی ناخۆش بوو. بەدوای چەنـد رۆژێکـی دیکە بەنـدەش تووشـی مەلاریـا بـووم و زۆر بـە خراپی دەرشـامەوە و بەپەلە بـۆ کەرکووکیـان بـردم و دوای پشـکنینی پزیشـک و دەرمـان وەرگرتن، پزیشکەکە ئامۆژگاری کردم، کە دەبێ لەماڵ بحەسێمەوەو زۆر هاتوچۆی بەرهەتاو نەکەم و تێکەڵی ناو خەڵک نەبم. ئەوە بوو بـە ناچـاری گەڕامەوە هەولێـرو بـەدوای دوو هەفتە چاکبوومەوە و سەیرمکرد، ئۆردوگاش لەتەواو بووندایە. لەسـاڵی دووەمی کۆلێجدا، واتە ١٩٧١ بوو، ئێمەی ئەندامی پارتی باڵـی م. س لەکۆبوونەوەیەکـی فراوان لـە بارەگای لقی پێنجی پارتـی لەگەڕەکی ئەبو نـەواس، بەیەکجارەکـی تێکـەڵ بـە رێکخسـتنەکانی پارتی لە بەغداد بووینەوە. ئەو سەرشانەی بەندە و یـادی بەخێـر کامـل کەریمی کەرکوکی بـۆ دانرابـوو، ناوی کەمـال عەبدوڵلا بوو، کە خەڵکی شـاری دهـۆک بـوو، مرۆڤێکی هێجگار رەوشـت بـەرز و کورە هەژارێکی وەک خۆمان بوو، هەر لەیەکـەم کۆبوونـەوە، خۆی بـە شەرمەزار زانی، کە ئەو کراوەتە بەرپرسـی ئێمە، لەکاتێکدا چەند مانگێـک بـوو، هاتبـووە ریـزی رێکخستنەکانی پارتییەوەوئێمەش لەو کۆنترو بەئاگاتر لەکاروباری رێکخسـتن، دڵمـان دایـەوە و بەروحی ریازیمـان وەرگرتبوو. هەتا کامل لەگەل ئێمەبوو ( کە بە دوای چەند مانگێکەوە لە کۆلیجی پۆلیسی وەرگیرا و بەشی کوردی بەجێهێشت، هەڤاڵ کەمال هەموو هەفتەیـەک دەهـات و دەیگـوت، کامل کەریم کـەی کۆبوونەوەکە بکەین ؟ ئیتر کامل لەو ترسە چوو بۆ کۆلیجی ئەفسـەری پۆلیس و لەگۆڕینـی ناوەکـەی رزگاری بوو. بەدوای ئـەوە بەندە بۆ لای هەڤاڵێکی دیکە بەناوی فەتحوڵلا کەریم گواسـترامەوەو هەتاوەکو سەرەتای سـاڵی چوارەم، بەڵام نێوانم لەگـەل کەمـال و تێکڕای بـرادەرە بادینییـەکان هەرخۆش بوو.. هەرگیز لەبیـرم ناچێتەوە، یادی بەخێر مامۆسـتا عەلائەدین سـجادی کـە وانـەی مێـژووی ئەدەبی کـوردی پێدەگوتینـەوە، تـازە کتێبەکـەی ( مێـژووی ئەدەبـی کـوردی ) سـەرلەنوێ بەچاپگەیاندبـوو وە و هەڤال کەمالیش کـە زۆر بەلەنـگاز بـوو. خۆم کـە ئەو کتێبانـەم بە قوتابییەکان فرۆشتەوە کە دەبوو هەمـو قوتابییـەک بـە ناچاری بیکرێت. من لەلای خۆمەوە پارەم لە کەمـال وەرنەگـرت، کە ئـەو دەمـە ٧٥٠ فلـوس بـوو. چونکە کەمـال گوتی ئـەز ئەو کتێبـەم گەرەک نیبە و لەکتێبخانە قەرزی دەکـەم بـۆ خوێندنـەوەی. زۆر چاکم لەبیرە هەمـوو جارێک، کە مامۆسـتاکان، کتێبەکانی خۆیان بە ئێمە دەفرۆشـتەوە، بەتاتبەت دکتۆر ئیحسان فوئاد یادی بەخێر لەگەڵ دکتـۆر مارف خەزنـەدار و دکتـۆر عیزەددیـن مسـتەفا، هەمیشـە پارەیان لەو قوتابییانە وەرنەدەگرت، کە هەژار بـوون. کەچی ئـەو رۆژە کـە پـارەی بیست و چـوار کتێبم دایـەوە دەسـت سـجادی و پێـم گـوت، دانەیەکیشمان داوەتە قوتابییەکی هەژار و پارەمان لێوەرنەگرتووە، پەنچەی ناڕازیبوونی هێناو بردو گوتـی.. نابـێ دەبـێ پارەکەی ئەویش بژمێرن. منیش نەمهێناو نەمبرد لەگـەڵ پێدانی ئـەو ٧٥٠ فلوسـە لەگیرفانی خۆم وگوتم.. مامۆسـتا ئەگەر ئەو ٢٥ کتێبەت لـە بـازاڕی هەرکوێیـەک بـۆ بفرۆشـرایە، دوو ٧٥٠ فلوسـی زیاتریان لێتدەگێڕایەوە. کەچی دەسـتی درێژکـرد و ئـەو ٧٥٠ فلوسەشی خستە گیرفانی کەواو سـەلتەکەیەوە. بەڵام کەمال لـە شـوێنی خۆیەوە زۆر سـەرگران بوو، بە زۆر کتێبەکەی وەرگرت.

**بەشی چل و حەوت**

# کەمی خزمەتگوزاری شارەکەی سەرۆک کۆماری بێزارکردووە !!

**کازم عومەر دەباغ**

شـاری کۆیە یەکێکە لەم شـارە شـەهیدپەروەرانەی کوردستان هەمیشـە لەریـزی پێشـەوەی خەبات و تێکۆشـان بووە دژ بە سیاسەتە چەوتەکانی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق، هەربۆیە لەسـەر نەخشـەی ئـەم شـارە گلۆپی سـووریان داگیرسـاندو بەشـوێنێکی مەترسـیداریان زانیوە. لەگەڵ هەمـوو ئـەم قوربانی و نەهامەتیانەی، کـە ڕووبەڕووی ئـەم شـوێنە بۆتـەوە تائێسـتا خزمەتگوزاری پێویست پێشکەش بەم شـارە نەکراوە، کە لەئاست قوربانییەکانیدا بێت. ئەوەی کراوە زۆربەی بەسەقەتی لەلایەن دەستی نائەمین و دوور لە هەستکردن بە لێپرسراویەتی ئەنجامـدراوە، بـۆ سـەلماندنی راسـتییەکان هـەر میوانێک، کە بەم شـارە گوزەر دەکات ئەوان زیاتر پەرۆشی خۆیان دەردەخەن لەخەڵکـی ئەم شـارە، هەسـت بەمەغدوریەتی ئەم شارە دەکەن لەرووی کەمی خزمەتگوزاری. رۆژانـە لەسـەر لاپـەرەی رۆژنامـەکان کەمتەرخەمـی لێپرسـراوان بڵاودەکرێتـەوە لەئاست ئەم شارە، کەچی نە زۆر نـە کەم وەک ئەوەی ئەم شـارە هیچی نەکردبێت لێپرسراوان بێ دەنگیان هەڵبژاردووە !!! ئەگەرنـا بۆچـی ناپرسـن لەداخوازییەکانـی ئـەم شـارە؟ ئەمەی سـەیرو سـەمەرەیە لەم شارە چەند پرۆژەیەک بەسەقەتی کراوە، سەرجەمیان ڕووبەڕووی دارمـان و وێـران بوونەتـەوە، چونکـە بەدەسـتێکی نائەمیـن کراون، لەمانە میوانخانەی کۆیە پاڵاس ونەخۆشخانەی منداڵبوون، کە چەند سـاڵێکە کراون، ئێستا بوونـە بە بارەگای پێشـمەرگە. فەرمانگەی باری شارسـتانی و ئاوەدانکردنەوەو قشلەی کۆن و دووسایدە سـەقەتەکەی ئازادی و دووسایدە خواروو خێچەکەی هەرمۆتـە، کە بەجـادە خوارەکە بەناوبانگـە لەگـەڵ پردەکـەی ئاخیر زەمان، کە لەشێوی رەزان دروسـتکراوە، هیچ نەزانێک بەم شـێوەیە پرد دروسـت نـاکات، شارەوانی کۆیەش ماوەی زیاتر لە حەوت ساڵە شەقامێکی (٥٠٠) مەتـری لەناو شـار پـێ ئەنجام نادرێـت، بۆتـە هـۆی تێکدانی سـیمای جوانی ئەم شارە، باشە ئەگـەر ئەم پرۆژە سـادەیان پێ دوسـت نەکرێـت چـۆن بەڵێنی بەدووسـایدکردنی ڕێگای نێوان هەولێـرو کۆیەیان پـێ بە ئاکام دەگات ؟!!
لەمانـەش سـەیرو سـەمەرەتر ئامێرێکی تیشکی سەردەمیانە بۆ نەخۆشـخانەی ئەم شارە دابین کراوە، کە تەنها لە چەند وڵاتێک هەیـە، کەچـی لەبەرنەبوونـی شـوێن لەدەرەوەی نەخۆشخانە شوێنێکیان بۆ دروست کردووە، کە بۆتە مایەی گاڵتەی جەماوەر.
ئـەم پرۆژانەی کە باسـمانکردن هەر هەموویان لـەدوای حەوت شـتە سـەیرەکەی دنیـا ئەژمار دەکرێن !!
ئۆباڵـی خراپـی ئـەم پرۆژانـە دەگەڕێتـەوە بۆ کەمتەرخەمی و هەسـت نەکردنی لێپرسـراوانی ئەم شارە بە لێپرسینەوە.
بۆیـە تـا زوو پێویسـتە لێپرسـراوانی بـالای حزبـی و حکومـی داخوازییەکانـی ئـەم شـارە جێبەجێبکـەن و بەڵێنەکانیان بهێننەدی، کە لەکاتی بانگەشـەکردنی هەڵبژاردن لـە (٢٠١٠/٧/٢٥) دابوویـان بەجەمـاوەر، ئەگەرنـا رۆژان رۆژی لەدوایـە، جارێکـی دیکـە لەداهاتـوو تـۆپ دەکەوێتـەوە ناو یاریگای جەمـاوەر، ئەوکات وەڵامیان دەبێت چی بێت !!

بڵاوکراوەیەکی هونەریی تایبەتە بە یادی هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەک لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن
ژمارە ٢ - ١٤٣، ٢٠١٠/٦/٢٢ی زایینی

# حەسەن زیـرەک

# ژیانێک.. پڕاو پڕ لە داهێنان.. لێوانلێو لە دەربەدەری!؟



**دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن**

**یەکێ بێ گەورەبێ و بەڕەڵڵا بێ وەک منی لێ دێ و زەحمەتە چابێ**
**(زیرەک)**

**چونکە کوردبووم هونەر بۆمن هیچ بەهرەیەکی نەبوو.**
**(زیرەک)**

لە وڵاتێکدا کە ژێردەستە و پێ پەستەبێ و لەنێو میللەتێکدا کە دواکەوتەو لێخەوتەبێ، دەبێ حاڵی هونەرمەندی رەسەن و مەزنەکان چۆن بێت!؟ لیستی ناوی ئەو هونەرمەندە کوردانەی کە بە بێکەسی و لە هەژاری و بێکاریدا دواجار بە برسیەتی مردن. لیستێکی دوور و درێژە، هونەرمەندی گەورە "حەسەن جەزراوی" دواجار کەوتە سواڵکردن. هونەرمەندی گەورەو خاوەن دەنگی تایبەت، دەنگی تایبەتی ژنان "نەسرین شێروانی" دواجار لەبرسان و لەبەربێ کەسی شێت بوو؟ هەر لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا حاڵی "سەلاح داودە"ی ناودار لەوان چاکتر نەبوو!؟ مامۆستا عوسمان کۆیی دەگێڕێتەوە کە لەرۆژی جەژن چووەتە ماڵی هونەرمەندی مەزن "سێوە"ی مەقامبێژ و ناسراو، کەچی بەداخەوە ئەم هونەرمەندە لەم رۆژەدا واتە لەرۆژی جەژن نەک هەر خواردنی جەژنی نەبووە، بەڵکە نانی وشکیشی نەبووە، ئەوەی هەیبووە بۆ خواردن تەنیا دوو بایەنجانی رەش بووەو خستوویەتە نێو خۆڵەمێشی ئاگر و چاوەڕێ بووە بپژێ و لەجیاتی نانی رۆژی جەژن برسیەتی خۆی پێ بشکێنێ!؟ ئاخۆ هەر ئێستا کەمن خەریکم باسی هەژاری و برسیەتی هونەرمەندانی رابردوو دەکەم، چەند هونەرمەند و ناودار و زاناو داهێنەرمان ئەمڕۆ بەهۆی پێویستی جۆراوجۆرەوە "لەنێو ئەم قەومە بەسیتە"داو "لەنێو ئەم گۆمە لیخنەدا" خۆزگە بە مەرگی خۆیان بخوازن و کەسێ نییە لەنێو ئەم گۆڕە وێرانەیان دەربێنێ" نان.. لەکوێی؟ ئەگەر هەی وەرە سەر سفرەی هەمووان و ئەگەرنا هەر مەیێ!!

شاعیری گەورەی ئێرانی "ئەحمەدی شاملۆ" لە شیعرێکدا دەفەرمووێ: "زۆر گۆرانی ترم ماوە بیڵێم، ئەگەر غەمی نان لێ بگەڕێ" هونەرمەندی کورد نەک هەر تەنیا خەمی نان لێنەگەڕاوە هەموو گۆرانییەکانی خۆی بڵێ، بەڵکە زوڵمی دوژمنانیش رێگایان لێ گرتووە تا هەموو گۆرانییەکانی خۆی بڵێ! ئەوەتا حەسەن زیرەک "بەم زەمانی پیرییەوە" هەم غەمی نان و هەم زوڵمی دوژمنان سەر لە جەرگی دەنێن و دواجار تووشی نەخۆشی "جەرگە وشکەی" دەکەن.

رۆژێ کە "ئەبو سەباح" دەچێتە سەردانی زیرەک و بەم بۆنەیەوە کاسێتێک تۆماردەکەن و زیرەک لەوێدا دەڵێ:

- چایخانەیەکی ناخۆش و پەرپووت و عەجایەبم هەیە، ئەگەر بێن تەماشا بکەن، تەعەجوب دەمێنن، دەڵێن چۆن لێرە دەژی؟!
- نا پێم خۆشە کاسبی لێ دەکەم.
- هونەر لەنێو کورددا قەدری نەما.
- هونەر بۆمن بەهرەیەکی نەدا.

هونەر بۆمن کارێکی نەکرد بە شوێنی دابچم چونکە "کوردم" و بەزمانی کوردی، قسە دەکەم.

دواجار زوڵمی داگیرکەر ئەم کاسبییەی نێو ئەم چایخانە عەجایەبەشی پێ رەوا نابینن و بە "لێدان!؟" لەم شوێنەش هەڵیدەقەتێنن و بێ کار و بێ نانی دەکەن و جارێکی تر ئاوارەو دەربەدەری دەکەنەوەو لێناگەڕێن ژیانێکی سادەو ئاسایی بژی و هەردەم بەدوایەوە دەبن.

ئەگەر ئەمە ژیانی رۆژانی "پیری!؟" زیرەکە، با بزانین رۆژانی منداڵی و گەنجی چۆن ژیاوە، زیرەک لە چریکەی کوردستان بەم شێوەیەو بە شیعر ئازارەکانی ئەو سەردەمەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

**هەشت نۆ ساڵە بووم، بووم بە عەمەلە لە کارکردنا زۆر ئەمکرد پەلە لەم دێ بۆ ئەو دێ، لەم شار بۆ ئەو شار لەبەربێ کەسی کەوتمە ئەو هەلە تا پازدە ساڵە ئاوا کارم کرد مانگی شەش "تمەن" من بێکارم کرد براکەم گەورەبوو کچێکی رفاند ئەمنیشی تارکرد، هەر دێ و شارم کرد تاربووم، هەڵاتم رووم کردە سەقز بوومە چاوساغی مەلایە حافز مەلا چ مەلا بە توانج و بوختان لەجیاتی ئامانج کردیشمی بەدز**

ئێستاکە کەمێکمان بیست لە ژیانی هەژاری و ناخۆشی زیرەک هەر لە منداڵی و تا پیرییەوە، واچاکە لەمەودوا کە گوێمان لەدەنگی زیرەک دەبێ و دەنگە بە سۆز و شیعرە جوانەکانی سەرمەستمان دەکات. لەخۆمان بپرسین ئەرێ زیرەک کە ئاوا "چریکەی کوردستان"ە "گەلۆ ئەو هونەرمەندە مەزنە، چۆن ژیاوە، چی دەخوارد؟ چی لەبەر دەکرد؟ لەکوێ دەخەوت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە و زۆر پرسیاری تر لەبارەی ژیانی زیرەک واچاکە دیسان گوێ لە خوالێخۆشبوو "میرزا کەریم خۆشناو" بگرین، میرزا کەریم دۆستی گیانی بەگیانی حەسەن زیرەک، تا بزانین میرزا کەریم بەچاوی خۆی زیرەکی چۆن دیوەو بەگوێی خۆی چی لە زیرەک بیستووە، میرزا کەریم خۆشناو لە بەرگی یەکەمی کتێبە بە نرخەکەیدا دەنووسێ...




### من و زیرەک
### لە هاوینی ١٩٦٨

رۆژێک لە ئیش گەڕامەوە ماڵ، دیم ژنێک دانیشتبوو.

منداڵەکانم بەرەو پیرمەوە هاتن وتیان: ئەمە "رابیعە" خانمە ژنی "حەسەن زیرەک"، زیرەکیش لەگەڵ هاوڕێکەی تر چوونە دەرەوە تۆزێکی تر دێنەوە.

کە ئاوڕم دایەوە "رابیعە" خانم هەڵسابووە پێوە، منیش زۆر رێزم لێگرت و زۆر بەخێرهاتنم کرد.

لێرەدا دەمەوێ بڵێم زیرەک لە خۆشەویستی "رابە"ی پێ دەوت و خەڵکیش لە دەمی ئەوەوە بەم ناوەیان بانگ دەکرد، بەڕاستی "رابیعەخانم" زۆر بەوەفا بوو لەگەڵ زیرەک دا، ئەو خانمە چاکەش خەڵکی شارە خنجیلانەکەی "سەقزە"و لەکاتی نەداریدا شووی پێکردو زۆر شارەو شاری لەگەڵ کرد و زۆریشی هەوڵ و یارمەتی دا لە کاسبی کردن. تا دوا هەناسەی ئەم مرۆڤە هەرپێکەوە بوون و زۆریش ئازاو ژیرو پاک داوێن بوو تا نووسینی ئەم نامیلکەیەش هێشتا شووی نەکردبۆوە. رابیعە خانم هەر راوێستابوو وتم: فەرموو دانیشە. چۆنبوو وا رووت کردۆتە ماڵی ئێمە؟

وتی: ئێمە لە چایخانەی رەشە قەڵات نەماوین، زیرەکیش ئێستا بێ ئیش و کار دەگەڕێت.

ئێستاش هاتووین یەک ئۆدە خانوومان بۆ بەکرێ بگریت لەنزیک ماڵی خۆتان، چونکە ئێمە جارێ زۆر خەڵک ناناسین. جێگایەکیشمان بۆ جێبەجێ بکەیت بە کەڵکی چایخانەو چێشتخانە بێت.

بەڵام تا دەکرێت لە دەرەوەی شار بێت، زۆر شەرمەندەم بە ئیشی تۆش ناشێ، بەڵام لەتۆ رادەبینین.

لەجێ خۆی بوو رابیعەخانم بڵێت ئەگەر دەکرێت شوێنی کاسبیمان لە دەرەوەی شار بێت، چونکە لە راستیدا دەرەوەی شار خۆشتر بوو لەناو شار ئەویش مەبەستی ئەمەبوو کە ئەوەی بیەوێ بێت بۆ لای زیرەک دیارە بەتایبەتی ئەو هەموو رێگایە دەبڕێت، کە چاوی بەدیمەنە جوانەکەی سروشت رۆن بکاتەوەو هەندێک لە های و هۆی شار و دوکەڵە سوتاوی پاشماوەی ماشێنەکان خۆی بەدوور بخاتەوە هەندێک هەوای پاک هەڵبمژێ و هەندێک مێشکی بحەسێنێتەوە و ساتێک بە ئارامی راببوێرێ.

هەندێک بیرم لە ئۆدە خانووێکی بەتاڵ دەکردەوە کە گەورەبێت و دراوسێی چاکیش بێت، چونکە زیرەک میوانی دێت و لەوانەیە هەندێ جاریش لە ماڵەوە گۆرانی بڵێت تا دراوسێیەکان نارەحەت نەبن، بۆیە هەموو خانووێک بە کەڵکی ئەوان نەدەهات.

لەپاشان سەرم هەڵبڕی و گوتم: رابیعەخانم هیچ دڵگیرمەبە بە ئومێدی خودا هەموو شتێک جێبەجێ دەبێت، جارێ چایخانەیەک هەیە لە دەرەوەی شار لەسەر کانیوئاوێکی ساردو خۆش، ئەگەر هەندێک پارەی تیاخەرخ بکرێت زۆر خۆش دەبێ هەر بۆ ئەوە دەشێ کە گازینۆیەکی زۆر چاکی لێ دابندرێت ئەگەر زیرەک ئەم شوێنەی بەدڵ بێت.

رابیعە خانم وتی: دەی بە قوربانە ئەو شوێنەی دەڵێی بۆمان جێبەجێ بکە، وتم: بەسەرچاوم هەوڵ دەدەم بۆتان لە خاوەنەکەی بیگرم وابزانە ئەم کارە کۆتایی پێهاتووە بە ئومێدی خوا، ئەمەیان چایخانە. بۆ خانووش من چوار ئۆدە خانووم هەیە ئەو ئۆدە خانووە تر بۆ ئێوە تاکو خانووەکی خۆشتان بۆ دەگرم، لەم قسانەدا بووین کە "زەنگ"ی دەرگایان لێدا پاشان زیرەک و هاوەڵەکەم هاتنە ژوورەوەو سڵاویان کرد. ئێمەش هەڵساینەوە پاو دەست و مستمان لەگەڵ هەردووکی کردو زۆریش بەخێرهاتنم کردن، زیرەک وەڵامی دامەوەو زۆریش بە ئەدەبانەوە وتی: برا ئێمە بووین بە باری زەحمەت لەسەر ئێوە بمان بەخشن، منیش وتم: برام کاکە زیرەک "دار پیر دەبێت و جارێک باز لێی هەڵئەنیشێ" جا هونەرمەندێکی لێهاتووی کورد ئیشی بەمن جێبەجێ بکرێت "هەڵوەستەی بۆ ناکەم" و هیچ کاتێکیش تۆ باری گران نی بەسەر کەسانێک هونەردۆست بن، چونکە خۆت زۆرت خزمەتی هونەری کوردی کردووە، ئێمەش بەنۆبەی خۆمان بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین، هەرچی لەدەستمان بێت بۆتی دەکەین.

پاش پشوودان و چای خواردنەوە، باسی خانووی بەتاڵ و چایخانەو شوێنی کاسبی تیاکردنمان کرد، لەگەڵ زیرەک و هاوەڵەکەم و رابیعەخانم رووم کردە زیرەک و وتم: چایخانەیەک بەتاڵە جێگایەکی زۆر خۆشە بۆ چایخانە. بۆ چێشتخانە بۆ کاسبی شوێنێکی چاکەو لەم ناوچەیە وێنەی نییە بەتایبەت بۆ تۆ، چونکە دەزانم بە ئارەزووی دڵی تۆیە، بەڵام تا ئێستا شوێنی کاروانچیان بوو پێویستی بە هەندێک چاککردنەوەو پاککردن و چیمەنتۆکردنی دەوروپشتی هەیە.

هەروەها هەندێ دارو درەختی تیا بچێنی بۆ دیمەنی جوانتر و سێبەری زۆرتری هاوینی.

زیرەک وتی: ئێوە زووکەن ئەو شوێنەم بۆ بگرن جا دەبین چەند خۆشی دەکەم، وای لێدەکەم ناوبانگ دەرکات و خەڵک بەناوبانگەکەی بیدۆزنەوەو لەهەموو لایەکەوە رووی تێ بکەن، بە ئومێدی خودا. بەڵام بەداخەوە پووڵم زۆر کەم پێیە، پاشان بە زەردەخەنەوە وتی: ئەی ئێوەم بۆ چیە بۆ رۆژێکی ئەوها نەبێت. خۆتان دەزانن کە من قەت پووڵم نابێت لە مەسرەفی خۆم زیاتر بێت، چونکە دکتۆر بۆی نووسیوم ئەم قسەی کردو هەموومان پێکەنین هەربەدەم پێکەنینەوە گوتی: کاکە من شەنسم نییە پوولیشم کەمە.

پێش ئەوەی کە قسەکەی کۆتایی پێبێنێ وتم: کاکە هیچ غەم مەخۆ هەرچی لەتوانامدا بێت یارمەتیت دەدەم. نەک هەر منیش بەتەنیابم بۆ یارمەتی بەڵکو هەرچی دۆستی ئێمەو تۆ بناسێ ئامادەی خزمەتە، جا کەواتە وا بزانە ئیشەکەت جێبەجێ بووە، زیرەک وتی: باشە ئەم جێگایە هی کێیە؟ ئایا خاوەنەکەی وا بە ئاسانی ئەم شوێنەمان دەداتێ؟

منیش وتم: بەڵێ کاکە، خاوەنەکەی زۆر دۆستی منەو خزمی ئەم هاوڕێیەی لات دانیشتووەو زۆریش پیاوێکی چاکە.

هاوڕێکەمان وتی: کوا کێیە ئەو خزمەی من شوێنی وای هەبێ و کەڵکی زیرەک بگرێت؟

وتم: عاردەکە سەر رێگای جادەی گشتی کە ئەچێ بۆ مەرز لەخوار "دەمامە"و هی دەمامەییەکانیشەو لەسەر کانیو ئاوێکی زۆر خۆشەو لەدەست کابرایەک بوو بەجێی هێشتووە.

هاوڕێیەکەمان وتی: کاکە بەڕاستی جێگایەکی خۆشە ئەو شوێنەم هەر لەبیر نەبوو، وەک بڵێی بەتایبەت بۆ زیرەک دروست کرابێ زۆر بێ ئیرادە.

زیرەک کە ئەم قسانەی لەئێمە بیست، وەک گوڵ گەشایەوەو گوتی: کاکە کەی ئەم شوێنەم بۆ جێبەجێ دەکەن.

منیش وتم: کاکە خاوەنی ئەم شوێنە لە ماڵەوە کەوتووە زۆر نەخۆشە چووبوو بۆ راوە کەو لەکێوی سیانیزا نزیک عەودالان بەرامبەر بەدێی "سورێن" لەپڕ لەناو پووش و پەڵاشی کێوەکە مارێکی زل بەقاچییەوە داوە زۆریش نارەحەت بوو، بەڵام ئێستا چاکترە وەک بیستوومە چونکە منیش هێشتا نەچوومەتە لای هەر بەهیواشبووم سەری لێ بدەم، تا ئێستاش بۆم نەکراوە، تۆزێکی تر هەموومان دەچین بۆ لای من و تۆ و ئەم هاوڕێیە، وەک کورد دەڵێ:"هەم زیارەت و هەم توجارەت".

دەچین بۆ لێپرسینی و باسی چایخانەکەشی لەگەڵ دەکەینەوە، دڵنیام چاوی بەکاک "حەسەن زیرەک" بکەوێ زۆری پێ خۆش دەبێ و دڵی ئێمەش ناشکێنێ.

پاش ماوەیەک پشوودان هەرسێکمان هەڵساین و سواری "ماشێن"بووین و رووومان کردە دێی خاوەن چایخانەکە لەقەد کێوە رەنگینەکەی "بابۆس"ەو دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شارە خنجیلانەکەی بانە، دەمامە شوێنێکی زۆر خۆشەو سەیرانگای خەڵکی بانە بوو لەکاتی خۆیدا.

دەهۆڵ و زوڕنایان لەگەڵ خۆیان دەبرد، لەم شوێنە گۆڕەپانی وا گەورەو خۆشی لێیە جێگای زۆر کەسی تیادەبێتەوە، لەژێر داری گەورەی گوێز ئاوی ساردی کوێستانەو شنە شنی بای "شەماڵ" وای لێدەکردین کە چەند شەو و رۆژ لەم شوێنە خۆشە بمێنینەوە کەیف و سەیران و هەڵپەڕکێی تیابکەن و خۆیان و ئیش و کاریان لەبیر بچێتەوە.

کە گەیشتینە ناودێ لەنزیک ماڵی خاوەن چایخانەکە دابەزین و بەرەو پیرمان هاتن و زۆر بەخێرهاتنیان کردین و چووینە ژوورەوە.

کاک "کەریم بەگی دەمامە" کە خاوەنی چایخانەکەیە لەناو جێگا بوو چاوی بەئێمە کەوت ویستی هەڵسێ لەناو جێگا، بەڵام دەستمان خستە سەر شانی و نەمانهێڵا لەجێگای خۆی هەڵسێ، پاشان هەواڵی تەندروستیمان پرسی، ئەویش لە وەڵاما زۆر بەخێرهاتنی کردین و زۆریش بەهاتنی "حەسەن زیرەک" دڵخۆش بوو و وتی: کاک زیرەک تۆ ئێستا خەریکی چی؟ منیش بەهەڵمزانی لەباتی زیرەک وتم: ئەوەی راستی بێ کاک زیرەک بێ ئیشەو دەمانەوێ شوێنێکی بۆ بگرین ئیشی تیا بکات.

جا ئەگەر دڵمان ناشکێنی ئەو "کانی مەلا ئەحمەد"ە بەکرێی ساڵانە بیدە زیرەک دەیکاتە چایخانەو چێشتخانە و زۆریش خۆشی دەکات، ئەوەی ئێستا هەیە چایخانە نییە بەڵکو خانەی وڵاغە، ئەوە دەڕوخێنێ و هی تری پاک و خاوێن لێ دروست دەکات، بەڵام کاکە ئەمەشت لەبیرنەچێ حەسەن زیرەک ئێستا زۆر نەدارەو هیچی نییە، دەبێ ئێمەش بۆی جێبەجێ بکەین، جا تۆش دەبێ لەم بارەوە یارمەتی بدەی.

کەریم بەگ وتی: کە وەزعی "حەسەن زیرەک" وەکو باسی دەکەی ئەوهابێ بەسەرچاو بابچێت چایخانەکە ببینێ ئەگەر بەدڵی بوو و زانی بەکەڵکی دێت با بچێت و ئیشی تیابکات و ساڵانەی بەم نرخە"......".

منیش تەماشام کرد نرخەکەی زۆرەو بۆی هەڵناسێ وتم: ئەم نرخ زۆرە بۆ ئێستای زیرەک، چونکە دەبێ پارەیەکی زۆری تیا خەرج بکات تا دەیکاتە جێگایەک خەڵک لێی دانیشێ، لەم کاتەدا سەیری هاوڕێیەکەم کرد بەڵکو ئەویش قسەیەکی چاکی تیابکات بۆ زیرەک.


ئەم وێنەیە یەکەمین جارە بڵاودەکرێتەوە، لە ئەرشیفی د. مەولود


میرزا کەریم خۆشناو



# حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان Bedirxan لە واشنتۆن

## لە کوردستانەوە بۆ ئەمریکا

FROM BEDIRXAN'S 7TH FESTIVAL IN WASHINGTON, D.C.

# KURDISTAN TO AMERICA

JUNE 29, 2010 12-7PM
JUNE 30, 2010 1-9PM

## ESTABLISHING CULTURAL BRIDGES BETWEEN KURDS & AMERICANS

HOUSE OF SWEDEN
2900 K STREET NW
WASHINGTON, DC 20007
(202) 536-1500
HOUSEOFSWEDEN.COM/EN

دروستکردنی
پردی
ڕووناکبیری
لەنێوان
کورد و
ئەمریکییەکان
٢٩-٣٠/٦/٢٠١٠

شوێن: ماڵی سویدی
٢٩٠٠ک، شەقامی NW
واشتنۆن D.C ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا


بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای ڕاپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- راوێژکاری ڕووناکبیریی: د. ئازاد حەمە شەریف
- راوێژکاری کلتووری: د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی
- راوێژکاری مێژوو: د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور
- راوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
- راوێژکاری یاسایی: پارێزەر حوسامەددین یاسین سەرداری

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری

نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٦٦ ٩٦٤ +
مۆبایل: ٥٨٧٨ ٤٥٥ ٧٥٠ ٩٦٤ +

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا: کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە.
نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
- بەشی کۆمپیوتەر:
ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

بەدرخان
Bedirxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com
- سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا